



# کورتە مێژووی
# کەنیسەی کلدان

وەزارەتی رۆشنبیری

بەرێوەبرایەتی گشتی رۆشنبیری وهونەری سریانی

زنجیرەی رۆشنبیری سریانی(4)

– ناوی کتیب: کورتە مێژووی کەنیسەی کلدان

– ناوی نوسەر: مەتران لویس ساکو

– وەرگێران بۆ زمانی کوردی: جمیل عیسی

– نەخشە سازی ناوەرۆك: ایشو أویتر ایشو

– نەخشە سازی بەرگ: منتصر بویا توما

– 1000 دانە

– چاپی یەکەم : هەولێر 2009

– ژمارەی راسپاردن : 980 ساڵی 2009 لە بەرێوەبرایەتی گشتی کتێبخانەکان

چاپ کراوە لە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

مەتران لویس ساکو

# کورتە مێژووی کەنیسەی کلدان

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕانی

جەمیل عیسا

2008

هەواڵنامەی کتێب

# پێشکەش:

- پێشکەشە بەگیانی پاکی شەهیدانی ئەم ڕێبازە.
- خوا لێ خۆشبووان دایكو باوكم.
- هاوبەشی ژیانمو هاوسەرم دایكی ماریزابیل (جولیت توما).
- تاقانەكەم ماریزابیل.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی بۆ خوێنەری کوردی

خۆشحالم بەوەرگێرانی ئەم کتێبە بچووکە بۆسەر زمانی کوردی
بۆ ئەوەی رۆلەکانی هەرێمی کوردستان شارەزاییان هەبێت لەسەر
مێژووی کەنیسەی کلدانی وەبەشداریکردنی ڕۆلەکانی بۆ گواستنەوەی
زانیاری وزانست بۆ هەمووجیهان. کلدانی یەکان لەگەل برا کوردەکانیان
لەتەك یەکتری ژیاون وە هاوبەشیان کردوون لە خۆشی وناخۆشی دا،
وەهەولٚ وکۆششی باشیان داوە لە بەرگریکردن لە مافەکانیان وبوونیان
ودوارۆژی خۆیاندا.

گفتو گۆ کردن لەگەڵ ئەویترناساندن لەگەل یەکتری دا پەیوەندیەکان
توندو تۆل تر دەکات وجێیگری هاوبەشی دەکات لە نێوان رۆلەکانی
هەرێم وەکارا کردنی کۆلکە هاوبەشەکاندا.

وە بەو بۆنەیە وە لە قوولایی دلٚمەوە سوپاسی مامۆستا جەمیل عیسا
دەکەم بۆ وەرگێرانی ئەم کتێبە . وەهەروەها بەرێوەبەرایەتی گشتی
رۆشنبیری وهونەری سریانی لە بە چاپ گەیاندنی ئەم کتێبە.

ئومیدەوارم زۆرترین وەرگیران بکرێت بۆسەر زمانی کوردی.

**مەتران لویس ساکو**

کەرکوك 15 تەمووز 2009

هەواڵنامەی کتێب

# دەروازە

وەرگێڕان ئەو ئاوە پاك و سازگارەیە ، ناهێڵێت گۆمە مەندوو وەستاوەکان گەنیوبکەن و سەر لەنوێ نوێیان دەکاتەوەوژیانی نوێی بەبەردادەکات . لەڕێی وەرگێڕانەوەدەتوانرێت خۆراکێکی نوێ بەمێشکی خوێنەران بدرێت و ئاسۆی بیرکردنەوەیان فراوان بکرێت و ڕەتی ڕۆشنبیری بەرەو پێشەوە ببرێت .هەموو ئەو گەلانەی پێشکەوتوون،تەنها لەڕێی بیرو بەهرەی خۆیانەوە نەبووەن ،بەڵکو لەئەنجامی تێکەڵاو بوون و وەرگێڕانی جۆرەها کتێب و گواستنەوەی تەکنە لۆجیاو زانیاری یەکان توانیویانە شتێکی پێشکەوتووتر بخەنەکایەوە . هەموو ئەو گەلانەی کەپێشنەکەوتو ون ئەوانەن نەیان توانیوە تێکەڵ بەجیهان بن و زادەی بیرو بەهرەی نەتەوەکانی تر هەڵبمژن و سود لەپێشکەوتن و بیرو توانای گەلانی تر وەربگرن .

مرۆڤ پێویستی بەوەرگێڕان هەیە ، چونکە هەموو مرۆڤەکان بەیەك زمان نادوێن ، بەڵکو بەچەندین زمانی جیاواز دەدوێ ن و دەنووسن ، کەواتە وەرگێڕان باشترین ڕێگەیە بۆلەیەکتر گەیشتن لەنێوزمانە جیاوازەکان دا.

هەر لەدێر زەمانەوە لەئەنجامی تێکەڵاو بوونی مرۆڤەکان کاروان چی و بازرگان و تێکەڵاو بوونی نەتەوەکان گرنگی یان بەوەرگێڕان داوە بەشێوەی دەمەتەقێ،کەوەرگێڕهەب ووەچەند زمانێکی زانیوەوئەم

کارەی ئەنجام داوە ،واتا وەرگێڕانی سەرزار مێژووی کۆنە ،بەڵام
کۆنترین وەرگێڕانی نووسراو لەسۆمەری یەکانەوەبەجێ
ماوەکەلەشێوەی فەرهەنگ دایە چەند وشەیەك لەسەر پارچە قوڕی
سۆرکراوە بەزمانی سۆمەری نوسراوەتەوەلەبەرامبەریشی واتای
وشەکان بەزمانی ئەکەدی نووسراونەتەوەلەوڵاتی ئاشوریش
شاسەرجۆنی ئەکەدی کەسێ هەزارساڵ پێش زاین هەواڵی
سەرکەوتنەکانی بەچەند زمانێك بلاّو کردۆتەوەبۆئەوەی میللەتەجۆراو
جۆرکانی ئیمپراتۆریەتەکەی هەواڵی سەرکەوتنەکانی بزانن .گەلانی ڕۆژ
ئاوا چەندین سەدەیە بەك اری وەرگێڕانەوەخەریکن لەنێو گەلانی
دەوروبەریش وەك ( عەرەب ، تورك، ئەرمەن، فارس ) لەسەدەکانی
ناوەڕاستەوەجمو جۆڵی وەرگێڕانیان لاپەیدابووە ، لەنێو (کورد)یش دا
کۆنترین وەرگێڕ ( خانەی قوبادی ) یە (1754 –1672)
کەخەسرەوشیرینی نیزامی گەنجەوی لەزمانی فارسی ی ەوە وەری
گێڕاوەتەسەرزمانی کوردی .بەم شێوەیە لەناومیللەتی کورد یش
بزوتنەی پاچەڤە کردن پەرەی سەندوو لەسەدەی بیستەم دا
بەرەوپێشەوەچوو لەدوای ڕاپەڕینەشکۆدارەکەی (1991) زیاتر پەرەی
سەند ، لەڕۆژگاری ئەمڕۆشمان لەنش و نماو پێشکەوتن دایە . زۆرجۆری
وەرگێڕا ن هەیە لەوانە وەرگێڕانی ((وشەبەوشە،واتابەواتا _ناوەڕۆك
ومەفهوم،گێڕانەوە، شیکردنەوە، بەکورتکردنەوە ))چاکترین جۆری
وەرگێڕان کە (واتابەواتا )یە کەمەفهوموناوەڕۆکی دەقەکەبخرێتە
سەرئەوزمانەی کە بۆی وەردەگێڕدرێت ،چونکە لەهەمەوجۆرەکانی تر
زیاتر ئەمانەتی زا نستی تێدایە ، وەرگێربیرۆکەی
دەقەبنەڕەتەکەوەردەگرێت بێئەوەی پێکهاتەی ڕێزمانی

زمانەبنەڕەتەکەوەربگرێت ، بەڵکو بەپێی یاساو دەستورو‌پێکهاتەی ڕێزمانی دووەم دایدەڕێژێت . ئەم جۆرەوەرگێڕانە باوەو بۆخوێنەر بەسوودە ، لەم جۆرەیان وەرگێڕانەکە ڕستەو مەفهوومەنەك وشە ، ئەوەی جێی دڵخۆشی یە (مامۆستا جمیل عیسا ) ئەم ڕێبازەی گرتۆتەبەرو زۆربەجوانی لەگەڵ بنەچەو بنەمای دەقەکان مامەڵەی کردووە و کرۆك وناوەڕۆکەکەی بەزمانێکی شیرین وجوان و بەشێوازێکی سەرنج ڕاکێش و بەکوردی یەکی پەتی و ڕەوان وەری گێراوەتەسەرزمانی کوردی و هەوڵێکی باشی لەگەڵ داوە مایەی دەست خۆشی یە. ئەم (کتێب)ە گرنگی یەکی زۆری هەیە بۆخوێنەری کورد ،چونکە لەم بوارە وە وەرگێڕان کەم کراوە لەچاو بابەتە ئەدەبی و دەرون ناسی یەکان ، لەڕێی ئەم کتێبەوە خوێنەر زانیاری یەکی باش وەردەگرێ لەبارەی مێژوی کەنیسەی کلدان و ماوەی دامەزراندن و بلاّو بوونەوەی و ئەو سەردەمانەی کە کەنیسە پیای دا تێپەڕیوە، پێش هاتنی ئیسلام و چەرخی عەباسی و مەغۆلی ئەو بەسەرهاتانەی بەدرێژایی مێژوو بەسەر کەنیسە داهاتووە ، خراوەتەڕوو و درەختی دابەش بوونی ئەبرەشیەکان و پەیوەندی یان بە( پاپا )و ڕۆماخراوەتە ڕوو لەگەڵ بنچینەو بنەمای لاهوت و فەلسەفە لەئاینی مەسیحی و چەندان وردە بابەتی تری زۆربەسوودی لەخۆ گرتووە، کەزانیاری یەکی وردوو چڕبەخوێنەر دەبەخشێ،هیوادارین وەرگێڕ بەردەوام بێت لەسەر ئەم کارە بەرزەو قەڵەمی بەبڕشتی هەرلەکاردابێت.

هاوژین صلیوە

2008/12/12

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

دەستەی  ڕۆژهەڵاتی لە    ڕۆما داوایان لێ کردم     ،کە کورتە
مێژوویەکی هەمە لایەنە لەسەر کەنیسەی کلدانی بنووسمەوە      ، بۆ
بڵاوکردنەوەی لە چوارچێوەی ئەو پەرتووکەی ،کە بە نیازن دووبارە لە
چاپی بدەنەوە، بە ناونیشانی ( ڕۆژهەڵاتی کریستییانی–   Cattolico
Oriente). دوای ئەوەی ئەو کورتە باسەم نووسیەوە . بە باشم زانی
بەدرێژتر  بەزمانی عەرەبی بینوسمەوە    . وەك بەشداری کردنم بۆ
دۆزینەوەی ناسنامەی کەنیسەی   کلدانیو بچینەکانیو دەزگاکانی
لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی لە وڵاتی نێوان دوو                 ڕووبار
(بلاد مابين النهرين) هەتا ئەمڕۆ . بەپشت بەستن بە سەرچاوە بیانی
و سریانی  و عەرەبی  یە باوەڕ پێ کراوەکان  . بۆ سوود وەرگرتنی
ڕۆلەکانی گەلەکەمان . کە پێویستیان بە کورتەیەکی زانستی ئاسان
هەیە لە مێژووی کەنیسەکەیان، کە ڕەگو ڕیشەی کووتراوە لە قووڵای
مێژووی وڵاتەکەیاندا . لێرەدا کریستییانی  ڕۆژهەڵاتی پەیدابوو . بە
پەرستگاکان   یو ڕەبەنەکانیو فەلسەفەکەیو          سروتەکە    یو
ڕوحانیەتییەکەیەوە. لێرەدا دەرچوو  ە بەرەو هەموو ناوچەکان  . ئەم
خاکە ئاودراوە بە خوێنی شەهیدەکانیو قەدیسەکانییەوە
(پیاوچاکەکانییەوە). بۆ ئێمەی نەوەکانی ئەوان تەنها لەس  ەر چۆکو
پاڕانەوە نوێژ بکەین  . ناویان بە چاکە   بهێنینو یادیان بکەینەوەو

هەولێرامەی کتێب

بەردەوام بین لەسەر نامەکەیان (پەیامەکەیان ) بۆ هەڵگرتنی چرای ئیمان و شارستانیەتی خۆشەویستیو ئاشتی.

کەنیس ەی ئێمەی ڕۆژهە ڵاتی بەبێ هیچ هێزێکی دەرەکیو توانایەکی دیار ، دەسکەوتەکانی سەر ەکی:( لیتوجی، ڕوحانی، ڕۆشنبیریو تەبشیرییە) کەنیسەکەمان بەرهەڵستی مانەوەی کرد لەسەر ژیان سەرەڕای دابڕانو چەوساندنەوە ،لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بوو. تا ڕادەیەك بەسەربەخۆیی مایەوە، بەڵام بە هەزارەها شەهیدی بەخشی لە پێناو پاراستنی باو ەڕداری خۆیدا، کەنیسەیەك نەتەوەیی نەبوو بە واتای میسرییەوە ، بەڵکو گەلان و نەتەوەی جۆراو جۆری خستە باوەش خۆی هەر لەسەروو بەرزاییەکانی (مابین النهرين)و وڵاتی کەنداوی عەرەبی تا دەگاتە چین . کەنیسەیەك بە سێ شتی سەرەکی ناسراوە: (شەهید بوون لەژێر حوکمی فارسی، ژیانی خۆبەختکردن وەك (رەبەن)ی دوای چەوساندنەوە، مانەوەلەسەر باوەڕداری لە چەرخی ئیسلامیدا . کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئەمڕۆ ئەمانە دەگرێتەوە : (کەنیسەی کلدانی ،کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری ، کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی کۆن ). هیوای زۆرمان هەیە کە ئەم سێ لقە بگەڕێنەوە سەر ڕەگو ڕیشەی یەکەمیان . لەنێوان خۆیاندا یەکتری بگرنەوە . لەبەر ئەوەی بە لێك ترازان لەیەکتری زۆری لە دەستدا . تاوەکو ئەم هیوایە بەندکراوەی نییە تە چاکەکان نەمینێت لەسەرمان پێویستە هەنگاوی ئازایانەی بۆبدرێ.

بە پێویستی دەزانم، ئاماژە بەو مامۆستایانە بدەم کە بەخشینیان بە کەنیسەکەیان داوە. بەتایبەتی لەوانە : قەشە ئەلبێر ئەبونا ،کە کتێبەکانی بە سەرچاوەی خوێندکاران دادەنرێن ، قەشەی خوا لێ

خۆشبوو یوسف حبی قەشە بەترۆس حەداد . مەتران جاك اسحاق‌و مەتران سەرهەد جمو لە بواری سروت(تەقس ) دا. دەست خۆشی‌و لە لێکۆڵەرە ڕۆژهەڵاتناسەکان بکەم لە بواری ڕەخنەگرتن‌و زانستی دا ،لە بەرامبەریاندا سەرم دادەنەوێنم و سوپاسیان دەکەم، بەناوی هەموو ڕۆلەکانی کەنیسەی ڕۆژهەڵات، کە لەدوای خۆیان بەجێیان هێشتووە لە توژینەوەو لێکدانەوە ،کە تایبەتە بە مێژوویان‌و کەلەپووری جۆراو جۆریانەوە.

لەم کورتەیەدا بابەتەکانی کەنیسە دەنووسمەوە . نەك نەتەوە ، چونکە کەنیسە گەورەو فراوان‌و بەرین ترە (شامل) بۆ ئەوەی خوێنەر لە نزیکەوە کەنیسەکەی خۆی بناسیت ،کە خۆی تیای دا گەورە بووە . تاوەکو خۆشی بوویت‌و چاودێری بکات‌و شەونخوونی بۆ بکات . دەیخەمە ناو دڵی ڕووداوەکان بۆ ئەوەی لە یەك شوێندا نەوەستێ لە مێژوودا ، بەڵکو لە ڕەسەنایەتی دەربچێت بە پشت بەستن لەسەر هاوچەرخ لە پێناو بەردەوام بوون‌و مانەوە لەسەر باوەڕداری‌و پاکژیدا.

**تێبینی :** لە چاپی یەکەمدا هەندێ هەڵەی تیابوو لە ڕووی چاپەوە بۆیە بۆ جارێکی تر پێی د ا هاتمەوە سەر لەنوێ، لیستێك بەناوی بەترەکەکان و هەندێك وێنەی بەڵگەدارم بۆ زیادکردوە.

**دانەر**



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# دابەشکردنی کتێبەکە

1. ناونان.
2. ماوەی دامەزراندنو بڵاوبوونەوە تاوەکو هاتنی ئیسلام.
3. چەرخی عەباسییەکانو بزووتنەوەی وەرگێران (حركة الترجمة).
4. ح وکمی مەغۆلیو سەرەتای پەیوەندی کردن لەگەڵ ڕۆژئاوای کریستیانی.
5. بزووتنەوەی یەکێتی بە سەرۆکایەتی یوحەننا سولاقا.
6. سێ پشت لە بەتریکەکان.
7. یوحەننا هرمزو خەلافەتی کەلدانی.
8. لە چەرخی نۆزدەهەم تاوەکو ئەمرۆی ئێمە.
9. بیروباوەڕو قوتابخانە فەلسەفییەکان (لاهوتی).
10. هێلی لاهوتیو ڕوحانیەتی ڕۆژهەڵاتی.
11. لیتروجیا.
12. دامو دەزگاکانی ئێستا.
13. دوا ڕۆژو بەرهەڵستکاری.

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

# 1. ناونان

ئەو بەڵگەنامانەی کە لەبەردەستماندا هەیە زۆر نییە  و بە ئاستی جیا جیا هاتووە و باس لە کەنیسەی نەستۆری دەکات     ، بەهەڵە بە دەستەی ئەفسسی گرێی دەدەن و بە تاوانبارکردنی نەستۆر، لە ساڵی 431، بەڵام ناونانی مێژووی کریستیانەکانی وڵاتی  (مابين النهرين ) کە هەردەم کەنیسەی ڕۆژهەڵاتە(ܥܕܬܐ ܕܡܕܢܚܐ) The church of the East.

ڕەگو ڕیشەی کەنیسەی کلدانی بۆ کەنیسەی            ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە، کە کەلە پشت شورەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی گەشەی کردووە. ناسراوە بە کەنیسەی سریانی ڕۆژهەڵاتان، بەپێی ئەو شوێنەی کە لێی بڵاوکرایەوە    ، کە دەکەوێتە   ڕۆژهەڵاتی  ڕووباری فورات  . کەنیسەی فورس بەپێی وڵاتی فارسەکان    . ئەم ناونانە لە قوڵایی مێژووی وڵاتی  ڕافدین  Beth- Nahrain و شارستانیەتییەکەی چۆ تە خوارێ،بەڵام ئەو ناونانەی ئێستا، کەنیسەی کلدانی یا ئاشووری وەك ناونانی کەنیسەکانەوە تایبەتمەندی خۆی وە هۆکاری خۆی هەیە، کە تاڕادەیەك دواکەوتووە. سەرەڕای ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەتیو گەلانی مێژووی کۆن. زمانی سریانی زمانی بازرگانیو ڕۆشنبیری بووە لە  و وڵاتانەی  ڕێگای  حەریرکە تاکو ئێستاش ئاخاوتن بە شێوەزارەگشتییەکەی دەکەن. هەموو مەسیحییەکانی (کرستیانەکانی )

عێراق‌و باشوری تورکیا له کلدان‌و ئاشورییه‌کان‌و سریانه‌وه له ئێران‌و وڵاتانی کۆچ کردوو.

زاراوه‌ی: که‌نیسه‌ی (كلدان )یم به‌کارهێنا به فه‌رمی ،چونکه کۆمه‌ڵێك له ڕۆڵه‌كانی که‌نیسه‌ی ڕۆژهه‌ڵات ده‌گرێته‌وه، که ده‌گه‌ڕێنه‌وه بۆ که‌نیسه‌ی کاتۆلیکی . یه‌که‌م له قوبرس له ساڵی (1340)، له‌سه‌رده‌می پاپا موباره‌کی دووانزه‌هه‌م ، به‌ڵام ئه‌م یه‌ککگرتنه‌وه‌یه درێژه‌ی نه‌بوو . دواتر له ساڵی (1445) به‌هۆکاری کۆری فلۆره‌نسا له‌سه‌رده‌می ( پاپا ئ وجین چواره‌م ). ئه‌م ڕۆژهه‌ڵاته قوبرسیانه له پاشماوه‌ی دیله‌کان بوون . که ڕۆمه‌کان هێنابوویانن‌و له دوورگه‌ی قوبرس نیشته‌جێیان کردبوون. سه‌رجه‌میان ئه‌مانه له ناوچه‌ی ئه‌رزۆن هێنابوویانن . دووه‌م له‌سه‌ده‌ی هه‌ژده‌هه‌م، ئه‌و کاته‌ی که به‌تریکی کاتۆلیکی کورسییه‌که‌ی له‌دیاربه‌کر دانا (ئامه‌د– تورکیا ) ئه‌م ناونانه هات له ته‌نیشت که‌نیسه‌ی کاثو لیکی و ورده ورده نازناوی که‌نیسه‌ی کلدانی وه‌رگرت به‌سه‌ر ناوه‌کانی تردا زاڵ بوو . به‌تایبه‌تی دوای یه‌ککگرتنه‌وه‌ی هه‌ردوو کورسی کاثولیکی دیاربه‌کرو موسل له که‌سایه‌تی (یوحه‌ننا هورمز ) ساڵی 1828[1] به دڵنیاییه‌وه هه ندێك مۆری به‌تریکییه کانی (نه‌ستۆرییه‌کان )و شاهێدی گۆ ڕه‌کانیان نازناوی . که‌لدانی پێوه‌یه. ئه‌مڕۆکه به فه‌رمی ئه‌م نازناوه چه‌سپاوه له پاڵ کاثولیکی له ڕۆله‌کانی که‌نیسه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتدا.

(1) بروانه (ذخيرة الاذهان للاب بطرس نصري ) الموصل 1913 جزء2، ص374، وعن التسم يات حربنا الاهلية حرب تسميات، القس المهندس عما نوئيل بيبتو يوخنا فيز بادن المانيا، 2005.

هەولێرنامەی کتێب

## 1. ماوەی دامەزراندن و بڵاوبوونەوە تاوەکو هاتنی ئیسلام:

سەرچاوە کەمە لەسەر دروستبوونی کەنیسەی ڕۆژهەڵات . بەڵام لەسەرەتا مەسیحی یەت لەناوچەی (ڕەها ) بڵاوبووەوەکە (ئۆرفای ئێستایە لە تورکیا )، لەوێوە پەلی هاوێشت بەرەو شارەکانی دەورو پشتی نەسیبین بۆ ناوچەکانی (مابين النهرين) ، دەشێ بە ڕێگای تریش هاتبێتە ناوەوە، وەك تەدمور– حضر ، یا لە باشوورەوە لە ڕێگای کەنداو، لە کۆتایی سەدەی یەکەم[2] . وە سەرەتای سەدەی دووەم.


هەواڵنامەی کتێب

---

(2) طالع مقالنا: انطاكية كنيسة المشرق، بين النهرين عدد95، 96، سنة 1996، ص204- 216.

نەخشەی ڕێگاکان

بۆ هاتنە ناوەوەی مەسیحیەت بۆ (مابين النهرين)




بێ شك لە ڕووی مێژووییەوە کەوا ئەبجەرشای هەشتەم (176– 213) مەسیحی بووە. موژدە بەخشە یەکەمەکان هەلو مەرجێکی لەباریان بۆ ڕەخسا ،لە ڕووی زمانو ئایندا ، لەنێو ئەو جالیە جوولەکانەی کە لەوێدا هەبوون لە دەشتی نەینەواو هەولێرو بابل لە ئەسبات کە پاشاکانی ئاشوورییە کان بە دیلیان هێنابوون . پاشاکانی

ئاشوری:( تەگلت فلاسەر و شەلمناسر) دواتر نەبووخزنەسەری پاشا ی بابلی، لەویَ نیشتەجیَ کران و نەگەڕانەوە بۆ فەلەستین لەگەلّ عەزرا ساڵی 520 پ.ز ، بڵاوبووەوە، لەناو ئارامییەکانو فارسەکان . بەپێی دابونەریتی هەبووەو دەقەکانی پیاوانی ئاینیو لیتروجیا نێردراو توما یەکەم هەڵگری موژدە بەخشی بووە بۆ مەسیحیەت بۆ ئەو زەویانە ك ه لە ڕێگابووە بەرەو هندستان . ئوریجانس باس دەکات (185– 253) وە هەروەها ئوساپیوس قەیسەری دەگ ێڕێتەوە (HEXIII, 5. 32) [3] دواتر ئەدایو ماری بەدوای هاتن ،بەڵام ( ئەجای ، ئەح ای) ناویان نەهاتووە لە دەقی پیاوانی ئاینیو لیتروجیا، ناویان لەسەرچاوە درەنگەکاندا هاتووە. وەك کتێبی مەجدەل). ئەدایو ماری لەناوچەی (ڕەها )وەهاتن . ماری بە دامەزرێنەری فەرمی کورسی کەنیسەی ڕۆژهەلات دادەنرێت لە سالیقو قەتەیسەفون . دروستکەری کەنیسەی دایك لە (کوخی) لە ناوچەی (بوعیثا) لە نزیك دۆرەی بەغدا.

گروپێکی تری مەسیحی بەشداری بڵاوب وونەوەو موژدە بەخشی کردووە کە ئەو کۆچ کردووانەن لە فەلەستینەوە. لە ئەنجامی ڕاپەڕینی جوولەکەکان بەسەرۆکایەتی (بەرکۆکبا ) ساڵی (67) وە کاول بوونی شار لەسەردەستی فەرماندەی ڕۆمانی (تەیتەس ) ساڵی (70) ز سوتاندنی هەیکەل بە تەواوی. وە تەماشا دەکەین سێ لە سەرۆکەکانی

(3) وجود جماعة مسيحية في هذه المناطق كان واقعاً معروفا من قبل معاصري لوقا . الذي كتب سفر اعمال الرسل اعوام (80- 90) ولذلك ذكر من بين المجتمعين في اورشليم للعيد : الماديون والعيلاميون وساكنو مابين النهرين (اع 2/8).

ئەو  کەنیسەیە دەگەڕێنەوە بۆ خێ  زانی یەسوع   (یوسفی دارتاش  )
بەڵگەمان ئەوەیە کە لە گروپی پارێزگارانن لەسەر هێڵو          ڕێگەی
(یەعقووب) سەرۆکی کەنیسەی قودس  . کە  بە خزمی عیسا   (یسوع )
دادەنرێت ئەمانەن   :( ئەبریس، عەبرانی   )، لە خزمەکان  ی یوسف
دەسگیرانی مەریەم، ئیبراهیم خزمی یەعقوب ناسراو بە برای خواو ەند .
یعقوب لەبنەماڵەی یوسف دەسگیرانی مەریەم  ئەحادابوی کرایە  قەشە
لە کەنیسەی هەلسانەوە   (القیامة ) (المجدل ص 2-6). ئەم کەنیسەیە
پەیوەندی بەردەوام بوو بە ئورشەلیم تاوەکو سەدەی پێنجەم.[4]

ئەو دیلانەی ڕۆمان کە سوپای فارسەکان پێشەوایەتی دەکردن   ،
لەکاتی هێریشو   پەلامارەکانیدا، لە شارە فارسییەکان نیشتەجێی
دەکردن بەتایبەتی دیلەکانی ئەنتاکیاو قەلقیلیە       و شارەکانی تر،
چالاکییان لە بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت هەبوو، بۆ نموونە ئەمانە بە بیر
دەهێنینەوە شالاوەکانی شا    بووری یەکەم  (240– 270) لە هێرش   و
شالاوەکانی ساڵی (256) ژمارەیەکی زۆری دیل لەگەڵ خۆی هێنا بۆ
(بیت النهرین) لە ئەنتاکیاوە، وە لەگەڵ ئەوانەدا ئەسقەف دیمتریانس
بوو کە لە جوندیشابوور نیشتەجێی کردن.

---

(4)  يذكر القدس ايرونيس   (القرن الخامس ) في تفسيره لتبوه هوشع ما يلي   : ان الاسباط العشرة يعيشون حتى يومنا الحاضر خاضع ين لملوك فارس. يسكنون المدن والمناطق الجبلية . تأثير اورشليم واضح من خلال عدة مؤشرات الريازه الكنيسة، الليترجيا ، البركات اليهودية في قداس اداى وماري، تطوافات وطلبات، صلاة ختام الشهر، اقامة عيد لمارت شموني واولادها الذين استشهدوا في القرن الثاني قبل الميلاد.

لەسەردەمی حوکمڕانی شابووری دووەم کە ناسراوە بە شانو شەوکەوت (309– 379) مەسیحیەتی ڕۆژهەڵاتی نیشتەجێی شارە سەرەکییەکانی جۆراو جۆربوون . وە سیستەمێکی ئە سقەفی دیاری هەبوو. ئێمە چەند دەقێکی ئەدەبیو شوێنەواری کۆن دەدۆزینەوە کە ئەمەمان بۆ دەسەلمێنی (وەك ڕوونکردنەوەکانی ئەفراهاتی حەکیم (+ 346). هەستانی شابووری دووەم بە چەند شاڵاوێکی توند لە دژی مەسیحییەکان، وانییە ،وەك لێی تێگەیشتوون بە گشتی بە هۆکاری فەرمانی میلانو (ساڵی 311) کە لەلایەن قوستەنتینەوە دەرچوو بوو . بەڵکو بۆ ئامادەباشی مەسیحیەکان بۆ پشتگیری کردنی ئەو شارانەی کە کەوتوونەتە سەر سنوور، کە زۆربەی دانیشتوانەکانیان باوەڕیان بە ئاینی مەسیحیو مەسیحی بوون. لەبەر ئەوەی باش لە بیرو باوەڕی مەسیحیەتوسروت و ڕەوشتەکانیان نەگەیشتبوون . نوێژکردن لە شەوانەدا بە بەشداری کردنی نێرو مێ، ئامادە نەبوونی ان بۆ چوونە ڕیزی سوپاو پێشکەشکردنی سووجدە بۆ پاشاو میرەکانیان، ئامادە نەبوون بۆ یارییە گشتییەکانو ئیشو کارەکان لە هەندێ پیشەی دیاریکراو وەك: زێرینگەریو پەیکەرسازی، ئەم چەوساندنەوەیە ماوەی (40) ساڵی خایاند. کاتی یەز دەجوردی یەکەم حوکمڕانی کەوتە دەست (399– 422) هەندێك لەو گرژیە کەمبووەوە لە نێوان هە ردوو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیو فارس ، پەیوەندی ئاڵوگۆری نێردراوە دیبلۆماسییەکان دەستی پێکردە وە. هەندێك لەو نێردراوانە پیاوانی ئاینی سەرکردایەتیان دەکرد کە لەسەر ئاستێکی باڵا دابوون بۆ

دڵسۆزی یان بۆ نیشتمان زمان زان بوونو مەسرەفیان ك      ەم بوو [5].
مارۆثا سەرۆكایەتی دەكرد كە ئەسقە فی شاری (میا فەرقین )ی سەر سنوور بوو. دووتیمی نێردراو ساڵی (399) ساڵی( 408) درێژەی كێشا تا ساڵی (410). لەو ماوەیەدا زانیاری لەسەر مەسیحییەكان وەرگرت، دەسەڵاتی خۆی لای (یەزدەجورد ) پەیدا دەكرد . تا وای لیّ هات بە ئاشكرا ئازادی ئاینیو بۆنە ئاینییەكان وەدەست بێنیّ . توانی كەوا فرسەتێك بەدەست بیّ نی بۆ ڕێكخستنی مەڵبەندەكانیانو ك اروباری تایبەتی خۆیان هەروەكو لایەنەكانی تر. بۆ ئەوەی هێزو توانایەكی باش بە كەنیسەكانی ڕۆژهەڵات بدات . توانی كەوا ئامادەكاری كۆمكارێكی گشت گیری پێك بهێنیّ بۆ سەرجەم ئەساقفەكانی ئەو كەنیسەیە . لە ساڵی (410) كۆبوونەوە بە سەرۆكایەتی ( اسحاق جا ثلیق ) بەناوی ئەوەوە ناونرا، كە بە یەكەم جۆر لەو بابەتە دادەنرێت. لەم كۆمكارەدا (40) ئەسقەف بەشداربوو، سەرە ڕای سەرپەرشتیكاری مارۆ ثا دا. لەم كۆبوونەوەیەدا قەشەكان بڕیاری گرنگیان دا دەربارەی باوەڕداریو كارگێڕیو سروتی ئاینی. لەو بڕیارانە، وەك: قانوونی باوەڕداری نیقی، یەك سەرۆكایەتی كردن لە پیاوێكی گەورەی وەك ئەسقەفی مەدائن ، ڕێزبەندكردنی ئەبرەشیەكان.

ئەو كۆمكارانەی دواتر بەستران پشتیان بەو بڕیارانەی كۆمكاری دامەزرێنەر دەبەست. لە كۆمكاری ساڵی (220) و (424) سەر لەنویّ

---

(5) طالع عن هذه البعثات كتابنا:
Le Role de la Hierarehie syriaque orientale dans les rapports diplomatiques entre La perse et Byzance aux 5e- 7e sieeles paris 1986.

لەسەر یەك لایەنی سەرۆكایەتی كەنیسە بە توندی كرایەوە  . ئەوەی دوایی كە ناسراوە بە كۆمكاری دادیشۆع جاثلیق  بە بەتریرك ناسرا [6]، بۆ كورسی سالیق و قەتەیسەفون كە دواتر بە مەدائن ناو دەبردرا . لە بڕیاری (61) هاتووە: (جاثلیق دادیشوع ) كە سەرۆكایەتی كەنیسەی خوا دەكات... لە وڵاتی ڕۆژهەڵات، ئەو وەكو بەترۆس دادەنرێت ، كە سەرۆكایەتی نێردراوەكانی بوو . لە كۆمكاری ئاقاق ساڵی (486) سەربەخۆیی باوەڕداری خۆی دەرخست. بەم سێ كۆمكارە كەنیسەی ڕۆژهەڵات خۆی وەدەركەوت لە ڕووی كارگێری خ ودی تایبەتیدا،بەڵام ئەم كەنیسەیە وەك (لە دەرەوەی شوورەدا ) واتە دەرەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا، بەشێوەیەكی گشتی دابراوبوو بەهۆی باری جوگرافیای‌و سیاسیدا . نەیدەتوانی بەشداری بكات لە كۆمكاری مەسكۆنی كە لەناو ئیمپراتۆریەتەكە دەبەسترا.

ئەوەی دەربارەی خۆتێ هەڵ قوتاندنی قەشەكانی ڕۆژئاوایی دەگوترێ (كەنیسەی ئەنتاكیا ) لە كەنیسەی ڕۆژهەڵاتی كارگێریدا، بەڵگەی زانستی بێ توانایە . نامەی قەشەكانی ڕۆژئاوایی بۆ ڕۆژهەڵاتییەكانە كە ماروتا لەگەڵ خۆی هێنابووی لەگەڵ قانوونەكاندا، كەنیسەكانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پشتیا ن پێ دەبەست [7]. بەڵام لەبارەی باوەڕداری‌و فەلسەفەوە كاری ڕۆژئاوا لەسەر كەنیسەی

---

(6) وشەی جاپلیق بە مانای گشتی‌و گشتگیری دێت، بە تریرك باوكی گشتی كەنیسەی تەنیایە.

(7) طالع دراستنا عن رِسالة الاباء الغربين الى المشارقة، مجلة بين النهرين، عدد 36 سنة 1981، ص341.

ڕۆژهەڵاتدا هەبوو بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی   بە بەڕێز  (عیسای مەسیح) Christology. ئەم کاردانەوەیە بەهۆی گۆڕینی ئەو کتێبانە دەرکەوت لە کتێبەکانی قەشەکانی قوتابخانەی ئەنتاکیای مەزن        :
ثیو  دورس ئەسقەفی مەصیصە وە دیۆدورس ئەسقەفی قۆرش        .
کەنیسەی  ڕۆژهەڵات لەسەر کریستۆلوجیای ئەنتاکی بنیات نرا کە ئاراستەی لاهوتی بەرەو هەورازە     : واتە لە مرۆڤەوە بۆ خوا بە پێچەوانەی ئاراستەی ئەسکەندەری بەرەو خوار لە خواوە بۆ مرۆڤ. ئەم لاهوتە لە کۆمکاری ئەفسەس ساڵی (431) ڕەتکرایەوە، سەر لەنوێ لە کۆمکاری بیت لافات بە فەرمی  لە ساڵی  (481) سالیق– قەتەیسوفون (486) دامەزرایەوە.

بۆ یەکەم جار ناوی نەستوریوس لە ساڵی  (612) وە دەرکەوت  لە گفتوگۆیەکی نێوان دوو تیمی لاهووتی          : ڕۆژهەڵاتیو سریانی ئە رثوذوکسي   لەبەردەم شاکیسرای دووەمدا      . لە  ڕاستی دا کاردانەوەیەکی نەستوریوس لەسەر کەنی      سەی  ڕۆژهەڵاتی کەم دەبینرێت، بەڵکو کارتێکردنی  بەهێزو ڕاستەوخۆ ی ( ثیودورس )ی ئەسقەفی مەصیصە کە بە (مامۆستای مەزن) دادەنرێت.

کەنیسەی ڕۆژهەڵات سەرەڕای ئەو هەموو تەنگو چەڵەمانە هەردەم لەسەر هێل بوو لە ئامادەباشی خۆیدا، وەك بەشێك لە کەنیسەی گشتی (الکنیسة الجامعة  )، بەڵام بارودۆخەکانی لەبار نەبوون بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ کەنیسەی   ڕۆژئاوادا بە ژیانێکی دابڕاوی مێژوویو جوگرافیای ژیا زیاتر لەوەی باوەڕداری بێت.

له سه‌ده‌ی پێنجه‌م كه‌نیسه ی ڕۆژهه‌ڵات به‌شێوه‌یه‌كی فراوان بڵاوبووه‌وه له‌ناوچه‌كانی (بیت النهرین و وڵاتی فارس و هۆزه‌كانی توركی له ئاسیا ) ، به‌تایبه‌تی له‌سه‌رده‌می (جاثلیق ئابای یه‌كه‌م ) (540– 552) كه سه‌ردانی ئه‌سكه‌نده‌ریه‌و قوسته‌نتینیه‌و ئه‌نتاكیای كرد . چاكساز ی گه‌وره‌ی كرد : لیتورجی‌و ڕێكخستن بۆ ژیانی ئه‌كلیروس مه‌سیحیه‌ت گه‌شه‌ی كرد له وڵاتانی كه‌نداو . هه‌روه‌ك (بیث قه‌ترایی ) پێشكه‌شی كرد، كه زیاتر له چه‌ند میرنشینێك بوو له‌وه‌ی ئێستا، لاهوتی گه‌وره له‌وانه : (ئیبراهیمی قه‌ته‌ری‌و دادیشوع‌و ئه‌یوب‌و ئیبراهیم به‌رلیفی‌و ئیسحاق ئه‌سقه‌فی نه‌ینه‌وا).

به‌ڵام له سه‌ده‌ی شه‌شه‌م، ته‌ماشا ده‌كه‌ین كه‌وا بارێكی چاكسازی‌و هه‌ڵسانه‌وه‌و گه‌شه‌كردنێكی باشی به‌خۆوه‌دی به‌هۆی نش و نمای ژیانی دێره‌كان له‌گه‌ڵ ئیبراهیمی كه‌شكه‌ری (+ 588) وه چیای ئێزلا كه‌وتۆته ژێر كه‌نیسه‌ی ڕۆژهه‌ڵات، هه‌روه‌كو چیا ئه‌ثوس بۆ كه‌نیسه‌ی یۆنانی . هه‌روه‌ك بیری لاهوتی پێشكه‌شكرا به‌هۆی لێ كۆڵینه‌وه‌كان له قوتابخانه‌ی نه‌سیب ین (نصیبین ). به‌ڵام كه‌ن یسه به‌كاره‌ساته ڕاستیه‌كه‌ی زانی، به‌هۆی ئه‌و گفتوگۆیه لاهوتییه‌ی كه له‌سه‌ر فێربوونی ثیو دورس ئه‌سقه‌فی مه‌صیص ه‌وه، به فه‌رمانده‌ی به‌ڕێوه‌به‌ره‌كه‌ی مه‌لفان حه‌ننانای حه‌دیابی كه به‌رهه‌ڵستكاری كۆتایی ڕه‌هایی بووه. له لێكدانه‌وه‌ی په‌رتووكی پیرۆز، ئه‌م جیاوازییه له بیروڕ ادا وای كرد

بەشێك لە مامۆستاو قوتابییەكانیان واز بهێنن، دەڵێن ژمارەیان دەگاتە (300) كەس، لە ئەنجامدا كۆمكاری جاثلیق سبریشوع (596) مەحروم كردنی ئەوانەی ڕاگەیاند كە هەر كەسێ ڕەتكردنەوەی لێكدانەوەی ثیودورس‌و فێركردنەكەی بێت. كۆمكاری گریگۆریوس (605) هەڵسا بە ڕاگەیاندنی مامۆستای نموونەیی لەبەر ڕاستگۆیی بیرو باوەڕ لەم كەنیسەیەدا.

هۆكارێكی تر- پاڵی بە كەنیسەی ڕۆژهەڵات بۆ گەڵاڵەكردنی لاهوتی كریستۆلۆجی خۆی، ئەمیش بە دامەزراندنی سریانی ڕۆژئاوا مفریانا هەبوو لە تكریت، ئامادەبوونی كاریگەرییان هەبوو. بەهۆ ی دەست تێوەردانی جۆستینیانس ئیمپراتۆری ڕۆمانی (518- 527) بە چەسپاندنی بیرو باوەڕی كۆمكاری خەلقید ونیا لەسەر مەسیحییەكانی ئیمپراتۆریەتەكەی، ئەساقیفەكانی (الطبعیة الواحدة – یەك سروشت ) ڕوویان كردە مەملەكەتی فارسی و سەنتەری گرنگیان تیاكردە وە. یەك لە ئەنجامەكانی ئەو ڕوو تێكردنە گەشەكردنێكی بەرچاو سریانەكانی ئەرثوذوكسی بوو لەناوچەكەدا، قەشە (ئەسقف ) یعقوب بەرادعی ڕۆڵی كاریگەرو دیاری هەبوو، لە ساڵی (626) توانرا ئەم كۆمەڵە ڕێك بخرێت بەشێوەیەكی فەرمی (رسمی) لە لایەن باتریركی ئەنتاكیادا . لە ساڵی (612) شاكیسرای دووەم بە دیدارێكی لاهوتی ڕێكخست دەربارەی بیروباوەڕی هەردوو كەنیسەی برا. پاشا پێشتریش هەڵبژاردنی بەتریكی نوێی ڕۆژهەڵاتەكان قەدەغەكردبوو. كاروبارەكان لەلایەن بابای گەورە

وە ئابای ئەرکزیاقۆن لە ساڵی (608) بۆ ساڵی (628) بەڕێوەدەچوون .
لەو چاو بەیەك کەوتنە ژمارەیەك ئەساقیفەی ڕۆژهەڵات ئامادەبوون لەنێو ئەوانەدا (ئیشوعیابی جیدالی)و ڕەبەنەکان ، دیارترینیان کورکیس بوو لە چیای ئیزلا (پێشتر مەجوسی بوو ، ناوی میهر ئەنکو شناسب بوو شەهیدکرا) پێدەچێت ئەمانە پشتیان بە بیروراکانی بابای گەورە (551– 628) کریستولوجی بەست کە لەکتێبەکەیدا هاتووە، بەناوی (یەکێتی– الاتحاد ). لەسەر ئەوەش چاو بەیەك کەوتنە لاهوتییەکە کۆمکارێك نەبوو بۆ ئەساقیفەکان، بەڵام کەنیسەی ڕۆژهەڵات خستیە ناو تۆمارگەی یاساکانیو کۆمکارەکەیدا، ڕێکی خستەوە و پێداچوونەوەیەکی لاهوتی فەرمی پێبەخشرا .

شا کیسرای دووەم لە ساڵی (618– 619 ) هەڵسا بە داگیرکردنی فەلەستین ، لەگەڵ خۆیدا گەنجینەی خاچی مەسیحو قاپو قاچاغە پیرۆزەکانی هێنا میسری داگیرکرد، بەڵام هرقل ئیمپراتۆری ڕۆمانی توانی تێكو پێکی بشکێنێ (610– 614) کە بەخراپ بەسەر فارسەکاندا شکایەوەو بووە هۆی بەگژداچوونەوەی کیسراو کوشتیان . دواتر شا (ملكة )– بوران – هاتە سەر تەخت و بواری دا کەنیسەی ڕۆژهەڵات سەرۆکێك بۆ خۆی هەڵبژێرێت، لە ئەنجامدا ئەسقەنی بەلەد دەست نیشانکرا ئیشوعیابی دووەمی جیدالی، کە لەلایەن بوران شا دەست نیشان کرا بۆ سەرکردایەتی گفتوگۆی ئاشتی لەنێوان هەردوو پاشایەتیدا، چووە ناوچەی بەری ڕۆژئاواوەو گەنجینەی خاچی بۆ گوری

پیرۆز گەڕاندەوە. گفتوگۆی لەگەڵ ڕۆمانەکاندا کرد و پەیمانی ئاش تی لەگەڵدا ئیمزاکردن لە ساڵی (630).

بەڵام گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە باشوور ئەنجام درا ئەوکاتەی کە عەرەبە موسڵمانەکان گەمارۆی (مەدائن)یان دا لە ساڵی(637) لە شەری قادسیەدا وە یەزدە جردی سێیەم بەرەو ناوچەی مەروڕای کرد. لەساڵی (651) کۆچی دوایی کردووە و لەگەڵیا ئیمپراتۆریەتی فارسی ساسانی کۆتایی پێ هات. بەڵام جاثلیق ئیشوعیاب لەدوا فەرمانی دا ڕووی کردە شاری کەرکووك (قەڵای فەرمانده سلوقس ) کە لەساڵی (646) کۆچی دوایی کرد . ئەمە دوا بەتریك بوو بە چاوی خۆی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی فارسی بینی . یەکەم کەس بوو کە سەردەمی هاتنی عەرەبە موسلمانەکان بینی. مەسیحییەکان زۆر لەزولمو چەوساندنەوەی فارسەکانیان دیت بۆیە خۆ شحاڵ بوون بە هاتنی هێزە نوێیەکە و هاوکاریا ن کردن و بەرگرییان لە مافەکانی خۆیان کرد . بەڵام موسڵمانەکان پارێزگارییان لێ کردن بەرامبەر بە جزیەدان کە هەندێك جار زۆر قورس بوو.

# ئەو دەوڵەتانەی کە تیایدا بڵاوبووەوە

## (بلدان الانتشار)

مێژ وو ئەو شایەد  ییە دەدات بە چالاکی بێ وچانی موژدە بەخشەکان ی کەنیسەی  ڕۆژهەڵاتی تیا دامەزراو درێژبووەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور لە دورگەی سۆمترەو سیرلانکا  (سیلانی جاران ) و کەنارەکانی مەلاباری هیندیو چین لە پاڵ دوورگەی عەرەبی.

## حیرەو وڵاتانی عەرەبی

مەسیحیەت لە ڕۆژهەڵاتو لەناو هەندێ هۆزی  عەرەبیدا بڵاو بووەوە لەوانە هۆزەکانی (حیرە). کە فارسەکان میرنشینەکیان لەبەری ڕاستی ڕووباری فورات بۆ دروستکردن، ناسرابوون بە لەخمییەکان یان مەنازرە بۆ ئەوەی بنکەی بە یەك گەیشتن بن لەنێوانیانو نێوان عەرەبەکاندا ڕۆمانەکان میرنشینی غەساسینەی عەرەبییان دامەزراند لە وڵاتی شام بۆ هەمان مەبەست.

دەڵێن دیلەکانی  ڕۆمانی، ئەوانەی هورمزی یەکەم هێنابوونی (272– 273) ئەمانە بوون  ە مژدەبەخشی مەسیحیەت  . لە سەدەی پێنجەمدا حیرە بووە ئەبرشیەی ڕۆژهەڵات. ئەسقەفێکی هەبوو بەناوی هوشەع بەشداری کرد لە کۆمکاری ئیسحاق لە ساڵی (410). مەسیحیەت دەست بە بەهێزبوون دەکات لەسەر دەستی پاشا کەی بەناوی ئەمری القەیسی یەکەم (امرئ القیس الاول) دواتریش لە  سەردەمی نەوەکەی

(نەعمانی کوری مونذیر). بە مەحیرە بە سەنتەرە گرنگەکانی مژدە بەخشی دادەنرێت لەنێوان هۆزە عەرەبیەکاندا وە مەنازیرەکان بە بەهۆکاری گەورە دادەنرێن لە بنیادنانی دێرەکاندا ،وەکو دێری (لە ج) و دێری( مارت مەریەم)و دێری( هندی گەورە )و دێری (هندی گچکە ) و دێری ( جەماجم )و دێری (عەبدولمەسیح )[8]. دامەزراندنی کوفە لە ئیسلام دا بووە هۆی ئاوابوونی ئەستێرەی حیرە.

## هندستان

زۆر بە وردی مێژووی بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت لە هندستان نازانین، بەڵام بەپێی ئەوەی کە باوە تومای نێردراو یەکەم موژدە بەخشی بووە . لە ڕێگای وڵاتی (مابين النهرين ) تا ئێستاش مەسیحیەکانی مەلابار[9] دەچنەوە سەری، خورەوشتێکی کۆنە هە ەیە دەڵێت تۆمای قەنانی وا تەلەقەنای باشووری (مەدائن)ە لە عێراق ڕووی کردۆتە هند، لەگەڵ کاروانێك لە خـێزانەکـان سـالّی (345) لـەویّ

(8) محمد سيد الطريحي، الديارات والامكنة النصرانية في الكوفة وضواحيها، بيروت، 1981.

(9) مەلابار: ناوچەیەکە لە باشووری هند ئەمرو ناسراوە بە هەرێمی (کە برالا . مەسحیەکانی ئەم هەرێمە ناسراون بە مەسیحی تومای نێردراو (توما الرسول) وە لەژێر دەسەڵاتی کورسی ڕۆژهەڵات دابوون تا هاتنی لاتینی پورتوگالی لە سەدەی شانزەهەم وە تا ئێستاش لیتورجی ڕۆژهەڵاتی پەیرەو دەکەن ترجم کرا زمانی هەرێمی مەلایالم ).

نیشتەجێی بووە، لە Kottayam تا ئێستاش ئەم کۆمەڵە خۆی بە قنانای ناسراوە. بەڵام ئەسقە فیەکو کارگێرییەکی سەربەخۆ، هەڵسو کەوتەکانیان شێوەی خوورەوشتەکانی ڕۆژهەڵاتییە . گەریدە قزما Cosmas Indicopleustes لە ساڵی (553) بە بیرمان دێنێتەوە کە لە مەلاباری هندی ئەسقەفـێکی دیوە کە بەستراوە بە کورسی فارسی . ئەسقەفێکی لە جاوە دیوە . لەکاتی داگیرکردنی هند لەلایەن پورتوگالییەکانەوە عیساییەکان ئەسقەف ێکیان لەنێوەخایاندا لەم هەرێمە دانا. زۆر لە تقوسیو عادەتەکانیان گۆڕی بەسەریاندا سەپا ندن لە کۆمکاری دیامبر (1599) تقوسو شێوازی لاتینی.

بەم کارە هەندێك لە باوەردارانی مەلابار نیگەران بوون بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە، ئەنجام ڕوویان کردە بەتریارکی کلدانی بۆ چەند جارێك بۆ دانانی ئەساقیفەی کلدانی لەسەریاندا . بەتایبەتی لەسەردەمی بەتریاریك ئۆدۆ، بەڵام ئەمە شکستی هێنا بەهۆی سووربوونی کورسی ڕەسولی بە بەستنەوەی کەنیسەی مەلابار بەڕ ۆماوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ . لەبەرامبەر ئەمە ژمارەیەکی زۆر لەمانە ڕوویان کردە بەتریاریکی سریانی ئەر ثوذوکسی ئەنتاکی ساڵی (1665). بە دانانی ئەسقەفی سریانی و نیشاندانی خۆیان بۆ پەیڕەوکردنی تەقسی ئەنتاکی و داخوازیەکەیان بۆ هاتە جێبەجێ کردن و ناسران بە مەلانکار . وە کەنیسەی مەلابار بە سێ ملیۆنو نیو زیاتر لە باوەڕداران دادەنرێ . جگە لە ژمارەیەکی تر لەکەنیسەکان.

# چـين

باشترين ،بەڵگە بۆ گەیشتنی مەسیحیەتی ڕۆژهەڵاتی بەر ەو چين ئەو پەيكەرە دێرينەيە كە لە ساڵی(1925) دا دۆزراوەتەوە لە سيان فو لە كەرتی شانسی– كە لە ساڵی (781) دانراوە بۆ يادكردنەوەی گەيشتنی موژدە بەخشەكان لە كەنيسەی ڕۆژهەڵات بۆ سەرۆكايەتی ئيمپراتۆريەتی چين ساڵی (635). لەویَ ئينجيليان بڵاوكردەوە و كەنيسەيان تيا دروست كردوەو دێرو قوتابخانەيان تيا بنيات ناوەو ، كورسی ئەسقەفيەيان بۆ هاتە دی كە پەرتووكی مەجدەل بە زنجيرەی دوانزەی دادەنێت لە خشتەی ئەبرەشياتی باترياريكی بەغدا [10].

ئەم كۆتەڵە مێژوويیە لەبەردەو بەرزييەكەی دوو مەترەو (26) سم و پانايی (86) سم ئەستوريیەكەی(25) سم. لە بەشی سەرەوەيدا نيگارێك كێشراوە كە گەوهەرێكی بە نرخە ئاماژە بە گەوهەری ئينجيل دەدات (مەتا 13– 44) دەكەوێتە چوارچێوەيەكی پێنج پاڵو و، بە نەهەنگ دەورەدراوە، لە لوتكەيدا خاچێك هەيە لەسەر شێوازی ڕۆژهەڵاتی ڕەسەنی يەك لا يەكسان . لە چوار چێوەيدا تارمايی و گوڵێكو دوو چلەی بچووكو نۆ هێمای چينی كە دەڵێت :" كۆتەلی يادگاری بڵاوبـوونـەوەی ئایـنی ڕوونـاكــی كە لە مـەملـەكــەتـی تـاشـی

---

(10) طالع كتاب المجدل لعمر و صيلبا رِوما 1899، ص121.

داهاتووه– ڕۆژهەڵاتی ئێمە– لە ئیمپراتۆریەتی ناوەڕاست".

لە ژێرەوەیدا بە نووسینی چینیدا نووسراوەو پێك هاتووە لە (1900) هێما وە نووسینی سریانی بە هێلی ئەسترنجیلی . نووسینەکە بۆ سێ بەش دابەش دەبێت:

1. لاهوتی بیروباوەڕی.
2. مێژوویی.
3. تەقریزی (تقلایضی).

بەشە مێژووییەکەی ئاماژە بە هاتنی موژدە بەخشەکان دەکات ، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی موژدەی خۆش لەسەر خاکی چیندا . کە لە وڵاتی ڕۆژهەڵاتدا هاتووە پیاوێکی ئاینداره،کە ژمارەیەك کتێبی پیرۆزی لەگەڵدا هەیە، پێی دەڵێن (ئەلبن ) پێ دەچێت ئەم نازناوە چینییە بۆ ئەورەهام بێت / ئیبراهیم– بۆ وڵاتی چین لەسەردەمی ئیمپراتۆر ثا یۆ تسۆنگ ساڵی (635) ز، بۆ ئەو مەبەستە ئیمپراتۆر وەزیری یەکەمی نارد، دۆق فانگ هسواتلینگ بۆ پێشوازیکردنی ئەم میوانەو بردنی بۆ لای ئیمپراتۆ ریەتو کتێبەکانی کە پێی بووە . کە فەرمانبەرانی کتێبخانەی ئیم پراتۆریەت گو ریانە سەر زمانی چینی ،چونکە شکوادار خۆشحاڵ بووە بۆ خوێندنەوەو زانین لەسەر ئەم ئاینە بۆیە شەریعەتی خوا لە دە ویلایەت بڵاوبووەوە ئیمپراتۆریەت بە ئاشتی تەواو بەرقەرار بوو . شارەکان پڕ بوون لە کەنیسە ،ماڵەکان نقومی موژدەی ئینجیل بوون . دواتر ئاما ژە بە هاتنی م وژدە بەخشی تر دەکات.

**کۆتایی:** ئیمپراتۆری ئێستامان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچەلەکی مە زنی (تنگ) کە پاشای وڵاتە (780) ز ئەم شوێنەوارە لە ساڵی دووەمدا دروستی کردووە، لە فەرمانڕەوایەتی پا شایاتی خۆیدا. لە ڕۆژی حەوتەم لە مانگی یەکەمدا. واتە لە ڕۆژی مەزن (یەکشەممە 4 شوباتی 781ن) لەسەردەمی بەڕێز پیاوی ئاینی (هینگ شۆ) (بەتریرك حەنانیشوع) کە دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو بەسەر کۆمەڵی ئاینی ڕووناکیدا لە ڕۆژهەڵات بە تەواوی. بەدوای ئەو دێت بە سریانی: لەسەردەمی باوکی باوکان (مارحە نانیشوع جاثلیقي بەتریرك)و دوایی بەچینی: نووسراوە لەلایەن لەوهسریاسرین بەڕێوەبەری کاروباری گشتی لە نسیاشو ویلایەتی جکیاسنگ، بەسریانی: ((لە ساڵی (1092)ی یۆنانی (781ن) مار یەزدەبۆزید قەشەو خوری ئەسقەفی کەمدان کوری خوا لێ خۆشبوو میلیس قەشەی بالخ، شاری تاحورستان، ئەم کۆتە لە یادگارییەی دروستکرد)). دواتر بە زمانی سریانی ناوی ئەم کەسانەی خوارەوە هاتووە: ئەسقەفو خور ی ئەسقەفو ئە رکز یاقونو (24) قەشەو هەندێ ڕەبەنو شەماشەی ئینجیلیو نزیکەی (40) کەسی عیلمانی.

شایەدێکی ترمان هەیە لە گەشەکردنی مەسیحیەتی ڕۆژهەڵاتی لەسەر خاکی چیندا تا سەدەی سیزدەهەم. ئەمیش هەڵبژاردنی مەترانی پەکین یا بالاهای سێیەم بە بەتریك (1283- 1318) و دانانی هاوڕێکەی

ڕەبەن صۆما وەك سەرپەرشتیاری گشتی [11]. لەو سەردەمەدا زۆر لەناوچەکان دواکەوتوویی‌و بت پەرستی باڵی بەسەردا کێشابوون . ئەوەندە بەسە کە ئەکلیروس کەنیسەکەمان‌و گەلەکەمان یەکەم هە ڵگری ئالآی مەسیح‌و ناوەکە بوون بۆ وڵاتانی هندو چین‌و عەجەم[12]ارەیەك کەنیسەو ئەسقەفیەو دێریان تیا دروستکرد و بەرەو ڕێگەی حەریر بۆ سبەینیۆ‌و ڕێگای موژدە بردنی– ئینجیل . بەپێی ئەوەی لە پێشەوە باسمان کرد، دەتوانین بەپێی جوگرافیا ناوچەکانی سریانی ڕۆژهەڵاتی دیاری بکەین، ڕۆژهەڵات : بە وڵاتی فارس– ئێران ڕۆژئاوا بە دەریای سپی ناوەڕاست، باکور بە ئاسیای بچووك (تورکیا) ، باشور بە نیمچە دورگەی عەرەب‌و وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی وڵاتانی کەناری ڕۆژئاوا کە ناسرابوو بە بێت قطرایاو لە شارە گرنگەکانی : مەراغە، ئورمیۆ، سوسە، جوندیسابور، شوشتر، ئەهواز، ڕەها، نەصیبین، دیاربەکر– ئامەد، ماردین، مەجدەل، دهۆك ، اربیل، مرکا– مەرج، عەقرە، ئەلقۆش، نەینەوا– موصل، کەرکوك، حەلوان، تکریت، سامەرا، عانە، حە یثە ، ئەنبار، بەغدا (سالیق و قەتیسون )، حیرە، کشکر، میشان.

---

(11) مجلة بين النهرين عدد ، 7، 1974 قصة ماريا باهلاها الثالث والراهب صوما.

(12طالع:

Vincenzo poggi la steledi sian, popoli, N,1-1: gennaio 1980 Foster. J. The Nestorian tablet and hg mn I translated of chinese text. (Texts for Students No 41) mar Aprem Nestorian Missions Trichur 1976.

الخوري بطرس عزيز: الكلدان النساطرة في الصين (المشرق العدد 22، 5 تشرين الثاني 1904

## 3. سەردەمی عەباسیو بزوتنەوەی پاچەڤەکردن (وەرگێران):

مەسیحیەت بە گەشاوەیی مایەوە لەو ناوچانەدا، تاوەکو دوای فەتحی عەرەبی ، دەزگاکانی تیا مایەوە : قوتابخانەکانو نەخۆشخانەکانو دێرەکان. قەشەهەنری لا مەنسی یەسوعی دەربارەی بڵاوبوونەوە ی زمانی سریانی دەڵێت : لە کارە سەرسوڕهێنەرەکان بڵاوبوونەوەی زمانی ئارامییە کە لەسەردەمی سلوقییەکان لەوپەڕی فراوانی دابوو . هەروەك زمانی ئاسایی هەموو ئاسیای سامی بوو . مەبەستم لە سوریاو وڵاتی مابین النهرینو وڵاتی کلدانو عێراقو دورگەی عەرەب. عەرەبە موسڵمانەکانیش دەیانخوێند لەبەر زۆری سوودەکانی ئەم زمانە . بڕوا ناکەین کەوا زمانێکی تر، هەتا زمانی یۆنانی، هاوشێوەی زمانی سریانی بووبێت ، لە فراوانی بڵاوبوونەوەدا . مەگەر خوا تەنها ئینگلیزی لەسەردەمی ئێمەدا(13). ئەمما سەلیم مطر ڕوونی دەکاتەوە تا چەند کاریگەری سریانی لەسەر عەرەبی هەیەو دەڵێ : زمانی عەرەبی خۆی گەشەی بەخۆیدا، ڕێزمانەکەی پێکهێنا لە ڕۆشنایی ئەزموونی زمانی سریانی(14). ڕەنگە ئەو کاریگەرییە لە ئەنجامی ئەوە بووبێت دوای ئەوەی بەشێك لە ئارمییەکان (سریان) باوەڕیان بە

---

(13) مجلة المشرق سنة 1903 ص705- 707.

(14) سليم مطر، الذات الجريحة ط2، بيروت 2000، ص39.

ئیسلام هێنا، بوونە پاڵپشت بۆ یەکێك لە خێڵەکانی عەرەب یا بۆ یەکێك لە فەرماندە موسڵمانە گەورەکان.

کاتی کە عەرەبە موسڵمانەکان بەرەو ئەو وڵاتەی کە ئەمڕۆ بە عێراق ناسراوە هاتن، ئەو کاتە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی عێراق مەسیحی بوون، بەشێکی زۆریش لە دانیشتوانی ئێران دەخرێنە سەریان، ناسراون بە بڵاوبوونەوەی بەرفراوان هەروەك لە (مەسەلەی سینگانفـو، (چین)دا هاتووە) لە ساڵی (781) کە یادگاری هاتنی یەکەم تیمی موژدە بەخشەکانی ڕۆژهەڵاتی دەکات لە ساڵی (653). جاثلیق ایشوعیابی دووەم ئەسقەفیەی حەلوان لە (ئێران ) بەرزکردەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەسقەف ئەسقەفیەی هرات (ئەفغانستان ) ئەسقەفیەی سەمەرقەند (ئوزباکستان) و مەلابار (هند)و چین ئەمە ئەوە دەردەخات ڕادەی قولی گیانی نێردراوەکانی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتو ڕادەی بڵاوبوونەوەی فراوانی دا.

زمانی عەرەبی بە خێرایی بڵاوبووەوە لەو وڵاتانەی کە داگیرکران لەلایەن موسڵمانەکان (دار الاسلام) خەلیفەی ئەمەوی وەلید (705– 715) فەرمانی دا بەبوونی بە زمانی فەرمی بۆ کارگێری گشتی . ئەم کەش و هەوایە کۆمەڵایەتی– ئابووری– ڕامیارییە وای کرد کە مەسیحی یەکان بەکاری بهێنن، بەڵام زمانی سریانی وەك زمانی ئەدەب و تقووسی ئاینی مایەوە. خاوەن کتابەکان مەسیحی و جوولەکە و زەردەشتییەکان لە خاوەنی ژێر دەستە دەژمێردران (واتە لە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانەکان بەرامبەر بە ڕەتکردنەوەیان بە دانپێنان بە پێغەمبەرایەتی محەمەد). بە

مەرجێك نێرینەكان ئەوانەی كە بالق بوون جزیە بدەن. جزیەی كەسێك (سەرانە) هەندێك جار زۆر قورس بوو . لەسەر ئەوەشەوە بەسەریاندا سەپاندن لە هەندێك كاتی دیاریكراودا، جلكێكی تایبەت وە یازەنار ، لەسەدەی دووەمی كۆچی ئەم پرەنسیپە زیاتر ئالۆز بووەوە.

لە سەرەتای سەردەمی ئەمەویەكان پاتریركیكی فەرماندەی كەنیسەی ڕۆژهەڵاتی بەڕێوە دەبرد لەبیرو هەڵسوراندندا ئەویش ئیشوعیابی سێیەم بوو ناسراو بە (مەزن– العظیم ) (650– 658). پشتیوانی یەكەمی كورسی باتریاریكی بوو. چاكسازی زۆری كرد لەمانە لیتورجی. ڕەبەنی بەهرەدار عنانیشوب یارمەتی ئەو كارەی دەكرد. بۆ ئەو دوانە دەگەڕێتەوە دەربارەی ڕێكخستنی سالّی تەقسیو ڕێزبەندی نوێژەكانی فەرمی ( سەدڕە )، ڕێكخستنی ئاهەن گ گێڕانی فەرم ی بۆ نهێنییە پیرۆزەكان (الاحتفال بالاسرار المقدسة). لەنێوان ئەو ڕێبەندیە قەداسی (ئەنافورا) سیانیان لێ هەڵبژاردن: ئەنافورای ئەدایو ماری كە بۆ كۆتایی سەدەی سێیەمو سەرەتای سەدەی چوارەم دەگەڕێتەوە . دوەكانی تریش دەگەڕێنەوە بۆ ثیودورس ئەسقەفی مەسیسە . نەستوریۆس باتریاركی قوستەنتینیە كە بە یەك لە قەدیسە مەزنەكانی دادەنرێت.

دوای ئەوەی خەلافەت گواسترایەوە بۆ بەنی عەباس، پایتەختەكەی كەوتە ناو وڵاتی (مابين النهرين ) عیراق وە بەغدا دروستكراو شاری ئاشتی بووە پایتەختو مەلبەندی موسڵمانەكان

ساڵی(762)مەسیحییەكان بەشداری كاریگەریان هەبوو لە بنیادنانی

شارستانیتی هەرێمو جیهانی لەگەڵ عەرەب ە (ڕۆلە ئامۆزاکانیان ).
بارێکی دیاریان لە مێژووی تێکەڵاوی ڕۆشنبیری لە جیهانی بەناوبانگی ئەو کاتدا پێکهێنا، هەموو سەرچاوە مێژووییە دێرینەکانو نوێیەکان ئاماژە بە ڕۆلی کاریگەرو دیاریان لەکردەی وەرگێران و گەشەکردنی گەورە کە خەلیفەکانی عەباسی ڕابەرایەتیان دەکرد باس دەکەن . کە ژمارەیەکی زۆر لەکتێبەکانیان وەرگێڕان، لە زمانی سریانیو یۆنانی بۆ سەر زمانی عەرەبی، نموونەیەك بۆ تۆمارکردن بۆ بەشداری کردنی مەسیحیەکا ن لە دەولەمەندکردنی ڕۆشنبیری عەرەبی لە بەغدا لەسەردەمی عەباسییەکاندا. ئەدیبی بەناوبانگ (حنین کوری ئیسحاقی عبادی لە حیرە (نزیك کوفە ) زمانی زگماکی سریانی بوو هەڵسا بە وەرگێڕانی (39) کتێب لە یۆنانی بۆ سەر عەرەبی . لەهەمان کاتدا (95) کتێبی وەرگێڕا بۆ سەر زمانی سریانی بە تاکو تەنیا [15]. مەسیحییەکان تەنها ئامرازی گواستنەوە نەبوون ، بەڵکو توخمی داهێنانی ڕاستەقینەبوون، زۆر شتیان خستە سەر ئەو گواستنەوەیەو کارامایی و شارەزاییەکانیان، دارشتنەوەو گەشەسەندنو لقو پۆپی زیاتریان بۆ عەرەبو موسڵمانەکان زیاد کرد . وە لە ڕێگای ئەمانیشەوە بەگشتی جیهان سوودمەند بوو لە زانستەکانیان.
مەسیحییەکان کاریان دەکرد لە بوارەکانی خواییو فەقیهیو فەلسەفیو مەنتیقو سروشتیو دوای سروشتیو بیرکاریو زانستی فەلەکو پزیشکی

(15) جورج قنواتی، المسیحیە والحچارە العربیە، ص103.

و فیزیك‌و لكیمیاو ئەندازیاری‌و بیناسازی‌و میوزیك‌و ئەدەب‌و كشتوكاڵ‌و بازرگانی. چالاكییەكانیان لە بواری ئابووری‌و ڕۆشنبیری‌و بازرگانی‌و كۆمەڵایەتی كاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر دەوڵەتی فارس و دواتریشی عەرەبی . بەتایبەتی لەسەردەمی عەباسییەكان دا كە ڕۆڵی كاریگەرو بەرچاویان گێرا لە گواستنەوەی چونایەتیدا. كە ئەم خەلیفانە بایەخی زۆریان بەزانست‌و ڕۆشنبیری دەدا و پشتگیر ی زاناو بیرمەندەكانیان دەكرد و تیمێكیان ڕەوانەكردو بۆ كۆكردنەوەی كتێب‌و گۆڕینیان . بە پارەو دیاری نقومیان كردبوون وەك یاداشت بۆ بەربەرەكانی كردن لەنێوان تیمەكان و لە پێنا و بەرهەم هێنانی زیاتردا . عەرەبەكان سوودیان لەم بەرهەمانە وەرگرت . وەك میراتێكی شارستانی لە پرنسیبی یەكەكانی فەقیهی مەسیحی ڕۆژئاواش سوودیان لەو وەرگێڕانانە وەرگرت كە لەڕ ێگای ئەندەلوس‌و دورگەی سەقەلید گواسترایەوە بۆ سەر لاتینی لە پێكهێنانی لاهوتی قوتابخانەكاندا. لەنێو ئەو بیرمەندە مەزنانەوە بۆ نمونە بختیشوع‌و خێزانەكەی لە قوتابخانەی جندیشاپوری پزیشكی كە خۆی و كوڕەكانی خزمە تی چەند خەلیفەیەكیان كرد. وە حزین كوڕی ئیسحاق (+ 873) سەرەڕای جاثلیق طیمثاو سی گەورە (780– 832) كە وەرگێڕێكی گەورە بوو ، خەلیفە مەهدی بە چاوێكەوە سەیری بوارەكانی ئاینی دەكرد : مەسیحی‌و ئیسلامی، توانی كورسی باتریركی بگوازێتەوە بۆ بەغدا . ئەم پاداشتە تەنها بۆ ئەو كەنیسە یەی بەخشی . ژمارەیەك لە نووسراو كە بۆ سەرجەم بوارەكانی ئاینی‌و بیرو هۆشی نووسیبوو كە تیایدا فراوانی

بیرو تواناکانی دەردەخات لە بەڕێوەبردنی کەنیسەو پارێزگاری کردن لە کەنیسەدا . ئەوەی سەرنج  ڕاکێشەرە ئەو گەنجینە ئەدەبیی  ە تەنها ئەکلیریکییەکان بۆ خۆیان قورخ نەکردبوو ،بەڵکو علمانییەکی زۆریش‌و قسەکەرەکانیش  (لاهوتییەکان ) لەسەر لاهوت‌و فەقیهییان نووسی    . لەسەر ئەوەیەوە کە سیاسەتی عەباسییەکان بووە هۆی ژمارەیەك لە مەسحییەکان باوەڕ بە ئاینی ئیسلام بهێنن‌و ببنە موسڵمان      . بەڵام کەنیسەی ڕۆژهەڵات ناسراوە بە بڵاوبوونەوەی فراوان لە زۆر لەوڵاتاندا . بووە هۆی دامەزراندنی ئەسقەفیە لە دیمەشق‌و قودس‌و ئەسکەندەریەو دورگەی قوبرس‌و وڵاتانی کەنداو. ڕەبەنە نێردراوەکان ڕێگای ح ەریریان گرتە بەر لە پاڵ ئینجیل زمانی سریانی‌و لیتورجی ڕۆژهەڵاتیان هەڵگرت بۆ ئەو شوێنانە.

## 4. حوكمی مەغۆلیو پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوای مەسیحی:

باری مەسیحییەکان لەسەردەمی مەغۆلییەکان لەسەریەك ئاست نەبوو . هەندێك لە پاشا کانیان مەسیحییەتی قبول دەکردو خۆی وا نیشان دەدا کە سۆزدارە لەگەڵ کەنیسەدا . هەندێکیان وەك سوڵتان ئەحمەدو قازان ڕقەبەرایەتیو بوغزاندنی مەسیحییەکانیان کردو کەنیسەکانیانو دێرەکانیان لێ کاول کردن بە دڵنیاییو هەوڵی مژدە بەخشە ڕۆژهەڵاتناسەکان کێشەو گرفتی زۆریان تووش بوو لە چینو تبت بەهۆی گۆڕانکاری لە حکومەتەکانیان دا ،بەڵام لە هەوڵو کۆششەکانیان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە ناوەڕاستی گەلانی مەغۆلی . کاتێك جەنگیزخان ئەو ناوچانەی داگیرکرد لەسەدەی سێنزەهەم بەغدای داگیرکرد لە ساڵی (1258) مەسیحیەتی ڕۆژهەڵاتی بڵاوبووەوە لەنێوان هۆزە مەغۆلییەکاندا، کاتێك چینی داگیرکرد مەسیحیەتی ڕۆژهەڵاتی گەڕایەوەو گەشەی کرد تیایدا عبدیشوع (+ 1318) لیستی بیست سەرۆکایەتی ئەسقەفیمان بۆ تۆمار دەکات، دووسەد ئەسقەف لەژێر دەسەڵاتی جاثلیقی ڕۆژهەڵات . وە کاتێك تەیموریلەنگ (1396– 1405) هاتو هەموو مەغۆلستان بوو بە موسڵمان، ڕقیان بە مەسیحییەکان داڕشتو بە دوایان کەوتن، ناچاربوون ڕوو بکەنە کوردستانی شاخاوی، بەڵام موژدە بەخشە ڕۆژئاواییەکان، ڕوویان کردە ڕۆژهەڵات لەگەڵ داگیرکردنی خاچ دروشمەکان بۆ خاکی

پیرۆز، یەکەم پێك گەیشتن لە نێوانیانو نێوان ڕۆژهەڵاتییەکان ڕوویدا، ئەو کاتەی کە ڕەبەنەکانی فرنسیسکانو کبوشیونو دۆمنیکان بۆ ئەو ناوچانە هاتن: بەسرەو بەغداو موسلو ئامە و خەلکیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا بەهۆی پزیشکییەوە. وە لەناو ئەو نێردراوە بەناوبانگانە لەمانە: ولیم ئوف ڕبروك (William of Robruk +1270) و ڕیکوردو دی مونتی کروجی ( Ricordo Da Montecroce +1320) و جیوفانیی دی مونتیکورفینو ( Goivannida Montecorvino +1328) لە ساڵی (1340) پەیوەندییەکی تری ڕاستەوخۆ دروست بوو کاتێك کۆمەڵێك لە مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتی لە قوبرس چوونە پاڵ کەنیسەی کاثو لیکیو خۆیان بە کلدان ناساند . ئەم یەکێتییە لەگەڵ کەنیسەی ڕوما نوێ بووەوە لە ساڵی (1445) کاتێك کە مەترانەکەیان طیمثاوس ئەسقەفی طرسوس ڕایگەیاند لەسەردەمی پاپا ئوجینی چوارەم (1431- 1447) یەکێتییەکە لە ئەنجامی بەستنی کۆمکاری فلورەن سا- فیرارا یەکگرتوویی (1438- 1445) وە طیمثاوس نازناوی سەرۆکی ئەساقفەی کلدانی نیشتەجێیەکانی قوبرسی وە دەست هێنا . "Archiepseoporum Chaldeorum, quiin Cypro-Sunt"، بەلام ئەم یەکێتییە زۆری نەخایاند دوای کۆچکردنی طیمثاوس (1489) کە بووە هۆی توانەوەی ڕۆژهەڵاتیەکان لە کۆمەڵی کاثولیکی خۆ جێی لاتینیو مارونیدا.

دیبلوماتە مەغۆلەکان پەیوەندیان بە ڕۆژئاواکرد، ئەوەی زیاتریش بەناوبانگ بوو لەنێوانیاندا ویکۆر وەیاخود ڕەبەن برصوما بوو کە


یاریدەدەری جاثلیق ماریهبا لاهای سێیەمی مەغۆلی بوو (1291– 1317)
شای مەغۆلی ئەرغو ن خان بە وەفد نارد بووی بۆ لای ئیمپراتۆری بێزەنتی لە قوستەنتینە، ئەندرو ثیکوسی دووەم. بۆ شای فەرەنسا فیلبی چوارەم، شای ئینگلتەرا ئەدوەری یەکەم، بۆ پاپا نیقولاوسی چوارەم (1288– 1292). بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەشی لە پێناو ڕزگارکردنی خاکی پیرۆز، جەنگ ی خاچ دروشمەکان لەوپەڕ ی توندی دابوو، بەلاّم هەولّەکانی شکتی هێنا . لە ڕۆما برصوما ئاهەنگی گیرا بە قەداسێك لە کەنیسەی مار یوحەنای لاترانی بەپێی تەقسی ڕۆژهەلاّتی . پاپا ئامادەی بوو خواردنی قوربانی لە دەستەکانی خوارد . بەهۆی برصۆما فەرمانگەکانی ڕۆمانی euria کەنیسەی ڕۆژهەلاّتیان ناسی، کە زۆر بەباشی لایان ئاشکرا نەبوو لەوەو پێشتر . دوای مردنی برصۆما (1294/1/10) نامە گۆڕینەوەی نێوان کورسی ڕەسولیو ویهبالاها بەردەوام بوو ،بەلاّم بەپێی ئەنجامێکی وا کە بەبیر بهێنرێت . لەسەردەمی یهبالاها لەژێر حوکمڕانی مەغۆلی ی ەکەم کەنیسەی ڕۆژهەلاّت بە بلاّوکردنێکی فراوانی دەناسرێت لە قودس تاوەکو چین‌و هند. لەبەغدا ڕێگا بە بەتریریك درا لە یەك لە کۆشکەکانی عەباسی دابنێشێ. بەلاّم ئەم بارە زۆری نەخایاند . کاتێك خانی دووەم غازان کوری ئەرغون هاتە سەر ئاینی ئیسلام بەشێوەیەکی فەرمی زۆر مەسیحییەکانی چەوساندەوە. هەندێك لە کەنیسەکان وێران کران یاخود کردیانن بە مزگەوت وە کۆشکی بەتریریکی یان تالان کرد . کە لەسەرەتادا گەورەترین کەنیسەی مژدە بەخشی بووە لە سەدەکانی

ناوەڕاستو وە طیمثاوسی دووەم (1318– 1331) شوێنی گرتەوە دوای کۆمکارێك بۆ هە  ەڵسانی هەندێك چاکسازیو  کۆکردنەوەی  توانای کەنیسە. بەدوا کۆمکاری ئەم کەنیسەیە یاد دەکرێت پێش سەدەی نۆزدەهەم. لەدوا دەسەڵاتی دوایی لە سەدەی چواردەهەم شالاوەکانی تەیموری لەنگ سەربازی ژمارەیەك لەو ئەبرەشیانەی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی لەناوبرد، ئەو ئەبرەشیانە دوور  ە دەستبوون  دابڕ اێ لە سەنتەری سەرۆکایەتی د  ایکدا، دواتر ووردە ووردە لە چینیش لەناوچوون دوای شکانی مەغۆل.

## 5. هێلی سولاقاوە دامەزراندنی کەنیسەی کلدانی:

لە سەدەی پانزەهەم ئەبرەشیەکانی کەنیسەی ڕۆژهەلات لە باکووری بین النهرین و چیاکانی هەکاری خۆی دەگرتەوە . لە سالّی (1450) بەتریریك شەمعونی باصیدی (+1497) هەلّسا بە تەسککردنەوەی بەتریریکی لەناو بنەمالّ ەی خێزانەکەی خۆی بە تەنها (خێزانی باوکایەتی– العائلة الابوية) یاسایەکی بنەمایی پشتاو پشتی دارشت بۆ جاثلیق لەناو ئەو خێلّەدا . کەوای کرد تەنها ئەو خێ زانە دەسەلاّتی بەسەر کورسی بەتریرکی هەبێت . ئەم کارە وای کرد کە دووبەرەکی لەنێوان باوەڕداران پەیدا بکات. بەتایبەتی ئەو کاتەی کە مێردمنالّێك سەرۆکایەتی ئەم کورسییە دەکات. لە سالّی (1539) ناچاربوو بەتریریك شەمعونی حەوتەم برماما (1538– 1558) بۆ دەست نیشان کردنی کوڕ ە براکەی کە تەمەنی نەدەگەیشتە دوانزە سالاّن میتراپۆلیثا لەبەر ئەوەی کەسێکی تر نەبوو لە خێزانەکەیان (خێزانی باوکایەتی) وە لەبەر هەمان هۆ زۆر لە ئەبرەشیە کان بە بۆشی مانەوە . دوای چەند سالّێك مێردمنالّێکی تر دەست نیشان کرا کە تەمەنی پانزە سالاّن بوو کە بووە هۆی ناڕەزایی لەنێوان ڕۆلەکانی کەنیس ەدا بەتایبەتی لەناوچەکانی ئاماد (دیاربەکر ) وسعرد . ئوپوزسیونەکان بە یەك گەیشتن بۆ ئەو پشتو پشتە لە جەزیرەو دواتریش لە موسلّ لە شوباتی (1552). لەم بەیەك گەیشتنە فراوانە، سەرەڕای ناودارانی موسل ژمارەیەك لە قەشەو

ڕەبەنەکانو ئەسقەفی ئەربیلو ئەسقەفی سەلماسو ئەسقەفی ئازربیجان ئامادەبوون. بە کۆی دەنگ (یوحە ننا سولاقا )یان هەڵبژارد کە لە خێزانی (بەلۆ )یە سەرۆکی دێری ڕەبەن هورمز (هرمزد ) لە چیای ئەلقۆش بۆ بەتریریك . لەبەر نەبوونی سەرۆکێکی ئەساقفە بۆ ڕەسامەتی کرد نی . ناردیانە ڕۆما بۆ بە ڕەسمیکردنیو وەرگرتنی باوەرپێکردنی (اعتراف) کورسی ڕەسولی . کۆمەڵێك پیاو ماقولی گەل یاوەریان کرد. سەرەتا ڕوویان کردە فەلەستین بۆ زیارەتکردنی شوێنە پیرۆزەکان. دواتر سەفەرەکەیان بەرەو ڕۆما کرد کە ئەو کاتە پاپا یولیوسی سێیەم پاپای ڕۆما بوو . لەوێوە باوەڕداری بە کاثولیکی ڕاگەیاندرا لە (20)ی شوباتی (1553). لە نیسانی هەمان ساڵ ڕەسامەتی بە دەست هێنا لە ڕۆما هەواڵی کۆچی دوایی بەتریریك بر ماما بڵاوبووەوە. لەبەر ئەم هۆکارە کورسی ڕەسولی هەڵسا بە جێگیرکردنی سولاقا (بەتریریك موس ل) لە مەرسومێك لە (28) نیسانی (1553) وە قەلغانی پیرۆزی لەبەرکرد divina disponente clementia بەناوی شەمعونی هەشتەم سولاقا.



درەختی خێزانی ئەبونا دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێز حەنا میخا ئەبونا /
کەرکوك

بەشی زۆری ئەم گۆڕانکاریانە بەهۆی نێردراوە ڕۆژئاواییەکان هاتە دی.

لە گەڕانەوەیدا هەندێك ڕەبەنی دۆمنیکانی یاوەریان کرد بۆ یارمەتیدان لە بڵاوکردنەوەی کاثولیکی. یوحەنا سولاقا گەیشتە ئامەد لە (1553/11/12) کورسییەکەی لەوێ داناو هەڵوێستەکەی بەهێزکردوە و

ڕەسامەتی دوو میترپۆلیو سێ قەشە (ئەسقەفیە)ی کرد . بۆ ئامە دو جەزیرەو سعرد لە ساڵی (1553) دان پێنانی (اعتراف ) (باب العالی ) (سوڵتانی عوسمانی) وەرگرت و بەدەستی هێنا، بەڵام بەتریریك برماما کە لە ژیان دامابوو کاری کردەسەر علی پاشای ئامیدیو بانگهێشتی سولاقای کرد دوای ئەوەی گەیشتە ئەوێ هەڵسا بە بەندکردنو سزادانی دواتر لە 12 کانونی دووەمی ساڵی (1555) دا مرد . کە کەنیسەی کەلدانی بە شەهیدی یەکێتی [16] دادەنێت . هەرێمی ئەسقەفەکان کۆبوونەوەیەکیان کرد ئەوانەی کە سولاقا پشتگیری لێ دەکردن ، یەکێکیان لە دوای ئەو هەڵبژارد کە (عبدیشوع) مەترانی جەزیرە بوو کە پێشتر ڕەبەن بوو (1555– 1570). سەفەری ڕۆمانی کردو جێگیر بوونی لەلایەن پاپا پێوسی چواردەهەم ساڵی 1562 بەدەست هێنا، بارەگاکەی بردە نزیك دێرێك لە نزیك سعرد کە لەوێ ژیا تا کۆچی دوای کردنی . بەهۆی باری نا هەمواری ئاسایش و بۆ پێشکەشکردنی خزمەتێکی شوانکارەی باشتر، ئەوانەی دوای ئەو هاتن لە سعر د نیشتەجێ بوون، دواتر لە سەلماس و خەسرەو ئاواوە ئورمیا ، لە گەڵ ڕۆما بەهاوبەشی مانەوە تا سەدەی حەڤدەهـ ەم، بەڵام هیچێکیان سەفەری ڕۆما ی نەکرد بۆ وەرگرتنی جێگربوون لەلایەن کورسی ڕەسولی. وە هەندێکیان دانپێن انی فەرمی یان نەبوو . وە هەندێکیان وێنەیەکی بڕوابوونی ڕەوانەی ڕۆماکردو جێگیرکران. لەمانە بۆ نموونە

---

(16) المطران رافائيل ش. ربان، شهيد الاتحاد او شمعون يوحنا سولاقا الكلداني الموصل 1955.

بەتریریك شەمعونی نۆیەم دنحا (1580– 1600) کە نامەی جێگربو ونی لەلایەن نێردراوی پاپاوە (لیونارد هابیل) لە ڕێگای حەلەب، لە ساڵی (1585) پێی گەیشت . لەکاتی گواستنەوەی بەتریریك شەمعونی سێنزەهەم دنحا (1662– 1700) کورسییەکەی بۆ قۆجانس لە چیاکانی هەکاری، ئەم هێڵە لە بەتریریکەکان گەڕایەوە سەر عەقیدەی کۆنی (نەستۆری) و ڕوون نییە کە لەگەڵ خۆیدا میراتگریەکەی گەڕاندۆتەوە.

گرنگ ئەوەیە سنوورێکی بۆ میراتگری سەرۆکایەتی کەنیسە ساڵی (1974) بە کۆچکردنی مارشمعونی سێنزەهەمو بیستەم ئیشای لە سان فرانسیسکۆ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. چاك وایە وەبیر بێننەوە کەوا سەرۆکایەتی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لە هێلی سولاقا وە لێژدەبێتەوە، تا ئێستاش ئەم درێژبوونەوەی هەیە. بەڵام زنجیرەبەندی کەنیسەی کلدانی بەردەوامە لەگەڵ هێلی تر. کە پێشتر نەستۆری بوو– واتە هێلی ئەلقوش– موسڵ.

## 6. سێ زنجیرەی بەتریریکی (ثلاث سلاسل بطريركية):

لەدوای کۆچی دوایی کردنی بەتریریك شەمعونی برماما ساڵی (1558) ئیلیای شەشەم کوری گورگیس برازای جێی گرتەوە (1559– 1591) خوىو ئەوانەی دوای ئەو هاتن لە دێری (رەبەن هرمزد ) لە چیای ئەلقۆشی نزیك موسڵ نیشتەجێو بارەگایان بوو. ئەم هۆکار ە وای کرد ئەوانەی دوای سولاقا بارەگایان لە ئامە د– دیاربەکر دابنێن . ئیلیای حەوتەم (1591– 1617) کە دوای ئەو هات بەهۆکاری نێردراوە ڕۆژئاواییەکان کە گەڕانەوە سەر کاثو لیکیەت کۆمەڵێك لە هەوادارانی کەنیسەی ڕۆژهەڵات. وەفدێك ڕەوانەی ڕۆماکرا ساڵی 7/1616 و 1611 بۆ گفتوگۆ لەسەر یەکێتی. بە کاریگەریتی ڕەبەنی فرنسیسکانی ئوبجی نی دی نوفارا Obicini da Novara ئیلیا کۆبوونەوەیەکی کۆمکاری گرێ دا لە ساڵی (1616). تیایدا پابەند وجەختی لەسەر باوەڕداری کاثولیکی کرد. (بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کریستولوجیا هەیە ). بەلا م ئەو ڕوون کردنەوەیە نەبووە هۆی یەکێتی ئاشکرا لەگەڵ ڕۆمادا. لە هەمان کاتدا شەمعونی بیستەم نێردراوێکی نارد لە پشتاو پشتی سولاقا پوختەی باوەڕهێنانی لەگەڵ ڕۆمادا و ڕەبەنەکانی فرنسیسکان هەوڵی ئەوەیان دا گفتوگۆ بکەن لەگەڵ هەردوو دەس تەکەدا بۆ وەدیهێنانی

هاوبەشی ، بەلاّم ئەمە ج   یٚ بەجیٚ نەبوو وەهەردوو بەتریکەکان لە موسلو قوجانس مانەوە دوور لەو هاوبەشییە بە درێژایی نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەم، سالّی (1667) رەبەن کە بوشی هات ناسراو بە یوحەنای لە ئاو هەلّکێشراو (یوحنا المعدان ) سانت ئیکنان (Jean- Baptistdest- Aig nan) بۆ کارکردن لەناو مەسیحیەکانی ڕۆژهەلاّت لە ئامەد. توانی قەناعەت بە میتراپۆلیت یوسف بهێنی . لە سالّی (1672) بە کاثو لیکی بوون . بەکردەوەش باوەڕی هێنا . دان پێدانی لەلایەن دەسەلاّتە فەرمیەکان بە دەست هێنا بەسەر هەردوو ویلایەتی دیاربەکرو ماردین. ڕۆما جێگری کرد وەك بەتریریك بۆ میللەتی کلدانی بیٚ بەش کراو لە سەرۆك . "Patriarch of the chaldean Nation deprived of its patriarch" بەمە زنجیرەیەك لە بەتریریکی نویٚ پێگەیشت لە ئاماد کە هەریەکەیان نازناوی (یوسف )ی هەلّگرت . ئەو بەتریریکانە خەلّکی زۆریان هەبوو لە بلاّوکردنەوەی کاثولیکی لەناوچەکانی دیاربەکرو سعردو ماردینو جەزیرەو دەشتی موسلٚ . دووبەرەکی لەنێوان هەردوو بەتریریك ڕووی دا و بووە هۆی دەسەلاّتداریتی حکومەت بێتە ناوبژیوانیەوەوبارەکە ئالّۆزتر بوو.

لە سالّی (1804) مەتران ئوغسطین هندی بوو بە بەڕێوەبەری بەتریریکی کورسی ئاماد، نازناوی بەتریریکی پیٚ نەدرا، لەبەر ئەوەی نیازی ڕۆما وابوو هەردوو لایەنەکە یەکتر بگرنەوە لە ( ئامەدو موسل ). لە یەك سەرۆکایەتیداو قەلغانی پیرۆزی وە دەست هێنا، تەنها لە سالّی (1818)، بەلاّم خۆی بە نازناوی (یوسف)ی پێنجەم ناساند. بە مردنی لە سالّی

(1828) كۆتایی بە بەتریریكی ئامەد هات كە لەگەڵ ڕۆمادا یەكی گرتبوو بۆ ماوەی 146 ساڵ.

شایانی باسە نێردراوە پروتستانەكانی ئەمریكا (1819) و بەریتانییەكان (1840) هاتنە ناوچەكەو كارەكانیان چڕكرد لە گوندو شارەكان كە ڕۆژهەڵاتەكانی تیا نیشتەجێ بوون.

# 7. یوحەننا هرمزدو خەلافەتی بەتریرکی کلدانی:

سەرەڕای ئەوەی بەتریریکیەتی موسڵ کاریگەری خۆی لە ئامەدەو ماردینو چیاکانی هەکاری لەدەست دابوو ، بەڵام پارێزگاری لەسەر ڕەبەن هرمزدو ناوچەکانی دەوروبەری خۆی پاراست . بەتریریکەکانی ئەو کورسییە لە بنەماڵەی باوکایەتی بوو، بەڵام کورسی ئامەد زۆرێك لە ڕۆڵەکانی کەنیسەی ڕۆژهەڵات باوەڕیان وابوو کە پێویست ناکات لەسەر ئەو بناغەیە بێت . ڕۆماش پشتگیری لێ کرد پردێکی پێکهێنا بۆ ڕاکێشانی کورسی موسل بۆ هاوبەشی تەواو لەگەڵیدا. ئەوە نەهاتە دی تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، لەسەر دەستی بەتریریك( یوحنا هرمز) یەك لە ڕۆڵەکانی خێزانی باوکایەتی.

لەکۆتایی سەدەی هەژدەهەم و لەژێر کاریگەری بەتریریکی ئامەد و بەیارمەتی ڕەبەنەکانی کە بوشینو دۆ منیکیان، هەموو ڕۆڵەکانی کەنیسەی ڕۆژهەڵات لە موسڵ و دەشتەکەی هاتنە پاڵ کاثو لیکیەت ، قەشە دۆمینکۆلانزا ئەمە ڕوون دەکاتەوە کە سەردانی کەرملیسی کردووە لە ساڵی (1765) هەموو خەڵکەکەی باوەڕیان بە کا ثو لیکیەت هێنا . هەروەها تلکیفو گوندەکانی هیّ لای (ئەلقۆش )یش . کاتێك پاتریریك ئیلیای دوانزهەم لە دێڕ ی ڕەبەن هرمزد بینی ڕەوتی

کاثولیکیەت بەرەو توندو بەهێزبوون‌و فراوانی دەڕوات، پەیوەندی بە ڕۆماوە کرد چەند نامەیەکی نووسی ئارەزووی خۆی دەربڕی یەك بگرێتەوە لەگەڵیدا. بەهۆی هاتنە ناو ەوەی یوسفی سێیەم بەتریریکی ئامەد ئەم ئارەزوە نەهاتە دی. کاتێك برازاکەی شوێنی گوتەوە، ئیلیای دوانزەهەم ئیشوعیاب (1778– 1804) بەرهەڵستی بەهێزکرا لەلایەن یوحنا هرمزد میتروپولیتی موسل، یەك لە پشتەکانی، کە هۆکاری ئەم بەرهەڵستی کردنە بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیەکان لەگەڵ ڕۆمادا. چونکە یوحنا هرمز خۆی بە کاثولیکی دادەنا لە ساڵی 1778دا. ڕۆما لە میتریپولێتی موسلی جێگیرکردوە وە هەروەها هەڵسوڕێنەری بەتریریکی. بەڵام پایەی بەتریریکی پێ نەدرا تەنها بە درەنگ وەخت نەبێت بەهۆی ئەوەی ئوغسطین هندی لە دژی بوو. ڕۆماش گومانی لە ڕاستیەکانیدا هەبوو.

لە ساڵی (1804) ئیلیای سێنزەهەم ئی شوعیاب کۆچی دوایی کرد . نەوێنەیەك لە بنەماڵەکەیان نەبوو کە جێی بگرێتەوە، بۆیە گۆرەپانە کە لەبەردەم یوحنا هرمزد چۆل مایەوە، بەڵام بەرهەڵستکاری بۆ پەیدابوو لەمانە ڕەبەنەکانی دێڕ ی ڕەبەن هرمزد، کە قەشە جبرائیل دنبوی ماردینی ژیانی دێرایەتی گەرایەوە ناوی. ئوغسطین هندییان پێ باشتر بوو. نێر دراوە لاتینییەکان ڕاپۆرتێکی خراپیان لەسەر یوحنا هرمزد ناردبوو بۆ ڕۆما ، بووە هۆی دامەزراندنی هندی بە هەڵسوڕێنەری بەتریریکی لەسەر کورسی بابل . یوحنا هرمزدیان لە خزمەت کردنداوەستاند بەڵام بە مردنی ئوغسطین هندی چارەسەری کێشەی دوو کورسی بەتریریکی چارەسەرکرا لە یەك تایەفەداو لەیەك کاتیش دا.

بووە هۆی ئەوەی پاپا پیوسی هەشتەم یوحنا هرمزد بە فەرمی جێگیر بکات بە بەتریکی بابل لەسەر کلدان. Patriarch of Babylon of the chaldeans، وە کورسیەکەی لە موسڵ دانا ئەوە لە (5 تەمموزی 1830) بوو، بۆ زانیاری هیچ پەیوەندییەك لەنێوان کەنیسە بە بابلەوە نەبوو. کورسی باتریریکی لە مەدائن (سالیقو قەتیسفون ) بوو واتە بەغدا . ڕەنگە ئەو دانانەوەیە بۆ ئەوە بووبێت کە پایتەختی کلدانییەکان بووە . بەم شێوەیە هەردوو بەتریریکیەکە لێك درایەوە ئامادو موسل. لەو کاتەوە زنجیرەی بەتریریکیەکان هێلی یەکەمی خۆی پاراست لە هاوبەشی کردن لەگەڵ ڕۆمادا تاوەکو ئەمرۆ.

## 8.لە سەدەی هەژدەهەم تا ئەمڕۆ:

بۆ چارەسەرکردنی ئەوەی جارێکی تر یوحنا هرمز بەتریریکی نەخاتە گەمارۆ ی خێزانی باوکایەتی، ڕۆما هەڵسا بە دامەزراندنی نیقولاوس زەیعابە مەترانی سەلماس– ئێران (1838– 1948) بە یاریدەدەری بەتریریکی لەگەڵ مافی خەلافەت کردن . لە ساڵی (1844) زەیعا یەکەم کەس بوو فەرمانی عوسمانی وەرگرتو کە دانی پیانا بە پەتریکی کلدانییەکان. لەو کاتەوە کەنیسەی کلدانی جێگیربوو بەپێی یاسا وەکو میللەتێك (Millet). دوای ئەو یوسف ئودۆ شوێنی گرتەوە لە ساڵی (1848– 1878) ناسراوە بە چالاکییەتیو گورجو گۆڵیو پاراستنی مافەکانی بەتریریکییەکانی ڕۆژهەڵات، لە کۆمکاری فاتیکانی دووەم (1870)[17]. کە بەناوبانگە بە هەولەکانی لە پێناو گ ەڕانەوەی مەسحییەکانی هەرێمی ملاباری هندی بۆ کەنیسەکەیانی ڕۆژهەڵاتی دایك. بەتریریك اودوکاری زۆری لە پێناو گەشەکردنی کەنیسەی کلدانیو دامەزراندنیو بڵاوبوونەوەیدا کرد . تەماشا دەکەین ڕۆلەکانی لەزۆربووندا بووە لە سەردەمی ئەودا هەستی بەوە کردووە کە ئەو کارە تەواو نابێت تەنها بەوە نەبێت کە پۆلێکی لە ئەسقەفو قەشە نەبێت کە توانای گەورەیان هەبێت لە ڕۆشنبیریو گیانی. کۆششی کرد لە

---

(17) طالع اطروحة الاب يوسف حبى عنه (مخطوط) والاب بطرس حداد، رِسائل البطريريك مار يوسف اودو، الجزء الاول بغداد 2005

پێناو دامەزراندنی پەیمانگەیەکی پێگەیاندنی قەشەیاتیو بەتریریکی بەناوی (شمعون الصفا) لە ساڵی (1866) و پشتگیری ڕەبەنەکانی دێری ڕەبەن هرمزی کردو یارمەتی دان بۆ دروستکردنی (دیر السیدة ) پارێزەری کشتوکاڵ لە نزیك ئەلقوش ساڵی (1859) ولە ساڵی کۆچی دوایی کردنی ساڵی (1878) باوکانی دۆمنیکان لە موسل، هەڵسان بە دامەزراندنی پەیمانگەی (مار یوحنا الحبیب ) بۆ پێگەیاندنی قەشەی کلدانیو سریانی بە یەکەوە . بۆ جەختکردن لەسەر یەکێتی پێکەوە ژیانو هاوکاری لە پێناو کاری شوانکارەییدا . وە لەسەردەمی (ماریوسف عمانوئیل)ی دووەمی ماوە درێژدا (1900– 1947).

زۆرێك لە ڕۆلەکانی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری هاتنە سەر کەنیسەی کلدانی بە کاثولیکی. ئەمە بە هەوڵو کۆششی ئەو ڕەبەنو قەشە شوانانەبوو لە گوندەکاندا . موژدە بەخشە ئینگلیزەکانو ئەرثوذوکسی ڕوسەکان بەم هەڵمەتەی بڵاوبوونەوەی موژدە بەخشی لە گوندە ئاشورییەکاندا، بەتایبەتی لە ئێرانو چیاکانی هەکاری کە بووە هۆی تەسك بوونەوەی ژمارەی ئەوانەی سەر بە بەتریکیەی قۆجانس بوون . لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەم (1914– 1918) ناوچەکانی مەسیحی نشینی ڕۆژهەڵات دووچاری گرفتو کێشەو نیگەرانی بوون، بووە هۆی لەدەستدانی بەتریریکیەتی قۆجانس لە شوێنەکەی خۆیدا (ناوچەی هەکاری) ، نزیکەی سێ یەکی دانیشتوانەکەی. وە هەروەها بە هەزارەها کلدانو لە سعردو دیاربەکر جەزیرەو دەریاچەی وانو ماردین لەلایەن پێکهاتەکانی تایبەتی عوسمانییەکان سەربڕان . ئەو

ئەبرشیانەیان لەناو برد. لەسعردو جەزیرەو دیاربەکرو وان هەندێك لە قەشەکانیشیان کوشت بۆ نموونە: مێژوونووسی بەناوبانگ (ئەدای شێر) سەرۆکی ئەساقفەی سعردو یەعقوب ئەبراهام وە توما ئۆدو [(18)]. بەڵام کلدانەکانی موسڵو دەوروبەری هیچ ئازارێکیان پێ نەگەیشت بەهۆی هەوڵو کۆششی بەتریك (عمانوئیلی دووەم)ی بە تواناو داناوە. لە ساڵی (1947) یوسف غەنیمە هاتە سەر کورسی بابل (+1958) وە لە ساڵی (1950) ئەم کورسییەی گواستنەوە بۆ بەغدای پایتەخت، بۆ ئەوەی نزیك بێت لە مەڵبەندی دەسەڵاتدارێتی مەدەنی لە ڕۆلەکانی گەلەکەی کە ئەوکاتە ڕوویان لە بەغدا دەکرد بەهۆی زۆربوونی بواری ئیشو کارو خوێندن لە قوتابخانەکانی تایبەتیو زانکۆکانەوە. بەهۆی کۆچکردنییەوە پولس شیخو هەڵبژێردرا بۆ شوێنی ئەو کە مەترانی حەلەب بوو ساڵی (1958). پاش چەند مانگێك لە وەرگرتنی کورسی بەتریریکی کۆدێتا بەسەر حکومەتدا هات. شا کوژراو کۆماری ڕاگەیێنرا. (عبدالكريم قاسم) هاتە سەر حوکم دواتر کۆدێتای ساڵی (1968). کەحیزبی بەعسی سوسیالیستی عەرەب پێی هەڵسابوو ئەحمەد حسن البکر بوو بە سەرۆك کۆمار دوای ئەویش سەدام حوسێن (1979– 2003) کە ماوەی حوکمداری بیستو پێنج ساڵی درێژەدا. وڵات خۆشی بە

---

(18) طالع: القصاري في نكبات النصاري، شاهدعيان 1919، المسيحيون بين انياب الوحوش. مذكرات الاب جاك رِيتورى، دراسة جوزيف اليشوران، ترجمة الاب عما نوئيل وئيس. ديترويت 2006.
J. NAAYEM, Les amngero- chaldeensetles Armeniens, massacres Parlestures paris 1920.

خۆیەوە نەبینی . بەڵكو لە بارێكی ماندودابوو : سێ شۆڕش و دەركەوتنی كێشەی كورد ، كە بە هەزارەها مەسیحی گوندەكانیان بەجێ هێشت وە یا بەهۆی شەڕەوە كۆچیان كرد ئەو شەڕەی كە ڕژێم بەسەر ناوچە كوردییەكانیدا سەپاند بووە هۆی خاپووركردنی گوندەكانو كەنیسەو دێرەكان بە تەواوی. دواتر شەری ئێرانی بەسەر داهات (1980– 1988)، لەگەڵ ئەم جەنگە شەپۆلی كۆچ كردن بەرەو هەندەران دەستی پێكرد. كەنیسە لە توانای دانەبوو بۆ چارەسەركردنی ئەو كۆچكردنەی ڕۆلەكانی.

جێی ئاماژە پێكردنە بەتریریك (شێخو ) هەڵسا بە دروستكردنی ژمارەیەك ك ەنیسە لە بەغدا بۆ پێشوازی كردن لەو كۆچ پێكراوە مەسیحیانە . بەڵام بەبێ هیچ كارێكی شوانكارەیی پێش وەختو ئامادەكراو بۆ وەرگرتنەوەیانو دووبارە بنیادنانیانو ئامادەكردنیان بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەدا . بەتایبەتی كە هەموویان لە كۆمەڵگایەكی جۆرە چەشنەدا: كەنیسەو زمانو باری كۆمەلایەتییان ! .

لە ساڵی (1989) سینودسی كلدانی بەتریریكی هەڵبژارد، مەترانی بەیروت ڕوفائیل بیداوید (1989– 2003) بە بەتریریك وە تازە عیراق لە جەنگی یەكەمی كەنداو دەرچوو بوو بە هیلاكییەوە . ئەو شەڕ ە كە هەشت ساڵی خایاند . بووە ه ۆی فەوتاندنی ژیانی ژمارەیەكی زۆر . ئەوەی كە قورەكەی خەستتر كرد ڕژێم پەندی لەم شەڕ ە وەرنەگرت هەڵسا بە داگیركردنی كوێت ، جەنگی كەنداوی دووەمی لێ كەوتەوە . دوانزە ساڵ گەمارۆی ئابووری بە دواوە بوو (1991– 2003) بووە هۆی

کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە مەسیحییەکا ن لەو سەردەمەدا ناسراوە بە گەشەکردنی پەنابەرانی کلدانی لە دەرەوەی وڵات: ئەساقفەو قەشە لە ئەوروپاو ئوسترالیاو نیوزیلندەو کەنەداو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

یەك لەکارە چاکەکانی ئەو ماوەیە ڕاگەیاندنی کریستولوجی بوو (الاتفاق حول لاهوت المسیح– پێکهاتن لەسەر لاهوتی مەسیح) لەنێوان کا ثو لیكو کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشوری لە 11 تشرینی دووەمی(1994)،ووردتر لە نێوان (پاپا یوحنا پولسی دووەم )و (مارخنا نیشوع دنحای چوارەم )بوو. ئەم دەست پێشخەرییە هاندەرێك بوو بۆ سەرۆکەکانی هەردوو کەنیسەی برا: ئاشووریو کلدانیو بە پێکهێنانی لێژنەیەکی هاوبەش بۆ بەدواچوونی گفتوگۆدا . وە هەردوو بەتریریك ئیمزایان کرد: (ماردنحا) و (مار ڕوفائیل) ساڵی (1996)لەسەر بەیانێکی هاوبەشدا. لە ساڵی (2001) ئەنجومەنی پاپەوی دیکومێنیکی لە پێناو یەکگرتنەوەی مەسیحی دەرکرد کە لە هێ لە پانەکاندا هاوبەشن لە پیرۆزیەکانی لەنێوان هەردوو کەنیسەدا ، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە بڵاوبوونەتەوە، کورسی ڕەسولی ڕایگەیاند ڕاستی پلەی قەداسی ئەدایو ماری بەبێ دەقی ڕاگەیننراو ساڵی (2002).

لە کانوونی یەکەمی ساڵی (2003) سینودسی کلدانی یاریدەدەری بەتریریك ی هەڵبژارد . م ەتران عمانوئیل دلی بەتریریك لە دوای مار ڕوفائیل بیداویدی کۆچی کرد لە بەیروت لەهەمان ساڵدا.

تا ئێستاش زۆربەی مەسیحی یە کلدانییەکان لە عێراقدا دەژین لە شارە گەورەکانو لادێیەکاندا. بەتایبەتی لەگوندەکانی دەشتی نەینەوا. کار دەکەن لە بوارەکانی پەروەردەو پزی شکیو بازرگانی سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیان کەمە ، بەڵام ئامادەبوونو بەشداریکردنیان نرخداری بە هاوڵاتی بوونیان هەیە . سەرەڕای ڕۆشنبیرییانو کرانەوەیانو دڵسۆزیان.




ناوچەی بڵاوبوونەوەی کەنیسەی کلدانی ئەمڕۆ

کلدانییەکان بڵاوبونەتەوە لە عێراق‌و سوریا و لبنان‌و ب اکوری

تورکیاو ڕۆژئاوای ئێران. سەرەڕای هەبوونی هەندێك کۆمەڵەی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام جێگیرنەبوونی سیاسی‌و ئابووری، کە ئەو وڵاتەنە تیای دەژی بووە هۆی بڵاوە پێکردنیان . جالیەیان هەیە کە پێگەی دیارە لە هەردوو ئەمریکاو ئوسترالیاو ئەوروپا . مەڵبەندی ڕۆشنبیری‌و چالاکییەکانی کۆمەڵایەتی‌و کەنیسەکانیان بۆتە هۆی پاراستنی سروتی ڕەسەنی خۆیان.

## 9. مەڵبەندەکانی زانستیو باوکانو ئەدییەکانی کەنیسەی ڕۆژهەڵات:

سریانە ڕۆژهەڵاتەکان مەڵبەندی زانستیو شارستانی بۆ ڕۆشنبیری مەسیحی سریا نیو ئەغریقی (یۆنانی )و دواتر عەرەبی کردەوە.دێرەکانیش لێوان لێوبوون لە قوتابخانەی زانیاری مەدەنیو ئایینی، حوجرەی خۆشەویستانی زانستی کە تا ئێستاش هەندێکی گەواهی ئەم شارستانیەتییە کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە . لەم کورتەیەدا ئەمانە بە یاد دەهێننەوە:

### رەهــــا

ئەمڕۆ بە ئۆرفا- ئەدیسا ناودەبردرێ ... یا وەك تورك بەلایەوە خۆشەو ناوی دەبات بە "Sanli Urfa" دەکەوێتە باشوری تورکیای ئێستا لەسەر لێواری ڕووباری فورات. ئوسا بیوس قەیسەر (264- 240) ناوی دەهێنی . کە سەردان ی کردووەو دۆزیویەتییەوە لەناویا نامە گۆڕینەوەکانی ڕێوان شا ئەبجەرو عیسا (کتێبی یەکەم، 13- 5) لەلایەن ڕاهبەی ئەکویتانی ئیجیریا سەردان کراوە [19]. لەنێوان سالانی (381- 384).

---

(19) يوميات رِحلة- بيروت 1994، ص56، عن الرها طالع ج . ب سيغال. الرها المدنية المباركة، الترجمة يوسف ابراهيم جبرا، دار الرها للنشر حلب 1988.

رەها شارێکی سنوریو مەڵبەندێکی شارستانیو زانستی بووە   . ئەم شارە مەڵبەندی چالاکییەکانی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری سریانی بووە لە سەدەی دووەمدا. لەوانەیە وەرگێرانی کتێبی (ئینجیل) بۆ سریانی تیا کرابێت . لەوانەیە لەوشارە مەسیحییەت بەرەو شارەك   انی نێوان دووروبارەکە (مابين النهرين ) دەرچووبێت . لەو شارە قوتابخانەیەکی ئاینی سادە هەبوو، مامۆستایانی شارەزا بەڕ   ێوەیان بردووە وەك (تیتیانوس   ) (+ 170) و (بردیسان   ) (+ 222)، بەڵام پێکهێنانی قوتابخانەیەکی لاهوتی ڕێکخراو، چاکەی دامەزراندنەکەی دەگەڕێتەو ە بۆ مار ئەفرام ساڵی   (363) کە ئەنجومەنێکی کارگێڕی هەبووە   . پلانەکەی لەلایەن لێکۆلەرەوە (رەبانی - Rabinic) واتە دوای ئەوەی کە وەك واتای پیشەیی–   مێژوویی– وەردەگیرێت، دەکرێتن بۆ جێبەجێ کەری شوانکارەیی– زانستی. ئەم قوتابخانەیە ژمارەیەك لە قەشەو بیرمەندو شوانی بۆ کەنیسەی سریانی   ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا بە یەکەوە هێنا یانە کایەوە . وە ڕەها بە یەکەم شانشینی مەسیحی– سریانی دادەنرێت.

# نصيبين (نەصێبین)

ئیمپراتۆر (زینون) بڕیارێکی یەکگرتوویی ناسراو بە Henoticon دەرکرد. بۆ لابردنی هۆکاری جیاوازی نێوان کەنیسەکانی مەسیحی، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوو. بە هۆیەوە ساڵی (489) قوتابخانەی ڕەهای داخست لەسەر ئەو هۆیانەی بەربەرەکانی کردنی لاهوتییەوە. ناچار مامۆستاکانیان گواسترانەوە بۆ شاری نەصیێبین دراوسێی کە لەژێر دەسەڵاتی فارسە ساسانییەکاندا بوو. قوتابخانەیەکی ئەکادیمی بەناوبانگو دیاریان تیا کردەوە کە (نرسای مەلفان) سەرۆکایەتی دەکرد. پەیڕەوی خوێندنەکەی بە دەستمان گەیشت[20]. خوێندن تیایدا بە خۆڕایی بوو. سێ ساڵی دەخایاندو ئەمانەی تیا دەخوێندرا: پەرتووکی پیرۆز، خوداوەندییەکان، سروت، فەلسەفە، پزیشکی، فەلەك، فیزیك، کیمیا، بیرکاری، جوگرافیا، مێژوو، شیعر، وتاربێژیو لێکدانەوە، کە لەسەدەی شەشەمدا لەوپەڕی گەشەکردندا بوو ژمارەی قوتابییەکانی زیاتر لە (800) بوو، کاریگەری لەسەر وولاتی (مابین النهرین)و لەوێشەوە بۆ سەر وڵاتانی (هیلالی بەپیت) هەبوو.

قوتابخانەی گرنگی تریش هەبوو وەك قوتابخانەی (بیت عابی)

---

(20) voobus,a,hisyory of school of nisibis, \csco266; sub:26 louvain 1965

و (دێری سەرو) قوتابخانەی (جوندیشاپور) کە تایبەت بوو بە پزیشکیو زانست لە پاڵ مەسیحییەکان موسڵمانەکانیش دەیانخوێند کە وەك قوتابی لەسەر دەستی پزیشکە بەناوبانگەکانی مەسیحی دەیانخوێند.

## ناودارەکان- (المشاهیر)

بە پەلە ناوی ناودرا رەکانی قەشەو ئەدیبەکانی کەنیسەی ڕۆژهەڵات لە سەدەکانی ڕابر دوودا: بەردیسان و ئەفرامی سریانی و ئەفراهاتی زانا وە نرسای و بابای گەورەو ئیسحاقی نەینەوای (کە بووبووە پردێك بۆ گواستنەوەی ڕوحانیەتی ڕۆژهەڵاتی) سەهدونا و یوحەننای دلیاتی و وابراهیم و دادیشوع و ئەیوب قەتریون و ئیشوعیابی دووەمو سێیەم و جاثلیق تیمثاوسی گەورە، و حونین کوڕی ئیسحاق، (کە زاراوە پریشکیەکانی بە عەرەبی دانا ) کوڕەکەی ئیسحاق پریشکەکا نی ئال بەختیشوع عبدالله کو ری تەیب و ئیلیا برشێنایاو یوحەننا برزەعبی وە عبدیشوع صوباوی وتیمثاوسی دووەم...

ئەو کەشو هەوا کراوەیە لەسەردەمی عەباسیدا کە تایبەت بوو گشت خۆشیان دەویست. ڕێگای بە مەسیحییەکان دا بۆ خوێندنی نەك زانستە مرۆڤایەتییەکان بە تەنها ،بە ڵکو دیالۆگی لاهوت ی فەقیهی لەنێوانیاندا و لەنێوان موسڵمانەکاندا بە پلەی ی ەك ەم. ئەوەی کە لەنێوان جاثلیق تیموثاوسی یەکەمو خەلیفە مەهدی ڕووی دا. ئیسحاقی کندیو عبدالله هاشمی و ئەنجومەنەکانی مەتران ئیلیا برشێنایای

نەصێبینی لەگەڵ ئەبی القاسم الحسین کوڕی عەلی مەغریبی . ئەمانەو هی تریش سامانێکی دینی دیالۆگی گەورەیان بۆ بەجێ هێشتووین[21].

## 10. هێلی لاهوتیو ڕوحانیەتی ڕۆژهەڵاتی:

لاهوت بریتییە لە هەوڵو کۆششی مرۆڤ بۆ تێگەیشتنی باوەڕداریو دەربڕین دەربارەیەوە، بە زمانێکی پاراو بەپێی کاتو شوێن. ئەم زمانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر جیاوازە، لە شارستانیەتێك بۆ یەکی تر. بەم شێوەیە لەوەتەی بەربانگی مەسیحیەت هەیە، ئاراستەی جیا جیا لە دەربڕین لەنێوان کەنیسەکان لە لاهوت دا هەیە . ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا، هەروەکو لە پل ەو پایەو ممارسەکردندا هەڵقوڵاو ی پێویستییەکانی خەڵكو زمانەکەیانن . بەپێی ئەو پرسیارانەی کە باوەڕداری دەری دەبڕێ لەسەر ویژداندا . ئەم چەندینەی لاهوتی مافێکی شەرعییەو دیاردەیەکی شارستانییە . لێرەدا دەگەینە ئامانج کە باوەڕداری جێگیرو لاهوت ڕێژەییە . وەك زانستێك سوود لە قوتابخانە فکرییەکان وەردەگوێت کە مرۆڤی تیا دەبزوێنێ . ئینجا جیاوازی دەربڕینو بەرنامە دەبێت بەپێی چوارچێوەی مێژوویی، شارستانیو ڕۆشنبیری بۆ گەلان.

---

(21) louis sako, bibliographie du dialogue islamo-chretien, auteurs chretiens de benedict landron, chretiens et langue syriaque, islamochristiana 10(1984) 273-292 musulmans en iraq, attitudes nestoriennes vis-à-vis de l' islam, cariscript, paris1944

وكذلك كتاب الاب هانس بوتمان اليسوعي، البطريرك طيموثاوس الاول او الكنيسة والاسلام في العصر العباسي الاول(عربي- فرنسي) بيروت 1986

به مسۆگەری هەندێك خاسیەتی هاوبەش هەیە لەنێوان سریانەكان ،ڕۆژهەلاٚتەكان بن یان خۆر ئاواییەكان، بەلاٚم هەر لایەنێك پسپۆرە لە قوول كردنەوەی كەسایەتییەكەی‌و ناسنامەكەی كە لە باوەڕدارییەوە دەرچوو ە، بەتایبەتی ئەوەی تایبەتە بە مەسیح . لێرەدا لاهوتێكی سریانی ڕۆژهەتی هەیە، كە دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەرەكانی لە ڕۆژهەلاٚتی ڕووباری فورات لە شوێنێكی جوگرافی فراوان ناسراو بە ولاٚتی نێوان دوو ڕووبارەكە (بين النهرين) دادەنیشتن، لاهوتی سریانی ڕۆژئاوایی كە د ەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەكانی لە ڕۆژئاوای فورات دادەنیشن. لاهوتی ڕۆژهەلاٚتی لە دیداری مێژوویی دەرچوو كە بایەخ دەدات بە ڕووداوەكان‌و كەسایەتی، بۆ ئەوەی خەلك ئەمە هەلگریٚ بۆ جێبەجیٚ كردنی داخوازییەكانی خودا لە بارودۆخێكی تایبەتی ژیانی ڕۆژانەیاندا توندو تۆلی لەسەر لایەنی مرۆڤایەتی بیٚ ، ئەوەی لایەنی خودایی فەرامۆش بكرێت، بەلاٚم لاهوتی سریانی ڕۆژئاوا جەختی لەسەر لایەنی خودایی لەهەموو كارێكی ڕزگاركەریدا و سووربوون لەسەر لایەنی ڕوحانیدا كردۆتەوە . باوكانی ڕۆژهەلاٚتی لەژێر كاریگەری باوكانی ئەنتاكیادابوون بەتایبەتی تیۆدورسی مەسیسی، كەچی لاهوتی باوكانی سریانی ڕۆژئاوایی لەژێر كاریگەریەتی لاهوتی ئەسكەندەریدا بوو كە كاریگەریتی باثناسیوسی گەورەیە.

به گشتی لاهوتی ڕۆژهەلاٚتی هەلقولاوە لە واقعی ڕۆژهەلاٚتی شارستانی‌و كۆمەلاٚیەتی‌و ئابووری. مەسیحییەكان خەریكی فەلاحەتی‌و شوانكارەیی ، یا ڕەبەن بوون بە دەگمەن مەلبەندی هێزو دەسەلاٚتیان

لەدەستدا بووە، بۆیە لاهوتەکەیان لەوەدا هاتووە کە خۆرسکە چوستیو چالاكو هەڵقوڵاوی دڵە، کە نزیکە لە لاهوتی هاوچەرخ نەك لاهوتی کلاسیکی.

## خاسیەتەکانی:

**1. لاهوتی باوکانی:** یا ئەوانەی کە دایان مەزراندووەوە وێنەی هێلەکانو ڕوحانیەتیان بۆ کێش اوە. ئەوانە باوکانی کەنیسەن لەسەدەکانی حەوتی یەکەمدا، دواتر وەستاوە لەبەر چەند هۆیەك. وەك ئەوەبێ تەواوکراوە . چووە ناو پیرۆزیەتی جێگیربوون . ئەوەی لە ماوەکانی دواتر دێت لێرەو لەوێ تەنها دووبارەبوونەوەیە یا ڕوون کردنەوە.

**2. لاهوتی نووسینەوە** : واتە لەسەر پە یامی خودایی چڕ دەبێتەوە، هەڵدەستێت بە لێکدانەوەی پرۆگرامی لەسەر هێلی ڕەبانی دا ،کە هونەری ئەدەبی تیا بەکارهێنراوە. بە ئامانجی پێشکەشکردنی فێرکردنی باوەڕداری بە پشت بەستن، بە دەقەکانی نووسین، لە ڕێگەی دۆزینەوەی وێنەو هێماکان بە شێوازێکی (ئە غادا) و هەڵهێنجانی فێرکردنێکی ڕەوشتی– زانستی بە هەمان پرۆگرامی (هەلاغا) وە زۆر بە کارهێنانی پرۆگرامی جێ بەجێکردن (المنهجیە التطبیقیة typology وە هێمای allegory).

**3. لاهوتی عبادەت کردن**      : واتە لیترجی جیاوازی ناکات لە دەقەکانی نوێژی کەنیسەو پاڕانەوەدا. لەبەر ئەوەی لیترجیای کەنیسە بریتییە لە باوەڕهێنانی تەواو بە واقع کە چۆتە      ناو دڵو دەروونی باوەڕداران و ڕەگو ڕیشەی لەناویاندا کوتاوە.

**4. لاهوتی فێرکاری** Cateehetic: واتە بایەخ بە فێرکردن دەدات نەك تەماشاکردن. کە نامەکانیان لەسەر شێوەی وتار (میامر) دامەزرێنەری لەسەرباوەرداریو خێری ڕۆژانەدا بۆ پێگەیاندنی خەڵك بۆ ژیان بەپێی داخوازییەکانی ئینجیل. بەپێی جۆری بارەکانو بۆنەکانی کەنیسە. کەم هەیە لێکدانەوەی پرۆگرامی سیستەمی Systematic. تیا بێت.

**5. لاهوتی تە دبیری:** واتە هەڵقولاو لە تەکبیری   ڕزگارکەر کە بنەمای لاهوتی ڕۆژهەلاتییە. تەدبیر یاخود تەکبیر بە واتای لە بواری لاهوتیدا، کاری خودایی بە تەواوەتی، دەستپێکەر بە خولقاندن تاوەکو کۆتایی زەمان، خودای تاکو تەنهاو سێ لایەن مرۆڤ بەشداری تیا دەکەن کە میحوەری تەکبیرکردنە   . باوکانی  ڕۆژهەلاتی لەسەرجەم فێرکردنەکانیاندا لەسەر خودا ئاماژە بەوە دەکەن کە تەدبیری خودایی لە پەیدابوونی مرۆڤ کە پێشوەخت هەڵگری بووە لەسەر شێوەی تۆ (بذ رە) بووە جەستەی وشە   . پەیداکەرو جەستەکە  ر بە یەکەو  ە بەستراونو تەواوکەری یەکترین      و **دەربڕی خۆشەویستی** خوادەکەن . تەدبیرو  ڕێچکەیەکی مێژ ووییە لە ئەلفەوە بۆ    یا ء بە

جەستەیەوە پڕکەری خودایەو نهێنی ئامادەبوونیە تی لە عیسای مەسیح، کە ناودەبردرێت بە کەسی تەدبیری (کەسی مشور خۆر). ( ܡܫܝܚܐ ܕܡܬܒܪܢܘܬܐ)

**6.لاهوتی نێگەتیف :** واتە باوەڕی ڕێگای نەفی کردنە apophatic بۆ ڕوونکردنەوەی خاسیەتەکانی خوا . بە ئاشکرا خۆی بەلای پاکانە دادەشکێنی . کە خوا نەبینراوە، هەست پیٚ نەکراوە نەمردووە.. هتد.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشەرە لەوە کەم دەکاتەوە ، لەهێنانی ناوی شکۆمەند هەروەك لای جوولەکەو ئیسلام هەیە ئەوەی کە پیرۆزمان دەکات، سوپاس بۆ پیاو چاك ... ئەو ڕێگا نێگە تیفە دەربڕی قووڵی ئەوەیە کە مرۆڤ بیٚ هودەیە لە تێگەیشتن کیانی خوای بەتوانای هەستیار "گەنجینەیەك هەلیدەگرین لەناو کوپەیەکی سوو رکراوە" (2 قور 4– 7).

**7.لاهوتی بەرگریکار:** واتە بەوە ناودەنرێت کە بەرگری دەکات و دژایەتی بەرهەڵستکارەکانی تر دەك ا، لە جیاتی هە ڵسان بە خۆ پیشاندانی باوەڕداری بەفرمانێکی پاراو، بە بەکارهێنانی ڕێگای مەنتیقو لێدانی بەڵگە بە بەڵگە.

**8.لاهوتی صۆفی گەری :** ڕەنگە وا بێت ،چونکە زۆربەی نووسەرەکانی لە ڕەبەنەکان ، کە داوای ڕوحانیەتی صۆفی گەری

دەکات، بەپێی ئەمە ژیانی باوەڕداری دەگ ەڕێت (دەرچوونێکی ) بەردەوام لەدوای نهێنی خودا بۆ زانین دەربارەیەوە، خۆشەویستی بۆی، یەکێتی بەوەوە. سوورە لەسەر دڵ بەپێی ئەدەبیاتی صۆفی گەری کە جێگای تێگەیشتنو قەڵای بنچینەیی مرۆڤە).

وەتایبەت بە لاهوتی مەسیح، هەندێك لاهوتییەکان لەکۆندا وشەی سروشتییان بەکاردەهێنا (ܟܝܢܐ ) (Physis) . وەشی ئەقنۆم (ܩܢܘܡܐ) ( hypostais) بەهەمان واتەوە. هەندێکیان وشەی ئەقنومو کەسێك Prosopon وەك هاومانا بەکارهێنا . بەڵام ڕۆژهەڵاتەکان، شێوازێکی پرۆگرامی فەلسەفییان داهێنا کە دەربڕی جیاوازی یەکگرتوویی نێوان خوداو مرۆڤایەتییە.

وەك کیان: کە بیرۆکەیەکی داماڵدراوی سروشتییە، واتە خ اسیەتەکان هاوبەشن کەوا باس دەکات (سروشتییە وەك سروشتی مرۆڤایەتیو وەیا خودایی).

قنوما: بریتییە لە مەفهومی تایبەتی ئادەمیزادێك کە لەدڵو دەروونی تاکەکەدا هەیە. واتە لە کیانی قووڵیدا.

(ܦܪܨܘܦܐ)– تاکە کەس وەیا (ܐܦܐ) – ڕوومەت – واتە وێنە.

کە تەنها مەبەستی شێوەی دەرەوەی نییە ، بەڵکو خاسیەتە بنچینەییەکان (جەوهەری نەبینراو ) کە بۆ دەرەوە دەردەکەوێت، هەموو کردەوەکانی بۆ دەگەڕێتەوە.

بەپێی ئەم پرۆگرامە مەسیح دوو سروشتو دوو ئە قنو م و یەك کەسە. لە خودی خۆیدا ئالوگۆڕی تایبەتی هەردوو سروشت ڕوودەدات:

ئادەمیزادیو خودایی بە یەکەوە، تەنهایی تیایە نەوەك كۆنفدرالی و نە ئەدەبی ،بەڵكو لە جەوهەردا.

بەڵام سیانەی پیرۆز، کە عیسا بۆ ئێمەی دۆزیەوە . خۆشەویستی دەرکەوتنی خودا پێك دەهێنێت. ئامادەبوونی وەك باوكو كوڕ و ڕوحی پیرۆز، جیاوازی هەیە لە ڕێگا ئامادەبوونی هەرسێك، بەڵام بە چاو هەر یەکە، باوك سەرچاوەیە– هەیە– (ܐܝܬܘܬܐ) مەوجودە ، بزوتنەوەی خۆشەویستی دەرکەوت لە كوڕو ڕوحی پیرۆزدا . باوکانی کەنیسەی ڕۆژهەڵات شێوازی جۆراو جۆریان بەکارهێنا بۆ دەربڕین دەربارەی سیانەو تاقانە بە یەکەوە. وەك ڕۆژوەکانی ئاوا ، سێو مرۆڤ: نەفسو جەستەو هێز. زاراوەی ئەقنومیان بەکارهێنا (لەجیاتی کەس ) زۆرتر لەبارترە.

## مەریەمی پاکیزە ( مریم العذراء )

لاهوتی مەریەمی ڕۆژهەڵاتی مام ناوەندیە بەبێ زیادەڕۆیی ، یا پەراوێزکراو. بەگشتی لاهو تی باوکانەو لیتورجییە، دەتوانین لە سێ خاڵ کورتی بکەینەوە:

1.پاکیزەیی: جێگیرە لەکاتی سك پڕیو منداڵ بوونو دواتریش ئەمە ئاماژەی پێ دەکرێت لەلایەنی باوکانەکانی ئەفرامو فرسای.لەسروتەکەی دا.

2.پڕ لە بەرەکەتە: ئەم نیعمەتە لە کوڕەکەیدا بۆی هاتووە ، لە قەبووڵ کردنی و ئاوێتە بوونیەوە . بەم شێوەیە بە نمو ونە بۆ هەر دایکێك دادەنرێت. بۆ هەر قوتابییەکی کراوە، بە سادەیی لەسەرخۆدا کە ئەمە وێنەی کەنیسەیەکە گوێ ڕادەگرێتو قبووڵی دەکاتو دەژی.

3. ایکایەتییەکی شامل: مەریەم لە حەوایەکی نوێ دەکات، کەدایکی مرۆڤایەتی نوێیە (کەنیسە )، کە نۆبەرەی مەسیحەو سەرۆکایەتی دەکات.

نازناوەکانی:پاکیزە، پیرۆزە– دایکی مەسیح (عیسا)، دایکی ڕزگارکەر، ئاسمانی دووەم، حەوای دووەم، تابووتی پەیمان، کچی داود، بووك، بۆ هەموو کەنیسەی ڕۆژهەڵات، لام داوە لە نازناوی (دایکی خودا ) (Theotokos) بە هۆی ئیلتباس، ئەمە لەلایەن نرسای تەبریری بۆ دەکات، بەهۆی لەدایکبوونو گەشەکردن کە لە خاسیەتەکانی مرۆڤدان . وە زۆرێك لە سروودەکان کە تایبەت بەمە ئەفرامو نرسایو هی تریش. نرسای دەڵێ : پێویستە نازناوێکی شیاو بدرێت بە مەریەمی پیرۆز، دایکی ئەو وێنەیەی کە بەهۆیەوە وێنەی لاهوتی نەبینراو ئاشکرابوو ، بەڵام کوڕەکەی پێی دەڵێن مەسیح (عیسا )، کورو پاشا (ملك )و خوا (دەستنووسی بورجا 83 لاپەڕە 24وجە). لتورجی ڕۆژهەڵاتی یادگاری مەریەمی پاکیزە دەکات لە پێشەکی نوێژەکان دا (پێش نوێژی قانونی ئیمان) لە نوێژەکانی بەیان یانو ئێواران، چوارشەمموان وەك ڕۆژێکی تایبەت بۆی دانراوە. جەژنەی تایبەت کە بەرۆژی پیرۆزبایی (دووەم ڕۆژی لە دایکبوون) پارێزەری کشتوکاڵ لە 15ی مایسەوە گواستنەوە

له 15ی ئاب. وه جەژنی تر لەدایك بووه له ژێر کاریگەری لاتینیدا، له نوێژەکانی دیاریکراو ([illegible]) به که نوێژێکی تایبەتی بۆ دیاریکراوه. زۆرێك له کەنیسەکان بەناوی ئەوەوه ناونراون.

## نهێنییەکان (الاسرار):

چەمکی نەهێنیەکان له کەنیسەی ڕۆژهەڵات سنووردارنییه بەکارهێنراوه بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەو شتانەی پیرۆزن به تەواوەتی هەروەك ڕۆژئاوا وشەی Sacrament به کاردەهێنن بۆ ئەو هێماو شتانەی که پیرۆزن، به پلەیەك که قەدیس ئوغستینوس (430+) لیستێك به (340) نهێنی یادکردووه . وشەی نهێنی نەگەڵاڵە کرا بوو ، نه سنووردارکرابوو ،تەنها بەم دواییه نەبێت ژمارەیان حەوته و کەنیسه ی لاتینی سنوورداری کردووه ، له کۆمکاری ترینتینی (1545– 1563)، کەنیسەی ڕۆژهەڵاتیش بارودۆخی وەك بارودۆخی بەشەکانی تری کەنیسەکانی ڕۆژهەڵاتی بووه تەنها کەنیسەی کاثو لیکی نەبێت . هیچ ڕێگایەکی لا گەڵاڵه نەبووه بۆ نهێنییەکان به پرۆگرامێکی وورد، لەبەر زۆر هۆکار تا کاتێکی درەنگ. به ژمارکردنی ئەو نهێنییا نەی نیشانەی پیرۆزی توخمەکانی مادیانەیه ،که بەهۆیەوه نیعمەتی خودا پێشکەش دەکات، دەربڕی ئامادە یی و خۆشەویستییه و لەم نهێنییانه بوارێك دراوه بۆ پێك گەیشتن. لیستی حەوت نهێنییەکان له کتێبی (الجوهرة)ی عـ ەبدع شـ وع سـوبـ اوی (+ 1318) به درێژی ﻫ ــ اتووه. که کتـێبێکی فــێرکردنی مەسیحــییه به ڕەسمــی باوەڕپێکراوه)[22]:

---

(22) کتاب الجوهرة ترجمة الاب لويس ساكو بغداد 1978 عن الاسرار، ص43-59.

کەهنوت، لە ئاو هەڵکێشان، چەورکرن، قوربان، خومرەی پیرۆز (ܡܠܟܐ ) لە گوناە خۆشبوون (ܫܘܒܩܢܐ). نیشانەی خاچ ، یا مارەیی (زواج)و پاکیزەی (البتولیة). بەڵام لیستی نوێی تیمثاوسی دووەم (+ 1332) لە کتێبەکەیدا: (العلل السبع لاسرار الکنیسة)، دەستنوسێکە لە فاتیکان بە سریانی 151 هەندێك جیاوازی کەمی تیایە: کەهنوت، لە ئاو هەڵکێشان، قوربان، زەواج، لە پێناو بۆ ژیانی ڕەبەنایەتی ، لە پێناو مەزبەح تەجنیز . عبدیشوع دوو لایەنە پشتی بەست بە دیاریکردنی ڕاستیەکانی نهێنیو دروشمی: مادە (Materia) وەك ئاو و نانو زەیت (چەوری)و وێنە Forma، واتە ڕێگەی نوێژکردن، پێ دەچێ کە ئەم دیاریکردنە جێبەجێ کرا بە هۆکاری موژدەبەخشە نێردر اوەکانی ئەورووپایی کە دەستیان کرد بە ناردنی وەفدەکان بۆ ئەو ناوچەیە.

نرسای وای دەبینی کە بۆ هەر نهێنییەك سێ لایەنی هەیە، لایەنی بیروباوەڕ کە باوەڕداری ڕاستەقینە دەردەبڕی . لایەنی ئەدەبی، ژیان بەپێی تەرتیبی بارە نوێیەکە کە نهێنییەکە دروستی دەك ات. لایەنی کۆتایی، ڕەجاکردن لەوەدیهێنانی لەسەر پڕبوونی ئەو هێمایەی کە ئاماژەی بۆ دەکات لە نهێنی لەجیهانی کۆندا. بە بەجەخت کراوی ودوور لەگومانەوە هەندێك لە نهێنییەکان هاتوون لە پێناو یەکێتی کەنیسەدا . وە بەردەوام بوونی ڕەسولی (نێردراوەکان ) هەروەك هاتووە لە خەمیرەی پیرۆز ( ܡܠܟܐ ) وە ئەسقەفیە بـۆ خەلافەتی ڕەسولی[23].

---

(23) عن الاسرار في الکنائس ذات التقلید السریاني (طالع، الحوار السریاني 4، 5 الذي قامت به مؤسسة براوارنتی : syrtac Dialogue 4 & 5Svienna 2002 & 2003.)

# ڕوحانیەتی ڕۆژهەڵاتی[24]

مێژووی ڕزگارکەر (ܡܕܒܪܢܘܬܐ) (Oikonomia) لە کتێبی پیرۆز دەڵێت سەرەکەی عیسای مەسیحە، لە کەنیسە جێبەجێ دەبێت (کۆمەڵ– الجماعة ) وە دواتر لە دەروونی مرۆڤی باوەڕدار، ئەمە لەماوەی ساڵێکی تەقسی دێتە دی. کە هەموو قۆناغەکانی جیا جیا مان بۆ پێشان دەدات لە قۆناغەکانی مێژووی ڕزگارکەر بەشێوازێکی واقعیو بە کردەوە (واتای لاهوتیو ڕەوشتی) وە لەکۆتایی لە ژیانی ئەبەدی بە ڕێگایەکی پلە پلەیی (واتایی کۆتایی– پیرۆزکردنی کەنیسە) و تێڕامانی بەردەوام، بەتاك و بە کۆمەڵ، لەنهێنی مەسیحو کەنیسە، هەڵسوڕا ن کارێکی سۆفیگەری بۆچوونە ناوڕاستییەکان کەسێك و ڕووداوەکان بۆ ئەوەی بیناسین ی و بۆ واتای ئەو کارانەی بەدەست کەوتوون، کە بەرنامەی پێگەیاندنە دەتوانی پاڵ نەربێ بۆ بیرکردنەوەو تێرامان لە بابەتە ئەساسییەکانو چارەنووس سازەکان کە لە دەستەیەك مەسیحی پێکهاتووە ، هۆشی اری بۆ نهێنی موژدەکەیانە ، ئاراستەکردنی نوێژەکەیو ڕێبازەکەی.

سروتی ڕۆژهەڵاتی لای ئێمە چرایەك بە هەڵگیرس ـاوی لەناوەڕاستـی هەیکەل دادەنێـت بۆ ئەوەی ڕوونـاکی

---

(24) عن الروحانيه طالع كتاب الاب رِوبير بولاى الكرملي : مجموعة الرسائل الروحانية ليوحنا الدلياتي دار المشرق 1986 ومقالاته في المؤتمرات السريانية التي ينشرها مركز الدراسات والابحاث المشرقية التابع للرهبنة الانطونية المارونية– لبنان.

بدات بەخوانی ئەفخارستیاو کتێبی پیرۆز کە پێشان دانراون بۆ ڕێزلێنانمان.

نرسای بەوە جیاوازی دەکرێت لەنێوان وێنەی خودای چەسپاو و هاوشێوەی جوولەدار ،چونکە وێنەی خودا کیانێکە کە مرۆڤ لەبەری دەکاتو وە هاوبەشی دەکات لە ژیانی خودایی ، نموونە جوولەیە : گەشەکردنی بەردەوام بۆ ئەم چاندنەی خودایی لە مرۆڤدا واتە پاڵی پێوە دەنێت بۆ تەواوکردنی گیانی. گیان (روح) لە ئاو هەڵکیشاندا واتە (لەدایکبوونی نوێ) وێنەی جوان بۆ مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە، کە بە گوناھ شێویننراوە . وە ئەم وێنەی نموونەییە دەژیو تاقیدەکرێتەوە لە لیتوروجیا، نوێژی تاکە کەسو کۆمەڵ لە ڕێگای ئاهەنگ گێران بە نهێنییە پیرۆزییەکان.

مەسیحییەت بەبێ شارەزایی وپسپۆڕی صۆفی گەری– گیانی (روحی )، مەسیحییەتێکە هیچ تامی پێوە نییە، هەر مەسیحییەك پێویستە کە هەندێك شارەزایی هەبێ لە صۆفیگەریدا ، کە حاڵەتێکی ئیستثنائي نییە، بەڵکو لەسەر هەموو پێویستە تاقیبکاتەوە و ڕووحانیەت بە واتای ئەوەی (ڕوحی پیرۆزمان) هەبێت، بەجێی بهێڵین نوێژ لە ناخمان بکات بۆ ئەوەی بمان خاتە ناو نهێنییەکانی خودا . ڕوحانیەت بەو واتایە نایەت کە خۆمان لە جیهان دابڕین ،بەڵکو پێویستە ئەو زانیاریەمان هەبێت دەربارەی خودای باوك (ابونا ) زانیاریەکی ڕاستەوخۆ، زیادەکردنی ناوەڕاستی ژیانی ڕۆژانەی ئاسایی.

لێرەدا دوو مەرجی بنچینەیی هەیە لە هەموو دابوونەریتێکی ڕۆژهەلاتی بۆ ژیانی ڕوحی:

1. پابەندبوونی ڕاستەقینە بە مەسیح هەریەکە بەپێی حسیابی بارودۆخی تایبەتی خۆی ڕوحانیەتێکە بەندە لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەسە ر نمونەی بووکو زاواو– پەیمان.

2. ممارەسەکردنی نوێژکردنی قوولّ، واتە ڕوحانیەت، عەشقی خودایی– صوفیگەریەتی دلّ، هەروەك لای هەندێك لە ڕوحانییەکانی ڕۆژهەلاتی دەبین ریّت: یوحەننای دلیاتی، شەمعون دە تەیبوتا، ئیسحاقی نەینوی ، سەهدونا. ئەم ممارسە ویژدانییە ڕێگا بە باوەڕدار دەدات یەکێتی لەگەلّ خودا بکات لە سوجدە بردنو سوپاسگوزاری و هێزو ڕووناکی بۆ ڕادەکێشی وە ئاشتی بۆ ناوەندی هەولّەکانی ڕۆژانەیدا . نوێژەکانی تێکەلّ بە نوێژەکانی عیسا د ەبنو لەسەر ی دروست دەبن . صۆفیگەریەکانی ڕۆژهەلاتی بەو ممارەسەکردنەیان کاریگەریان لەسەر ئیسلام دا هەبوو.

3. لێرەدا دوولایەنی لەلایەن ڕوحانیەتی ڕۆژهەلاتی هەیە سەرجەمیان لە ڕەبەنەکانن، ڕەنگە ئەمە کاریگەری مەسیحی سکولا ریزمو مەسیحی ڕێکخراو (کتاب المراقی ) و موجاهیدە کان (رەبەنەکان ) وە خەلّکە سادەکە (ئەقراهاتی زانا _ افراهاط الحکیم).

## 11.سالوەگەری سروتی ( تەقس )ی و لیتروجیای ڕۆژهەڵاتی:

وشەی سروت گوزارشت (ܛܟܣܐ ) کراوە لە یونانی Taxis: واتە ڕێکخستن و سیستەم یا پەیڕەو . لێرەدا ئاماژە بە هەموو مەراسیمی عیبادەت کردن لە کەنیسەو نوێژەکانیو ئاهەنگ گێڕان بە نهێنییەکانو جەژنەکان دەدات. بە کورتی: سروتی تەعبیر لە باوەڕداری کەنیسەو کولتورو خوێندنییەکانی دەکات . وە وێنەی ناسنامەو کەسایەتی دەکێشیٚ.

لیتروجیا: Liturgia وشەیەکی یۆنانییە واتە خزمەتکردنی نوێژو عیبادەت کردن، یا کارکردنی کەهنوتی لە پێناو گەلدا کەنیسەی ڕۆژهەڵات وشەی سریانی بەکارهێنا(ܬܫܡܫܬܐ)، خزمەتێکو دەلالەت لەو کارە دیارو گرنگە بکات . لیترو جیا پرۆژەیە کە ئامانجی قووڵکردنە ماناکانی نوێژو کارکردنی لە ژیانی باوەڕدارانیدا. تاوای لیٚ هاتووە وەك سەرچاوەی ژیانە بۆیان، ژیانیان دەبێتە لیترو جیایەکی هەمیشەیی.

لیترو جیای کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی یەك لە کۆنترین لیترو جیا کانی کەنیسە دەژمێردریٚ . شێوە نەریتێکی مەسیحی لە ڕەسەنایەتی ئورشەلیمی (جوولەکە) پەیدا بووە. ئەم لیترو جیایە لەنوێژی ڕۆژئاوا پێکدێت (ܪܡܫܐ) وە نوێژی شەو(ܠܠܝܐ) وە بەرەبەیانی(ܨܦܪܐ) کە ڕۆژانی

ئاسایی دا نوێژی شەوکردنەوەشی (سهرة )(ܣܗܪܐ) دیتە سەر ڕۆژی یەکشەممە لەنێوان نوێژی شەوو بەرەبەیان. بەڵام خزمەتگوزاری وەرزی پارێزی گەورە بەم شێوەیەیە : نیوەشەو . شەو . شەوکردنەوەو بەربەیان (ܨܦܪܐ ) واتە نوێژی کاتژمێری نۆ (ܬܫܥ ) واتە نیوەڕۆ (ܛܗܪܐ )، واتە عەسر (رەمش ) دواتر (ܪܡܫܐ ) نان خواردنی ئێوارە ئەم هەشت کاتە بە زەقی دیارە لە ماوەی بە ڕۆژوبوون. ئاسایی بە یەکتری دەبەسترێتەوە هەروەك نوێژی کاتژمێر نۆو نیوەڕۆ عەسرو نان خواردنی ئێوارە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە ڕۆژانی بە ڕۆژو بوون خواردن تەنها لە یەك کات دایە لە ڕۆژائاوادا.

لەسەرەتادا دوو شێوە خزمەتکردن هەبوو : یەکەم بۆ گەل (کاتدرائیەکان) لە شارەکان داوە دووەم بۆ ڕەبەنەکان لە دێرەکان. ئەم جیاوازییە دواتر نەماوە. ئێستا کە یەك جۆرە خزمەتکردن هەیە بۆ گشت.

دانانی شیعری قافیەو هاوکێشەو کورت هاتە ناو لی تورجیای کەنیسە و بە چڕی دەبینرێ لە ناوەڕۆکی لیتروجیای ڕۆژهەڵاتیدا. جیناسی ئەدەبی بەکارهێنراو بریتییە لە : (ܥܢܝܬܐ )(گۆرانی– اغنية ) کە دیری کورتن وە (ܬܫܒܘܚܬܐ) (سوپاسگوزەر ی– تسبحه ) کە دیرە شیعر ی درێژترن و مەدراش کە بریتییە لە شیعری خەلوەتگەریو فێرکردن. وە زۆر دەگمەنو وتار یا شیعری درێژ دەبینرێ، بە دەر لە نوێژو ڕۆژو نەینەوا (باعوث) کە ئەم تەرتیلە دیارانەو هەڵبژاردانە نوێژی

کەهنوتیو داخوازی تیایەو داخوازیو دووبارەکردنەوە کە لەلایەن خەڵکەوە دەگوترێ.

زۆربەی تەرتیلەکانی کەنیسە بە ڕەسەن دەگەڕێتەوە بۆ قەشەکانی کەنیسەو دێرەکانی سەدەی حەوتەم بە سەدەی زێڕینی لیترو جیای ڕۆژهەڵاتی دادەنرێت.

سروتی کلدانی– ئاشووری سادەترین سروتی ڕۆژهەڵاتییە ، لە کۆنترینیانە، لەناوچەیەك دروست بوو کە زۆر دووربوو لە کاریگەری هلێنی، وە پارێزگاری لە ئاوازو مۆسیقای خۆی کرد کە پابەند نەبوون بە شێوازی نۆتەو هاوکێشەکانی، ئاوازی بەجۆش بوون کە شێوەیەکە لە پاڕانەوەو گەشانەوەو خۆشیو باوەڕەوە.

سالی سروتی ڕێکخراوە لەسەر بنەمای تەکبیرکردنی ڕزگارکردن . بە درێژایی سوڕانەوەی سالْ بایەخ پێدانی باوەڕداران ڕوەو بیرکردنەوەو خەلوەتە لە قۆناغەکانی ژیانی عیسا (کوڕ)ی نموونەی، لێی وەردەگرن، دەیخەنە سەری ئەوەی کە ئەوان بایەخی پێ دەدەن بۆ ئەوەی وردە وردە بە لایان دابچێت . ئەم ڕێکخستنەی سروتەکان چاکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەتریریك ئیشوعیابی سێیەمی حدیابی (+ 659) ، ڕەبەنەکانی دێری سەرو لە موسل.

لێرەدا ئومێدەوارین کە شاگردەکانی (قوتابیانی ) مەسیحی تەواوی بکەن (فێرکردنی مەسیحی) لە سالی سروتی. واتە لەسەر تەکبیرکردنو ڕێکخستن کە یاریدەدەرە بۆ خوێندکاران بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی

ژیانی مەسیح (عیسا )وە هێماکانی و ئاهەنگەکانیان، بۆ ژیانی ان لە درێژەی ژیانی ڕۆژانەیاندا.

خولی سروتی دەست پیێ دەکات لەکاتی موژدەبەخشییەوە (البشارة)(ܣܘܒܪܐ) کۆتایی دێت بەکاتی پیرۆزکردنی کەنیسە (البيعة- کنیسة)(ܩܘܕܫ ܥܕܬܐ) (قوداش عیثا ) وە هەر کاتێك (زەمەنێك ) پێی دەڵێن حەفتانە(ܚܦܬܢܐ).

کاتی مژدەبەخشی (زمن البشا رة)- لەدایکبوون : ماوەکەی چوار یەکشەممەیە. سەرەڕای دوو یەك شەممە بۆ لە دایکبوون . مژدەکەی زەکەریاو یا صابات، بۆ مەریەمو یوسف بۆ شوانەکان بۆ ئێمەش، ئەو موژدەیە دەمانباتە ناو ن هێنییەکانی جەستەیی- تەکبیرکردن وە ئاوێتەبوون لە گەڵیا بەشەوکردنەوەو نوێژ کردن وە کاری چاکە، چاوەڕوانی بە پاڕانەوە، هەموو خوێندنەکانو نوێژکردنەکان بۆ ئەو ماوەیە، هەواڵمان پیێ دەدات بە تەکبیرکردنی خوداو ون بوونی ئادەمیزادو ڕۆلەکانی هاتنی عیسا- ڕزگارکەر، داوا دەکات بۆ شەوکردنەوەو وریابوون بۆ نیشانەکانی هاتنی و ئامادەبوونی بۆ چەند جارێك.

**کاتی دنح- بەدیارکەوتن:** (7- 8) یەکشەممە دەگرێتەوە بۆ ئەو زەمەنە دەچینە ناو نهێنی خودای سیێ لای ڕزگارکەر بۆ ئێمە : باوکی خولقێنەری خۆشەویست، ڕۆلەکانی خۆبەختی خۆشەویست گیانی زیندوو کەرەوەی پیرۆز . لە زەمەنی دنح وێنەی خودا

دەدۆزینەوە کە کێشراوە       بەو لەئاو هەڵکێشانە لە ژیانماندا، وە لەسەردەمو چاوماندا دەرچوون بۆ ژیان لەگەڵ نهێنییەکانی بە قوڵو ئەمانەتو پاکیدا یوحەننای پەیامنێر، شاهیدی بۆ دەدەین کە چیمان بیستو چۆن تاقیمان کردەوە.

**کاتی ڕۆژوگرتن ( زمن الصموم ):** دوای دنح دێت، واتە دوای لە ئاو هەڵکێشان کە (6) حەفتە لە خۆوە دەگرێت  . سەرەڕای حەفتەی پیرۆز کە بە هەڵسانەوە خۆی دەڕازێنێتەوە. خوێندنەوەکانو نوێژەکان توند دەبێت بۆ دەرچوون لەکاتی ئاساییدا بۆ بەرزبوونەوە بە جیهانی خودا، بە هاوکاری لەگەڵ بەرەکەتیدا، بەرۆژگرتنو نوێژکرد         نو خێرکردن، کاتێك کە لەسەرەتا  دا خوێندنەکانی عیسا لە چۆلەوانیدا دەخوێنینەوە. لەبەر ئەوەی کارامای کوڕ  توا نامان پێ دەبەخشی، ئەگەر بمانەوێت بژین بە ژیانی کوڕی خوداییو لەسەر شێوەی ئەودا.

**کاتی بەرەبەیان- ( زمن الفصح )- هەڵسانەوە :** دابەش دەبێت بەسەر (7) یەکشەممە. یەك شەممەی هەڵسانەوە، ناسراوە بە (حەفتەی حەفتان) ئەوانە دەگرێتەوە کە ئاهەنگی تایبەتی دەگێڕن بە لە ئاو هەڵکێشراوە نوێیەکان  (ئەوانەی کە لە ئاو هەڵکێشران   ڕۆژی هەڵسانەوە  ) هەموو خوێندنەکانو نوێژەکان ئاماژە بە لە ئاو هەڵکێشانو دەرهاوێشتەکانی دەکەن . دوای ئەو یەك شەممەی نوێ

دێت (یەك شەممەی تۆما ) ئاماژە بۆ سەردەمی نویٚ دەکات، سەردەمی پاشایەتی، لە ئاو هەڵکێشراوەکان لە ئێستاو بە دواوە، بۆ سەردەمی نویٚ دەگەڕێنەوە– سەردەمی هەڵسانەوە– زەمەنی خودا یانا زەمەن، یەکشەممەکانی تر دەربارەی کولتوورەکانی عیسا دەدوێن، کە داوای ئیمانداریو باوەڕپێهێنان دەکات.

## سەردەمی قبوڵکردنی گیانی پیرۆز نێردراوەکان

( **الرسل** ): کۆتایی بە خۆشییەکانی هەڵسانەوە بە یەك شەممەی چوونە ناو گیانی پیرۆز کە (7) حەفتە دەگرێتەوە. ئەمە ماوە دانە بە کەنیسە– مەسیحیەکان بۆ هەڵگرتنی مزگینی : باوکایە تی خوداو خۆشەویستییەکەی لە خۆ بوردنەکەی. مەسیح (عیسا ) بەرەو ئاسمان سەرکەوت، بەسەرکەوتنی بۆ ئاسمان بەرپرسیاریەتی بەردەوام بوون لە مزگێنی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی باوەڕدارانی.


## سەردەمی هاوینەو ئیلیاو خاچ و موسا

: ئەو سەردەمانە دابەش دەبن هەر یە کەیان بۆ (7) یەك شەممە . ئەمە سەردەمەکا نی تۆبەکاری باوەڕپێهێنانە، هاوین سەرد ەمی ئیسراحەت کردنە– پشوودانە– وەرزی دروێنە کۆتایی هات. بۆ مرۆڤ بە کەڵکە بایەخ بە کارە ئاساییەکانی خۆی بدات بۆ ئەوەی بچێتە خوارەوە بۆ ناخی خۆیەوە. هەڵسەنگاندێك بکات بۆ ڕابر دوو ئەوەی تیای دا دەژی لەم

کاتەدا و ئەوەی بۆ دوا ڕۆژ دەڕوانێت. سەردەمی ئیلیا نیشانەیەکە بۆ گەڕانەوەی مەسیح، سەردەمی موسا ،بەڵام سەر دەمی خاچ دەکەوێتە نێوانیانەوە هێمایە بۆ لە خاچدانی عیسا کە تەوەری ڕزگارکردنە . کە لەسەردەمی کۆتایی هاویندا جەژنی (عید التجلی) کە هەر یەك لە ئیلیاو موسا لە دەوری عیسا کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی گەواهی بۆ بدەن بە کامل بوون‌و تەواو.

**ئەو سەردەمانە :** ئیلیا- خاچ، موسا یەك شەممەکانی وەك یەك نییە لە ڕووی ژمارەوە، هەندێ کات بە یەکتر دەگلت‌و دەبێتە یەك.

**سەردەمی پیرۆزکردنی کەنیسە** : پیرۆزی کردن ناونیشانی ئەم سەردەمەیە، وە کۆتایی هاتنی ساڵی تەقسی‌و مەبەستەکانیەتی تەکبیرکردن ئامانجی پیرۆزکردنی کەنیسەیە، کۆمەڵ- الجماعة - تاوەکو ببێتە بوکێکی لایەق بە زاوایەکی خودایی ... خوێندنەوەکان‌و نوێژەکان داواکارە بۆ دوورکەوتنەوە لە شتی کۆن، دروستکردنی نوێ ڕۆیشتن بەو ڕێگایەی کە عیسا بۆ ئێمەی ڕووناك کردەوە.




بێگومان ئەو سەردەمانە جەژنەو یادکردنەوەی تیایە هەموویان

ئاماژە بە توندو تۆڵی باوەڕداران دەکەن بۆ خودای زیندو ، چاو ەکانی

تێبڕاوە لەبەر ئەمەی دوا ڕۆژی دروست دەکات.

# ئاهەنگ گێڕان بە نهێنییەکان

کەنیسەی ڕۆژهەڵات دان پیانان بە حەوت نهێنی کەنیسە دەکات . بەڵام لاهوت ناسەکانی بایەخی کەمتر پێ دەدەن لەچاو ئەوەی کە کەنیسەی لاتینی بۆ ژمارەی حەوت تا ئێستاو ئەمڕۆ لە کەنیسەی ڕۆژهەڵات، تەنها کاثولیکی نەبێت بە گشتی جیاوازی ڕوون لە نێوان حەوت نهێنییەکان‌و شێوە نهێنییەکان هەندێك جێبەجێ کردنی تەقسی هەروەك لە پێشەوە باسمان کردن.

جێبەجێ کردنی لە ئاو هەڵکێشان بەسێ جار لە ئاو هەڵکێشانەکە تەواو دەبێت . (میرۆن )یان دەدرێتێ بە هۆی قەشە دوای لە ئاو هەڵکێشان ڕاستەوخۆ . هەتاوە کو بۆ منداڵانیش کە دەچنە ناو ئەندامەتی کەنیسە هەر لە منداڵییەوە تیایا پەروەردە دەبن.

بەڵام ئەنافورات، ئیشوعیابی سێ یەم هەمووی دوورخستەوەئەو هەموو ڕێکخستنەی قەداسەکان کە لەلایەن باوکانی کەنیسەوە کرابوون وەك ئەفرامو نرسی وە سێ لە ئەنافۆرتی هێشتەوە:

- ئەنافورای نێردراوان: ئەدای‌و ماری.
- ئەنافورای تیودورسی مەسیسی.
- ئەنافورای نەستوریس.

ئەنا فۆرای دوو نێردراوەکە، کۆنترینیانەو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێیەم ساکارترینیانەو زیاتر ڕێزی لێ دەنرێت، دابەشی دووبەش دەبێت، یەکەمیان کە نوێ ژی سوپاسگوزارییە بۆ بنیادنەری خوداو کارە

ڕزگارکەرەکانی، بەوە جیا دەکرێتەوە کەوا زۆر سادەیە . بەشی دووەم جەخت لەسەر ئازارەکانو مردنو ناشتنو هەڵسانەوەی عیسای گەورەمان دەکات. ئێمەش ئەی گەورەمان، تۆ دەپەرستینو لاوازینو کۆبووینەتەوە بەناوی تۆوە، ئێستا بۆ تۆ دەوەستین، کە هە موو قبولمان کرد بێ دوو دڵی (لە باوکانمانەوە) ئەو نهێنییەی کە لە تۆوە بۆمان هات . بەخۆشییەوە بەرزی دەکەینو گەورەی دەکەینو یادی دەکەینو ئەم نهێنییە مەزنە تەواو دەکەین، موهیبو پیرۆزو زیندوکەرەوەو خودایی . بە ئازارەکانی گەورەو ڕزگارکەرمان عیسای مەسیح، مردنی ،ناشتنی ، هەڵسانەوەی، چیرۆکی دامەزراندنی، واتە ئەو وشانەی کە گەورەمان عیسا وتویەتی لە شەوی خواردنی دوایی (لیلة العشاء الاخیر) کە وەرنەگیراوە، لەبەر ئەوەی کاراکەر گیانی پیرۆزە کەوا پیرۆزو موبارەکەی ئەو قوربانییە دەکات. وە داخوازی گیانی پیرۆز ئاهەنگ گێڕ قوربانەکە دەکات بە دوو بەشەوە هێمایەك بۆ مردن دواتر یەك لەنیوەکان لە کاسەکەی دەنێتو نیوەکەی تریەوە دەنێتو بەرزی دەکاتەوە هێمایەك بۆ هەڵسانەوەی عیساکە بۆ شاگردەکانی دەرکەوت . دواتر دەستپێکردنی تەرتیبی غەفوانو خواردنی دەکرێت ئینجا کۆتایی بە سوپاسگوزاریو بەرەکەت دێت.

# 12. دەزگاکانی ئێستا ( المؤسسات الحالیة ):

# رەهبانیات: ڕەبەنایەتی

## 1. رەبەنایەتی ئەنتونی هورمزدی.

رەبەنایەتی کەنیسەی ڕۆژهەڵات بۆ سەدەکانی یەکەم دەگەڕێتەوە ئەم گەواهییە لەنووسینەکانی ئەفراهامی حەکیم (+ 346) دەبینرێ لە بوونی ڕۆلەکانی سەردەم بە کورو کچەوە لەسەدەی شەشەمدا دەبینین بزوتنەوەیەکی دێری بەهێز کە (ئیبراهیم کشکری ) فەرماندەی دەکرد (+ 586). وە ڕێگا دیارەکانی ئەمانەن : وەحدانیەت، خوا پەرستی، دێرایەتی، گەرۆکەکان ... لەنووسینەکانی ڕەبەنەکانی ڕوحانیدا ڕەواجێکی گەورەی هەبوو، هەندێکیان وەرگێراون بۆ یۆنانی لاتینیو سلاڤیو عەرەبی.

لەسەدەی حەفتەمدا، دەبینین بزوتنەوەیەك بۆ دروستکردنو بنیادنانی دێرەکان بە درێژایی وڵاتو پانابیەوە هەیە . سەرەتا لە دێری چیای( ئیزلا ) دەست پێ دەکات: دواتر ڕەبەن هورمزو دێرەکەی خۆی لە چیای ئەلقۆش دروستکردوە م ار ئیبراهیم (ئەورەها )ی ماددی لە دەشتی بەتنایا. ( مار سبریشۆع ) لە چیای سنات. وردەکاری لە دێری شیش کرا، ئیلیای ح ەریری لە موسل، ژیانی دێرەکان لەسەردەمی عەباسییەکان گەشەی بەخۆوە بینی. کە دێرەکان مەڵبەندی زانستو

ڕۆشنبیری بوو ن. ئەم چاکەیەی پاراستنی ک   و لتو وری ڕۆژهەڵاتیمان دەگەڕێتەوە بۆ ڕەبەنەکان لە دەستنووسە پڕ بەهاکانیانەوە.



لەسەردەمی مەغۆلەکانو عوسمانییەکان ژمارەیان کەم بووەوە بەهۆی نەبوونی ئارامیو ئاسایشەوە، بەتایبەتی    (راهبات ) کە دێرەکانیان بەهاتنی ئیسلامەوە بزربوون، لەبەر مەترسی ڕفاندن وەیا غەسب کردن (الاغتصاب).

لەسەدەی نۆزدەهەم جبرائیل دمبوو وە دەرکەوت، شەماشەو بازرگانی ماردینی بوو بە ڕەبەن لای مارۆنییەکان لە دیری مار ئیشعیا لە لوبنان، کە هەڵسا بە گەڕاندنەوەی ژیانی دێرەکان بۆ کەنیسەی کلدانی . ساڵی (1808) ڕووی کردە ئەلقۆش کە ژمارەیەکی لە لاوان بۆ خۆی  ڕاکێشا  و ژیانی خۆیان تەرخان کرد لە  پێناو خودادا کە ئەمانە پاڵپشت بوون بۆ

جێگیربوونی کەنیسەی کلدانیو بڵاوبوونەوەی. لە ساڵی (1820) بەشێك لە مانە کران بە قەشە بۆ ئەو شوێنانەی کە ئەبرشیەکان چۆل بوون . هەندێکیان نێردران بۆ مزگێنی ناردنو بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی، ئەمانی تریش بایەخیان بە نووسینو گواستنەوەی دەستنووسەکان دەدا.

بەتایبەتی لەسەردەمی لاویەتیدا تووشی گرفتی زۆرهات لە سەرکردایەتی مار یۆحەنان هورمزد، لەبەر هێرشەکانی کورد . وە لە ساڵی (1833) میری کۆر (پاشای کۆرە) پاشای ڕەواندوز هێرشی هێنایە سەر ئامێدی، دواتر ڕووی کردە ئەلقۆش ژمارەیەکی زۆری کوشت و دێرەکەی تاڵان کرد ، لەنێوان کوژراوەکان قەشە دمبۆبوو کە تازە لە ڕۆما گەڕابۆوە . لاشەکەی لە کەنیسەی مارمیخا نێژرابوو . کە بارودۆخەکە هیۆر بووە وە گواستیانەوە بۆ دێری ڕەبەن هورمزد . لە (28)ی ئەیلولی ساڵی (1845) پاپا گریگوریوسی شازدەهەم قانوونەکانی ڕەبەنایەتی جێگیرکرد، دواتر بوو بە ناوەند.

لە ساڵی (1968) بەهۆی نا ئارامی لەناوچەکەوە بۆ ئەوەی لاوەکان بە دوای خوێندنی خۆیان بەردەوام بن لە پەیمانگەی قەشایەتی (المعهد الکهنوتی) سەرجەم ڕەبەنەکان گواسترانەوە بۆ دێرێکی نوێ لە ناوچەی دۆرە، کە دروستیان کرد لەسەر ناوی (مار ئەنتونیۆس) باوکی ڕەبەنەکان. بەڵام ڕەبەنەکانی ئەمڕۆ بەردەوامن لە پەرەپێدانی لاهوتی لە کۆلیجی بابل*.

* ئێستا ئەم کۆلیجە هاتووتە شارۆچکەی عەنکاوە دوای ئەوەی ناوچەی دۆرەی بەغدا کەوتە ژێر مەترسیو هەرەشەی تیرۆرستانەوە. لە ساڵی 2006 وە. (وەرگێڕ).

له ساڵی (1999) گۆڤارێکیان بەناوی (رەبەنوتا) دەرکرد کە ئەو بابەتانە لە خۆ دەگری تایبەت بە ڕەبەنایەتی‌و مێژوویی . ڕەبەنەکان دێرێکیان لە موسڵ هەیە (مار کورکیس)، لە ئەلقۆش، ماڵێك لە ڕۆما بۆ ئەوانەی کە دەنێردرێن بۆ وە دەستهێنانی زانستی باڵا. ماڵێك لە لوس ئەنجلوس لە ئەمریکا، سەرۆکی دێری گشتی لە ساڵی (2006)(قەشە جبرائیل کورکیس)ە.

## 2. رەبەنەیاتی کچانی مریەم (رهبانية بنات مريم):

وەك لە پێشەوە باسمان کرد کە ڕەبەنایەتی ژنان بزربوو لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، ڕاهیباتی دومینکیات لە تور لە فەرنساوە هاتن بۆ بایەخ دان بە ژنان‌و پەروەردەی منداڵ‌و پزیشکی، بۆ پشتگیری کردنی کەنیسەی کلدانی کا ثولیکی تازە دروست کراو لە ناوچەکانی سعردو دیاربەکرو جەزیرەو ماردین‌و دواتر یش لە موسڵ. هیوایان دەخواست کلدان ڕەبەنایەتی ژنانیان هەبێت، بەڵام ئەو هیوایە نەهاتە جێبەجێ کردن بەهۆی بارودۆخی ئاسایش‌و ئارامی تا ساڵی (1922) بە پیرۆزکردنی لەلایەن شێخی کلدان بەتریریك (ماریوسف عەمانوئیل )ی دووەم. بە هەوڵ‌و ك ۆششی هەردوو قەشە فیلیبس شو ریزو ىٔەنتوان زەبونی . کە یەکەم کۆمەڵەی ڕەبەنایەتی کلدان دامەزرێنرا لە ژێر ناوی (کچانی مەریەم ئاوس بوو بەڕێگای گیانی پیرۆز ) کاریان کرد لە بواری فێرکردن‌و کارگێری خەوەرنەکان وە سەرپەرشتی کردنی هەتیووەکان، ژمارەیان زیادی کردو بووە هۆی

ئەوەی ژمارەیەك دیٚ ریان هەبێت لەناو عێراقو دەرەوەیدا : بەغدا، بەسرە، کەرکوك، هەولێر، سلێمانی، موسلّ، کەرملیس، دهۆك، زاخۆ، میرنشینەکانی عەرەبی، ئەردەن، لوبنان، ڕوما، ئەمریکا، بۆ پێش چەند ساڵێك بلاّوکراوەیەکیان هەیە بەناوی (پەیمان– العهد ) کە چالاکییەکانیان دادەپۆشی وتار ی مێژوویی‌و ڕوحی تییایە، سەرۆکی گشتی یان خوشکە (فیلیب قرما)یە.

## 3. ڕاهیباتی دڵی پیرۆز ( راهبات القلب الاقدس ):

لە ساڵی (1911) لە گوندی ئەرادن لەوپەڕی باکوری عێراق قەشە عەبدولئەحەد ڕەئیس بە دەست پێشخەریەکی گەورە هەڵسا بە دامەزراندنی ڕەبەنایەتی خۆ جیێ. کار دەکات لە پێناو بەرزکردنەوەی ژنانی گوندەکەو گوندەکانی مەسیحی لە ئەبرەشیەی ئامێدی . کە هەندێك کچانی کۆکردەوە لە دێرێکی تایب ەت بە ڕەزامەندنی مەترانی ئەبرەشیە مار فرەنسیس داود کە بڕیاری پەیڕەوی ژیانیانی دا . بەهۆی کێشەکانی باکور لە ساڵی (1961) شوێنەکانی خۆیان بەجیّ هێشت لەگەلّ ژمارەیەك لە مەسیحییەکان بەرەو موسلّو شارەکانی گەورەی عێراق، بۆ پەیداکردنی بژێوی‌و ئاسایش، بۆ چەند ساڵێك ئەو ڕاهیبانە لە بینایەی پەیمانگەی کەهنوتی بەتریریکی لە موسلّ نیشتەجیّ بوون دواتر گواسترانەوە بۆ بەغدا . تاوەکو دێرێکی گەورەو جوانیان بۆ دروستکرا لە گەڕەکی عەرەبی لە نزیك دێری مار گورگیس ساڵی (1984). بە هەولّو کۆششی بەتریریکی خوا لیّ خۆشبوو مار ڕوفائیل

یەکەم بیداوید دوو دێریان لە بەغدا بۆ کرا یەکێکیان لە گەڕەکی میکائیك نزیك بە کۆلیجی بابل بۆ ئەوەی بتوانن بخوێنن لەخوێندنی باڵا بۆ بەدواداچوون لە ڕۆشنبیری لاهوتیدا . ئەوی تریان لە گەڕەکی فەلەستین . وە لە 6ی کانوونی دووەم ساڵی (1988)بەتریریك بیداوید ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەو ڕەبەنانە ڕەبەنی بەتریریکن، سەرەڕای دێرەکانیان لە موسڵ‌و بەغدا ماڵێکیان لە مانگیش، ع ەنکاوە، ڕۆما ، پاریس هەیە بۆ بایەخ دان بە جالیەی کلدانی لە سرسیل Sarcelles سەرۆکەکەیان (خوشکە ئەلبیرتین جەمیل)ە.

پێویستە ئاماژە بەوە بك ەین، بۆ ڕۆڵی ڕەبەنە ژنەکانی تر لەناوچەکانی تری عێراق داهەن، کە خزمەتی کەنیسەی کلدانیان کردوە، کەسانی کلدانی‌و هی تریش ڕووی تێدەکەن.باوکانی دۆمنیکان‌و کەرملییەکان‌و ڕزگارکەرەکان‌و عیساییەکان‌و ڕەبەنە ژنەکانیش : خوشکانی دومنیکیات بۆ قەدیسە کاترینیاو ڕاهباتی پێشکەوتوو فەرنسیسکیات بۆ دڵی مەریەمی پاکیزە و خوشکانی عیسای بچووك‌و خوشکانی خۆشەویستی بۆ دایکە تریزا.

## 4. پەیمانگەی کەهنوتی بەتریریکی:

وەك شوێن‌و کیان : بریتییە لە دەزگایەك ئامانجی پێگەیاندنی ئەکیروس‌و ئامادەکردنی قەشەیە بۆ دوارۆژ . لەو پەیمانگەیە قوتابییەکان لەسەر ژیانی ڕوحی‌و کەنەسی پەروەردە دەکرێن . هەموو

شتێك تیایدا لە پێناو قووڵکردنی ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی‌و لاهوتی‌و گیانی (روحانی) بۆ خوێندکارەکانە.

چاکەی دامەزراندنی ئەم پەیمانگە زیندوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەبەنی کلدانی لە عازەری دیاربەکری ڕوفائیل بەتروس مازجی . لەبەر ئەوەی سەرجەم ئەکلیروسە کارکەرەکان لەسەرپەرشتیارەکان لەوانە بوون ژنیان هەبوو کە هەژاربوون لە ڕووی ڕۆشنبیر ی لاهوتی فراوان‌و بە توانا، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کراوە، وە پرۆگرامێکی سەرپەرشتیانەی ڕوون‌و ئاشکرا، ئەم ڕەبەنە سووربوو بە دامەزراندنی پەیمانگەی کەهنوتی (قەشە )ی ڕێك‌و پێك (نظامی ) لە موسڵ ساڵی 1866 لەسەردەمی بەتریریك یوسف ئۆدۆ، چاپخانەیەکی بۆ بڵاوکردنەوە لەگەڵ خۆی هێنا بۆ بە چاپ گەیاندنی کتێب‌و بڵاوکردنەوەیان ، لە پاڵ چاپخانەی باوکانی دومنیکان کە لە یەکەمین چاپخانەکانی عێراق دەژمێردرێ. وە ئەم پەیمانگەیە ژمارەیەکی زۆری لە مەتران‌و قەشە بۆ کەنیسەی کلدانی پێگەیاندو بەرهەم هێنا . وە هەروەها ئەبێ چاکەی پەیمانگەی مار یوحەنناى حەبیبی کلدانی‌و سریان لە بیر نەکەین لە ئامادەکردنی قەشەی بەناوبانگ‌و ناودار بۆ ماوە زیاتر لەسەدەیەك بۆ هەردوو کەنیسە بە یەکەوە.

دواتر بەتریریك (پولس شیخو )پەیمانگەکەی گواستەوە بەغدا، بینایەکی گەورەی دروستکرد لە گەڕەکی میکانیك کە لە ژمارەیەك ژوور پێك هاتووە لەگەڵ پەرتوکخانەیەکی ئاوەدان . سەرەتا پەتریریك ئیدارەی پەیمانگەی دایە باوکانی کەرملی هندییەکان دواتر بۆ باوکانی

عیسای، دواتر بۆ ئەکلیروسی خۆ جێی [25]، بەڕێوە دەبردێ لەلایەن قەشە (سامی عەبدولئەحەد دنحا) و بەشێك بۆ منداڵان لە دێری صلیخ (کولیجی بەغدای جاران) (قەشە ئازاد)بەزیوەی دەبات.

## 5. کولیجی بابلی حەبری بۆ فەلسەفەو لاهوت:

خوا لێ خۆشبوو بەتریریك ڕوفائیل بیداوید بە یارمەتیدانی خوا لێخۆشبوو قەشە یوسف حەبی هەڵسا بە دامەزراندنی کولیجێکی تایبەت بە زانستی ئایینی، تیایدا بە یەك دە گەیشتن ڕەبەنەکانو ڕاهیبە ژنەکانو خوێندکارانی قەشا یەتیو عەلمانیەکانیە کارکەرەکان لە کەنیسەکاندا، ڕۆشنبیری لاهوتی باڵا. بە کۆلیجی بابل ناونرا، ڕێزگرتن بە نازناوی بەتریریکی کەلدانی. گۆڕانکاری لە بینایە ئەکلیریکی بچووکدا کرا بۆ ئەوەی ببێتە بارەگایان، بەڵام خوێندن تیایدا دەستی پێ نەکرد تا ساڵی (1991) بەهـۆی شـەڕی کوێتــ ەوە. لەم کۆلیجە ئـــ ەوانە وەردەگیران کە خوێندنی دوا ناوەندییان تەواو کردووە ، خوێندنەکە ش دوو ساڵ فەلسەفەیەو چوار ساڵیش لاهوتە، دواتر دەرچووەکان بەکالۆریوسیان پێ دەبەخشری لە زانستی ئاینی مەسیحی . لە ساڵی (1998) کولێجەکە بووبە (کولێجی حەبری ) بەسترا وەتەوە بە زانکۆی تریتیای دەخوێنن بە گیانێکی برایانەی کراوەو ەو هەمە لایەنە . ڕاگری کۆلیجەکە ئەمرۆ بەڕێز مەتران (جاك اسحاق)ە.

---

(25) تەماشای وتارەکەمان بکەن، دێری شەمعونی صەفای قەشایەتی، گۆڤاری نجم المشرق، ژمارە 41 ساڵی 1988 لاپەڕە 192- 197 وە هەروەها وتاری قەشە بەتروس حەداد، گۆڤاری (الفکر المسیحی) ئایاری 1974 لاپەڕە 212- 218.

پێویستە ئاماژە بە پەیمانگەی ڕوشنگەری- مەسیحی بدەین کە بەشێکە لەکۆلیجی بابل. کە بایەخ دەدات بە پێگەیاندنی مامۆستایانی بۆ ((قوتابیانی مەسیحی ))و چالاکی خەوەرنەکان لە عەلمانییەکاندا بەڕێوەبەرەکەی قەشە بەشار موخلیسییە.

وە هەروەها ڕۆڵی ئەو خولە لاهوتییانە یاد دەکەین کە لەشێوەی پەیمانگەی لاهوتین لەهەر یەك لە بەغداو موسلو کەرکوك لە پێگەیاندنی عەلمانیەکان.

## 6. ئەبرەشیات:

ئەمڕۆ لە کەنیسەی کلدانی لە عێراق، سەرەڕای ئەبرەشیەی بەتریریکی حەوت ئەبرەشیەی هەیە: بەسرە، کەرکوك، اربیل، موسڵ، ئەلقۆش، ئامێدی، زاخۆ . دوو بریکاری بەتریریکی هەیە : لە ئاکرێو سلێمانی. دوو ئەبرەشیەی هەیە لە ئێران: تاران‌و ئورمی، ئەبر ەشیە ی یەك لە تورکیا، یەکێکی تر لە حەلەب- سوریە وە لە بەیروت- لوبنان و قاهیرە، میسر . دوو ئەبرەشییە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا : دیترویت- میشگان وسانت دیگو- کالیفورنیا . ئەمە لیستی ئەو ئەبرەشیەو سەرۆکەکانیانە:

1. بەغدا : سەرۆکایەتی هەموو ئەسقەفەکانەو کورسی باتریر یکییە سەرۆکی ئێستای بەتریرێك(مارعمانوئیل دلی)یە لە دایکبووی 1927/10/6 تلکیفە لە 19/ نیسانی 1963 سەرۆکی ئەسقەفیەبووەو لە 3/ کانوونی

یەکەم 2003 بە بەترییرێك هەڵبژێردراوەو لە 21/ کانوونی یەکەمی (2003)

پایەکەی پیێ بەخشراوە.

سێ مەتران (سەرۆکی ئەساقیفە) یاریدەدەرن:

(جاك ئیسحاق )سەرۆکی ئەساقیفەی نەسیبن (پلەی شەرەف ).

لەدایکبووی 1938/2/27 موسڵ وە لە 26/ ئەیلولی (1997) کراوە بە مەتران و ڕاگری کولیجی بابلە.

شلێمون وردونی، سەرۆکی ئەساقیفەی ئەنبار (پلەی شەرەف ):

لەدایکبووی باتنایەیە لە 1943/4/24. وە لە 2001/2/16 کراوە بە مەتران.

ئەندراوس ئەبونا . مەترانی حیرە (پلەی شەرەف ) لەدایکبووی زاخۆ 1943/3/23 وە لە 6 کانوونی دووەم کراوە بە مەتران.

2. ئەهواز (ئێران ): سەرۆکایەتی ئەسقەفیەیە، لە ساڵی 1/3/ 1966 دووبارە دامەزراوەتەوە کە مەترانەکەی (مار حەنا زۆرابوو)لە باتنایا لە 1937/3/15 لەدایکبووە وە لە 27 تشرینی یەکەم (1974) کراوە بە مەتران ئێستا لە کەنەدا جێگیرە . کورسییەکە بە بۆشی ماوەتەوە بەهۆی کۆچکردنی مەسیحییەکانەوە.

3. حەلەب (سوریا): مەترانیە (ئەسقەفیە) دامەزراندنی وەك ئەبرەشیە دەگەڕێتەوە بۆ 3/ حوزەیرانی (1957). مەترانی ئێس تای (ئە نطو ان ئۆدۆیە) لە دایکبووی حەلەب 1946/1/3 کە ڕەبەنێکی عیسایی لە 11/ تشرینی یەکەم 1992 کراوە بەمەتران.

4. ئامێدی: ئەسقەفیەیە لە ساڵی(1785) مەترانەکەی ڕەبان قەشەیە کە لەدایکبووی کۆمانییە لە 1949/3/18 وە لە 2002/2/1 کراوە بە مەتران.

5. ئاکرێ (ئەسقەفیە ): چەند جارێك بەستراوەتەوە بە ئەبرەشیەی ئامێدی دواتر بە یەکجاری لێك ترازان لە 2/4/ 1910 ئێستا بێ مەترانەو بۆش ماوەتەوە بەهۆی کۆچکردنی ڕۆلەکانی لە ئەنجامی شۆڕشی کوردی، هەڵسوڕێنەری بەتریکی قەشە (یوحننا عیسا)یە.

6. بەیروت (لوبنان): ئەسقەفیەیە، لە 3/ حوزە یرانی 1957 دامەزراوە . مەترانەکەی (میشال قصارجە )لە دایکبووی زەحلە– لوبنان 13/ 6/ 1956 وە لە 10/ 3/ 2001 کراوە بە مەتران.

7.بەسرە : سەرۆکایەتی ئەسقەفیەیە، (1954/1/17) مەترانەکەی (جبرائیل کەساب )ە لەدایکبووبێ تلكێف (1938/8/4) وە لە 1996/5/5 کراوە بە مەتران.

8. موسڵ: سەرۆکایەتی ئەسقەفیەیە، لەگەڵ بەتریریکی داترازاوە لە 24/ تشرینی یەکەم/ (1960) تا ئەو کاتیش کورسی باتریریکی بوو وە لە 1967/2/14 بە ئەسقەفیە ڕاگەێنرا . مەترانی ئێستای (پولس فەرەج ڕەحۆ )یە لەدایکبووی موسل 1942/1/20 وە لە 2001/2/16 کراوە بە مەتران*.

---

* ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2008/2/29 مەتران (پۆلس فەرەج ڕەحۆ )لەلایەن باندێکی تیرۆریستی ڕفێندرالەشاری موصل ،هەرسێ پاسەوانەکەشی دەمودەست کوژران،ڕۆژیپێنج شەممە ڕێکەوتی 2008/3/13 تەرمەکەی دۆزرایەوەلەڕۆژی 2008/3/14 لەئاپۆڕەی جەماوەرێکی زۆر بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەپێکهاتەکانی عێراق بەتەراتیلی ئاینی و بەشان و بازووی خەڵکی دڵسۆز بەرەو کۆڕستانیان بردوو بەخاکیان سپارد (وەرگێر).

9. کەرکوك : سەرۆکایەتی ئەسقەفیەیە لەساڵی (1789)مەترانەکەی لویس ڕوفائیل ساکۆیە لەدایکبووی 1949/7/4 وە لە 2003/11/14 کراوە بە مەتران.

10. زاخۆ : ئەسقەفیەیە لە ساڵی 1850 لە ئامێدی جیا بۆتەوە مەترانەکەی بەتروس حەنا هەربولییە . لە دایکبووی بهونا– زاخۆ 1946/12/26 وە لە 2002/2/1 کراوە بە مەتران.

11. ئەلقۆش: ئەسقەفیەیە، لە بەتریریکی جیا بۆتەوە لە 1960/10/24 مەترانەکەی (میخاپولا مەقدەسی)یە لە دایکبووی ئەلقۆش (1949) لە 2002/2/1 کراوە بە مەتران.

12. قاهیرە: ئەسقەفیەیە: لە 1980/4/23 دامەزراوە مەترانەکەی یوسف (ئیبراهیم سەراف )ە لە دایکبووی 1940/10/5 قاهیرەیە . وە لە 1984/5/13 کراوە بە مەتران.

13. دیاربەکر – ئەستانبول (تورکیا): سەرۆکایەتی ئەسقەفیەیە لە 3ی کانوونی دووەم دووبارە دامەزراوەتەوە کە یەکەمین ئەبرەشی کلدانییە (1553) بەتریریك(یوحەنا سولاقا)سەرۆکایەتی دەکرد ، ئێستا بەبەتاڵی ماوەتەوە ، بەهۆی کۆچکردنی شوانکارەکەی ( پولس کراتاش ) (2004)جێگری بەتریکی قەشە فرانسویاکان بەڕێوەی دەبات.

14. ئورمیا و سەلماس (ئێران ): سەرۆکایەتی ئەسقەفیەیە لە ساڵی (1560) وە لە 4 ئەیلولی (1890) دووبارە دامەزرایەوە . مەترانەکەی (توماميرم )ە، لەدایکبووی 1943/8/6 تلكيفە . لە 1984/3/11 کراوە بە مەتران.

15. تاران (ئێران): سەرۆکایەتی ئەسقەفیەیە لە (1853)کورسییەکە لە شاری سنە (سنندج) بووە دواتر گواستراوەتەوە تاران لە 1971/3/16 مەترانەکەی (ڕەمزی گەرمۆ )یە لە دایکبووی زاخۆ 1945/2/3. لە 1996/2/25 کراوە بە مەتران.

16. مار تومای ڕەسول (نێردراو ): (دیترۆیت ) وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا : ئەسقەفیە یە لە 1985/8/3 دامەزراوە وە لە 1982/1/11 ئەکسارخیەبووە . مەترانەکەی ئیبراهیم نعمو ئیبراهیمە لەدایکبووی تلکیف 1937/11/10 وە لە 1982/3/3 کراوە بە مەتران.

17. مار بەتروسی ڕەسول (نێردراوە): ساندیگو (وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا) ئەسقەفیەیە. لە 2002/5/21 دامەزراوە. مەترانەکەی (سەرهەد یوسف جمو)یە لەدایکبووی بەغدا 1941/3/14 وە لە 2002/7/18 کراوە بە مەتران.

18. اربیل (هەولێر): سەرۆکایەتی ئەسقەفیەیە لە کرکوک جیاکرایەوە لە 3/7/ 1968 کورسییەکەی بە بۆشی ماوەتەوە دوای کۆچکردنی مەتران یەعقوب شیر 2004.

سێ ئەسقەفی خانەنشین کراو هەیە کە ئەندامن لە سیهنودسی کلدانی :

مەتران بابکە سەرۆکی ئەساقیفەی هەولێر لەدایکبووی کرمیلس 1919/1/22 وە لە 1969/12/6 کراوە بە مەتران،

مەتران ئەندراوس صەنا، سەرۆکی ئەساقیفەی کەرکوک بووە لە دایکبووی 1920/12/20 وە لە 1957/10/6 کراوە بە مەتران.

مەترا ن (عەبدولئەحەد صەنا )، مەترانی ئەلقۆش لەدایك بووی 1922/12/10 وە لە 1961/2/24 كراوە بە مەتران[26].

وەكالەكی بەتریكی هەیە لە سلێ مانی و ئەردەن و ڕۆماو سدنی و مونتریال– كەنەدا وتورنتو.

(26) ئەو زانیاریانە لە دەلیلی حەبری وەرگیراوە:
Annuario Pontificio 2005 citta del Vat icano.



ئەساقیفەی کلدانی لەسەردانێك بۆ پاپا بندکۆسی 16 لە 2005/11/12

## 7. راگەیاندن:

حەقیقەتی مەسیحیەت ڕاوەستاوە لەسەر بیرۆکەی بەرجەستە کردن (التجسد) لە بناغەدا وە یەکەم باوەڕکردنمان لە ژیاندا وشەیە، وە بەڕێز مەسیح وەسیەتی بۆکردین کە ئەم وشەیەی ئەو مژدە بدەین کە لەناوەڕۆکیدا توانای هەیە لە (التجسد) ئەمە کەنیسە درکی پێ کردووە،

لەسەری بنیادنراوە بەدرێژایی مێژوویدا لە ڕێگەی قوتابخانەکانداو مەڵبەندەکانی ڕۆشنبیریو گوتارەکانو وشەی نوسراوو گوێبیست و بینراودا.

بەتریاریکی کلدان دوو گۆڤاری هەیە : یەکەمیان (بین النهرین) مێژوویی کولتوورییە . کە ڕووناکی لە موسلەوە بینی لە ساڵی (1972) لەسەر دەستی قەشەکان : (یوسف حەبی) و (جاك ئیسحاق) و (بەتروس یوسف)، کە بەتریریك سەرپەرشتی دەکات لە دوای کۆچی دوایی یەکەمیان، سەرنووسەرەکەی قەشە (ئەلبێر ئەبونا)یە. دووەمیان (نجم المشرق) کە زمانحاڵی بەتریریکییە بەشێوەیەکی فەرمی کە گۆڤارێکی ئاینی، ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتییە . ژمارەی یەکەم لە سەرەتای ساڵی (1995) دەرچووە بە دەستپێشخەری خوا لێ خۆشبوو بەتریریك (روفائیلی یەکەم بیداوید)، کە سەر نووسەرەکەی مەتران (جاك ئیسحاق).

ڕەبەنەکانی هورمزدی ئەنتۆنی گۆڤارێك دەردەکەن بەناوی (رەبەنوتا) لە ساڵی 2000 وە (پێشتر بڵاوکراوەیەکی ئاسایی) بوو. کە باس لە ژیانی ڕەبەنایەتی دەکات . لە پاڵ ئەو گۆڤارانەدا بۆ ئەبرەشیەکان بڵاوکراوەی تایبەتی خۆیان هەیە دێری ڕاهباتی کچانی مەریەم بڵاوکراوەیەکیان هەیە بەناوی (العهد). ئەمڕۆ دەبینین لە دوای ڕوخانی ڕژێم ساڵانەژمارەیەکی زۆر لەکتێب دەردەچن ،بەڵام بەبێ هیچ هەماهەنگییەك وە نە هیچ شێوازێك لە دابەشکردنیاندا . نووسەرو ئەدیبی زۆر وەدەرکەوتن لە لاواندا توانا هەیە مەشقیان پێ بکەیتو

پشتیان پێ ببەستیت . لەبەرئەوەی ڕاگەیاندنی مەسیحی لە عێراق گەواهیەکە دەیدەین نە لەبەردەم باوەڕداران بە تەنها ، بەڵکو لەبەردەم (26) ملیۆن عێراقی کە چاوی تێمان بڕیوە[27].

لە پاڵ ئەو ڕاگەیاندنەی کەنیسەی کلدانی هەندێ گۆڤاری مەسیحی تریش تاڕادەیەکی زۆر بەشداری دەکات لە قووڵ کردنەوەی ڕۆشنبیری مەسیحی، بۆ نموونە گۆڤاری (الفکر المسیحی ) کە لە ساڵی (1964)ەوە دەردەچێ لەلایەن (قەشەکانی عیسای پاشا– کهنة یسوع الملك ) دواتر گواسترایەوە بۆ قەشەکانی دومنیکان ساڵی (1995) سەرنووسەرەکەی قەشە ( یوسف توما )یە کە گۆڤارێکی مەسیحی هەمەلایەنە.

(27) تەماشای وتارەکەمان بکەن (الاعلام المسیحي في العراق في کتاب): الاعلام المسیحی في الشرق الاوسط علی عتبة الالف الثالث مطبوعات مجلس کنائس الشرق الاوسط بیروت 2002، ص55- 62.

# 13. دوا ڕۆژو بەرهەڵستیکردن:

لەسەرمانە کە دیفاکتوی مێژوو ی بخوێنینەوە ، کە کەنیسەی کلدانی لە چوارچێوەیدا دەجولێتەوە، بۆ ئەوەی هەر هەڵسەنگاندنێك بکەین لە پێناو نوێکردنەوەو گۆڕانکارییەکانی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو ئابووری خۆی بەسەریاندا دەسەپێنی، ئەوەی کە بۆ ڕابردوو چاکە بە پێویستو بە کەلکە بۆ دواتر. ئەمە چەند بەرهەڵستیکردنێکی کەنیسەی کلدانییە کە ڕووبەرووی بووەوەو چارەسەری کرد بەشێوەیەکی پرۆگرامیو زانستیانەو ئاشکراوپلانی ڕاکێشراوی بەدیقەت.

1. خوێندنو ڕۆلی لە دروستکردنی کەسایەتی مەسیحی هاو سەنگ و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و هەمەلایەنەی تێبینییەکانو پرۆگرامکردنی کارەکان. کە بۆی هەیە زۆر بەکەڵكو زانستی زۆر بێت ، گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی هێمایەکان وەك شێوزێکی قووڵو ئاشکرا لە فێرکردنی مەسیحی هەروەك باوکانمان لە باوەڕداریدا بەکاریان هێنا . بەڵام هێڵی پێگەیاندن لە پەیمانگەی کەهنوتی (قەشەکان)و دێرەکان، کە پێویستە تەواو بکرێت بەپێی هێلێکی ئاشکراو ڕوون، جێگیرکراوە کە ئەمانە ڕووکارەکەیەتی : ڕۆشنبیری مرۆڤایەتیو لاهوتی بەپێی ئاڕ استەو ڕێنماییەکانی کەنیسە بەشێوەیەکی فەرمی فێرکردنەکا نیدا . لە پاڵ پێویستییەکانی کە تەواوەکەری دیفاکتوی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی بێت :

زانیاری مێژووی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتو باوکەکانیو لاهوتەکەیو لیتو ر جیاکەیو ڕوحانیەتەکەیو ئەو دیفاکتۆیەی ئێستاو داخوازییەکانی کراوەنەوەو بەردەوام بوون لە پێناو ئەوەی کە قەشەی نویٚ شوانکارەو فەرماندە بێت . پێویستە بایەخ بدەین و پشت ببەستێت بە زانستە مرۆڤایەتییەکان لە پەروەردەکردنێکی دروستدا : دەروناسیو کۆمەڵایەتیو پەروەدەیی بۆ ئەوە ی قوتابی پیٚ بگات لەسەر بەشداریکردنو کارکردن بە کۆمەڵ مەست بێت بە خۆراکی کۆمەڵ و ڕوحانیەتی ئینجیل.

2. سروت(تقوس ): تەقسەکەمان کارکردنە بۆ گەورەکان، لەسەدەی حەفتەم وە بەپێی کارتێکردنی کاتو ساتی ڕۆژئاوا، بەشێوەیەکی گشتی شێوازێکی نهێنی دەگرتە بەر، ئەمڕۆ بەسەر گەورەو گچکەوە جێبەجیٚ دەکریٚ کە لەگەڵ دیفاکتوی ئێمەدا ناگونجیٚ، چونکە پێویستی بە نوێبوونە وەو وردەکاری هەیە ، تاکو داخوازییەکانی ئەمڕۆی مرۆڤ دابین بکات، هەستکردنەکانیو عەقلیەتەکەی هەروەك ژماریەك لە کەنیسەکانی کاثولیکی لەجیهاندا بەم کارە هەڵسان.

3. دابەشبوونی کەنیسەکان لە گەورەترین کێشەکانە کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لە ڕۆژهەڵات بە گشتی، لە عێراق بەتایبەتی، بە دڵنایییەوە ئەم دابەش بوونە نویٚ نییە، بەڵام کێشەی دەرکەوتی چەند کۆمەڵێکی مەسیحی نویٚ بەهاتنی ئەمریکاییەکان و کردارەکانی بەربەرەکانی کردنو بەلای خۆدا ڕاکێشان، هەموو ئەوانە کار دەکەنە سەر خوێن بەربو ون لە جەستەی کەنیسە لە عێراق و بۆتە هۆی ئەوەی وەك

بەردێکی کۆسپاوی لەبەردەم کارەکانی کە ڕووبەرووی زۆرینەی موسڵمانان دەبێتەوە[28].

یەکگرتوویی، بە پێویست دەزانرێ کە لەگەڵ کەنیسەی ڕۆژهەڵات (دایك) یەکتری بگرنەوە لەگەڵ ئەوەش کە ڕێگایەکی سەختە، بۆ ئەوەی لە یەکتری نزیك ببینەوە لەیەك تێگەیشتن‌و نزیك بوونەوە لەگەڵ یەکتریداپێویستە لەسەرمان پرۆگرامێکی بە جورئەت‌و هاوبەش لە قسەکردن بدۆزینەوە لەسەر ئەوەی کە کۆکین‌و لەسەر ئەوەی کە لێك جیاوازین. هیچ ڕێگایەك چارەسەر نییە بۆ کەنیسەکەنمان تەنها بە یەکگرتنەوە نەبێت ! سەر کێشی کردن لە قوڵتر ین خاسیەتی بیری ڕۆژهەڵاتیانە، بەڵام لە جیهانی کەنیسە پێویستە خۆشەویستی‌و خزمەت کردن پێشەنگ بێت.

4. ئەمڕۆ ئاراستە کردنێك هەیە لەلایەن عێراقییەکانەوە بە گشتی‌و مەسیحییەکان بەتایبەتی بۆ تایەفەگ ەری‌و نەتەوایەتی زیاتر لە یەك نیش تیمان وەیا کەنیسە . ناسنامەی نەتە وایەتی‌و جەخت کردن وپێداگرتن لەسەر لوکتوور ئەمانە زیاتر لە مێشکی حیزبە سیاسییەکان دایە بۆ کۆشش کردن لە پێناو وە دەست هێنانی مافی سیاسی و بووە

---

(28) تەماشای قەشە د . ڕیاز جەرجور بکە، کەنیسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و ڕووبەروو بوونەوەیدا بیروت 2003: وە وتارەکەمان لە

, persecuted christians (Missio) 2002 P. 59- 62

Eglises au Moyen Orient: defies et esperances (Chaiers I'Orient Cheretients no3) Beyrouth 2005. P. 5- 13.

VALOGNES. JEANPIERRE VIEETMORT DES CHRETIENS D'ORIENT, FAYARD 1994.

به هۆی ئەوەی مەسیحییەکان دابەش ببن بۆ کلدان‌و ئاشورو سریان، وە هەریەکەیان لەوە دەکۆڵیتەوە کیانێکی ڕۆشنبیری سیاسی، دەبێتە مایەی لاوازبوونی ئامادەیی مەسیحی و ونبوونی مافەکانی خۆی لەبەرلەمان‌و سیاسیەتدا.

5. لە شەڕی عێراق ئێرانەوە سالآنی (81- 88)ە وە تاوەکو ئەمڕۆ کۆچ کردنی مەسیحیەکان لە عێراق بەردەوامە . کەنیسەش تاوەکو ئەمڕۆ لەگەڵ ئەم دیاردەیە بەخورتی کاری بۆ نەکردووە کە وەك بەرهەڵستی کردن لە مانەوەی مەسیحییەکان لە عێراق . کۆچکردن بە ستراوەتەوە بە کۆمەڵێك هۆکار لەوانە دەرونی‌و ئاسایش‌و ئابووری‌و ئایینی جۆراو جۆرەوە. تەنگ پێ هەڵچنین‌و دڵەراوکێ بۆ دوا ڕۆژو ون بوونی ئەمن‌و ئاسایش‌و ترس لە پەرەسەندنی (دەست ڕۆیشتووی ئسوولی‌و فەرزکردنی شەریعەتی ئیسلامی ) بەڵگەو هۆکارن، مەسیحیەکان پێشکەشی دەکەن کە پێشتر 5 ٪ ی کۆی دانیشتوانی عێراقیان پێك دەهێنا وەپێش چل ساڵ لەمەوبەر کە ئەمڕۆکە ڕێژەی 3 ٪ پێك دەهێنن. بە بڕوای من هۆکاری زۆر لەمە ئالۆزتر هەیە، لەوانە : پشت گوێ خستنی ڕۆلی مەسیحییەکان لە عێراق لەم چەند دە ساڵەی دواییدا لە ڕووی ڕۆشنبیری‌و ئابووری‌و زیادبوونی کارامایی جۆراو جۆر لەلایەن موسڵمانەوە زاڵ بوونی ناسنامەی ئایینی لەدوای شەڕی ئێرانەوە بەهۆی (هەڵمەتی ئاینییەوە ) کە ڕژێمی پێشوو ڕابەرایەتی دەکرد لەسەر حیسابی ناسنامەی نیشتمانی‌و شارستانیتیدا، دوات ریش گەمارۆی ئابووری (13) ساڵ و تێکچوونی باری ئاسایش، ڕۆژانە ئەو فیئەیەی کە

زیاتر ڕووی لە کۆچکردن کردووە لە لایەنەکانی تر، دەستەی لاوان‌و بێ کارەکانن . ئەمڕۆش ئەم دیاردەیە زیاتر پاڵی بە تواناکانی فکری‌و ماددی لە ڕۆلەکانی کەنیسەو گەلەکەمان داوە.

ئەم بەرپرسیاریەتییە دەکەوێتە ئەستۆی کەنیسە لەهۆشیارکردنەوەو ئاراستەکردن لە بابەتی ئامادەبوونی مەسیحی‌و پەیامەکەی، بەدیار خستنی خەتەرناکی کۆچکردن‌و کێشەکانی . پەیوەستەکانی کۆچکردن زۆرن، بەڵام کێشەو گرفتەکانی زۆرترن.

6. جەخت کردن لەسەر عێراق لەجیاتی جەخت کردن بۆ ئەو وڵاتانەی کە کۆچی بۆ دەکەن، بەهێزکردنی کەنیسەکانمان و دام‌و دەزگاکانمان لەجیاتی ئاراستەکردن بۆ کۆچ بەران،چونکە دوا ڕۆژی کەنیسەکەمان لە وڵاتەکەمان دایە . ڕۆلەکانمان لە هەندەران بمانەوێ‌و نەمانەوێ لە پاشەڕۆژدا لەگەڵ کات‌و زەمەندا دەتوێنەوە لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا (ئەوەیان لێ داوا دەکرێت) مومکین نییە ئەو مانەوەیەیان درێژ بێتەوە لە بازنەیەکی داخراودا (گیتو)... لەسەر کەنیسە ئەوەیە هانیان بدات بۆ گەڕانەوە ، یارمەتیان بدرێت‌و ئامادەبکرێن بۆ ئەوەی ڕۆڵی دیاری خۆیان بنێن لە دروستبوونی وڵاتدا. ئەمە داواکاریی‌و پەیامە.

# هاوپێچ 1

## بەیانی هاوبەش لەنێوان کەنیسەی
## کاثولیکیو کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشوری

قەداسەتی( پاپا یوحەننا پۆلسی دووەم)، ئەسقەفی ڕۆماو پاپای کەنیسەی کا ثو لیکیو قەداسەتی ( مار دنحای چوارەم )، (جا ثلیق) بەتریریکی کەنیسەی ئاثوری ڕۆژهەڵات، سوپاسی خوا دەکەن لەسەر دەستپێشخەری ئەم بە یەك گەیشتنی بر ایانەدا . هەردوولا ئەم بە یەکگەیشتنە بە هەنگاوێکی بنەڕەتی دادەنێن لە پێناو یەکێتی تەواو کە پێویستە نویێ بکرێتەوە لەنێوان هەردوو کەنیسەدا . لە ئێستاوە لە تواناماندا هەیە ڕاییگەیێنین بەرامبەر هەموو جیهان باوەڕداری هاوبەش بە نهێنی جەستەییدا.

وەك وەرەسە و پاسەوانی باوەڕدارن کە لەنێ ردراوەکانی پێشوو وەرگیراوە، هەروەك باوکەکانمان دایانڕشتووە لە کۆمکاری نیقیادا.

باوەڕمان بە یەك خودا عیسای مەسیح هەیە، کوڕی خودای تاقانە لەدایکبوو لە خوداوە پێش هەموو زەمانێك، کە هەموو زەمەنەکانی پڕ کردەوە، لە ئاسمان دابەزیو بوو بە مرۆڤ لە پێ ناو ڕزگارکردنماندا وشەی خودا، ئەقنومی دووەم لە سیانەی پیرۆز، پڕبوو لە هێزی گیانی پیرۆز، لە مەریەمی پاکیزەی پیرۆزدا، وەك جەستەیەکی زیندوو بە

گیانێکی قسەبیز (بێژەر)، لە گەلیایەکی گرتۆتەوە بەشێوەیەك کە جیا ناکرێتەوە هەر لەو چرکەیەی کەسکی پیٚ پڕ بوو.
لەبەر ئەوە عیسای مەسیحی گەورەمان، خوایەکی حەقەو مرۆڤێکی حەقیشە تەواوە لەلا هوتەکەیدا، تەواوە لە مرۆڤایەتیدا، یەکە لە جەوهەردا لەگەلٚ خودادا، یە کە لەگەلٚ ئێمەدا لە هەموو شتێکدا، تەنها لە خەتاباری (گوناهباری دانەبێت ). لاهوتەکەیو مرۆڤایەتییەکەی بە یەکەوە نووساون لە یەك کەسایەتیدا، بەبیٚ هیچ کێشەو هیچ گۆڕانێك، بەبیٚ دابەش بوون و یالێك ترازانو جیابوونەوە . پارێزگاری لە جیاکردنەوەی لەنێوان سروشتی خودایيو بەشەری دەکات، لەگەلٚ هەموو خاسیەتەکانیانو هێزەکانیانو کردەوەکانیاندا، بەبیٚ ئەوەی (یەك یائەویتر) ،چونکە لاهوتو مرۆڤایەتی پیٚکەوە یەکیان گرتووە لە هەمان مرۆڤ و کەسایەتی کوڕی خودای تاقانەدا، گەورەمان عیسای مەسیح، کە هەمان بابەتی یەك سوجدەیە.
لەبەر ئەوە عیسا وەك مرۆڤێکی ئاسایی نەبووە، بنیادنانی خودا بوو بۆ ئەوەی لە شوێنی بێتو ئیلهامی بداتەوە، هەروەك لە بیٚ گوناهەکانو پێغەمبەرەکاندا، بەلٚکو خودا خۆی بوو، وشەی لەدایکبوو لە باوکێتی پێش هەموو سەردەمەکان، بەبیٚ دەستپێکردن بەپێی لاهوتەکەی، لەدایك بوو لە دایکێکی بیٚ باوك، لەسەردەمەکانی دواییدا بەپێی (مرۆڤایەتییەکە). ئەو مرۆڤایەتیەی کە پاکیزە پێی لەدایکبوو مەریەمی پیرۆز بوو، بۆ خودی کوڕی خودا بوو، لەبەر ئەوەشە کەنیسەی ڕۆژهەلاٚتی ئاسوری نوێژ دەکات بۆ مەریەمی پاکیزە (وەك دایکی عیسا

خوامانو ڕزگارکەرمان). لەبەر ڕۆشنایی هەمان باوەڕداری، کا ثو لیکی یەکان نوێژی ئاسایی خۆیان بۆ مەریەمی پاکیزە دەکەن (وەك دایك ی خودا) (وەك دایکی عیسا).

هەردوولامان دان بەوە دادەنێین بە شەرعیەتو ڕاستی ئەو وتانە، چونکە یەك باوەڕداریە , هەردوو لامان ڕێز دەگرین لەسەر پشك کردنی هەر کەنیسەیەك لە ژیانی تەقسیو عیبادەتدا . ئەمەیە تاکە باوەڕداری کە دان بەنهێنی مەسیح دادەنێین. ئەو دەزگە دەنگانە لە کۆندا هەبوون بووە هۆی لەدەستدان کە کەس ەکانو دەستەواژەکان دەگرێتەوە . ڕۆحی خودا ڕێگەمان پێ دەدات کە ئەمڕۆ تێبگەین بە باشترین شێوە ئەو دابەش بوونەی کە بەم شێوەیە ڕووی دا، ئەوکات تایبەتی بوو لە ئەنجامی نا تێگەیشتن. هەر چەندە جیاوازیمان هەبێت لەسەر عیسا ، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە وا هەست دەکەین کە یەکگرتووین بە دان پیانان بە هەمان باوەڕداری بە کوڕی خودا کە بوو بە مرۆڤ تاوەکو ئێمەش ببین بە ڕۆلەی خودا بە نیعمەتەوە . پێمان خۆشە لەمەولا بەدواوە کە گەواهی بە یەکەوە بدەین بۆ ئەم باوەڕداریە، بەو ەی کە ڕێگاو حەقو ژیانە، ئاشکرامان کردووە، بە ڕێگەی لەبار، بۆ ئەوەی هەموو جیهان باوەڕ بهێنی بە ئینجلیی ڕزگارکەر.

نهێنی جەستەی کە بەیەکەوە دانمان پێی ناوە تەنها حەقیقەتێکی ڕووتو تاکڕەوی نییە، ئەمە تایبەتە بە کوڕی خودای نێردراو بۆ ڕزگارکردنمان، تەکبیرکردنی ڕزگارکردن کە لەرەسەندا بریتییە لە نهێنی هاوبەش بوون لە سێ لایەنی پیرۆز– باوكو کوڕو ڕوحی پیرۆز– بووە

هۆی تەواوبوونی لە بەشداریکردن بۆ ئەو یەکگرتنە بەهۆی نیعمەتەوە،
لە یەك كەنیسەی پیرۆزی كۆمكاری ڕەسولیدا، كە گەلی خودایە،
جەستەی عیساو هەیكەلی‌و ڕوحیدا.

باوەڕدا ران لەو جەستەیەدان، بەهۆی نهێنی لە ئاو هەڵكێشان، كە
بەهۆی ئاو ەوە وەكاری ڕوحی پیرۆز، دووبارە لەدایك بوونەوەی
بوونەری نویٚ دەبن، كە بە ڕوحی پیرۆز دەچەسپێن كە پێی دەدرێت
(نهێنی میرۆن ) یەكتری دەگرنەوە لەگەڵ خودادا بە تەواوەتی، ب ە
ئاهەنگ گێران بە پێشكەشكردنی عیسای تاقانە لە نهێنی ئوخارستیا .
ئەم یەکگرتنە نویٚ دەبێتەوە بۆ ئەندامەكانی گوناهبار لە كەنیسەدا ئەو
كاتەی كە لەگەڵ خودا چاك دەبنەوە وە لەگەڵ یەكتریدا بەهۆی نهێنی
تۆبەكاریدا. لە خەلافەتی ڕەسولی جەخت لەسەر شەرعیەتی باوەڕ داری
دەكات، نهێنییەكان یەكێتی لەناو هەر كەنیسەیەكی خۆ جێیدا.

ژیان لەناو ئەو باوەڕداری‌و ئەو نهێنییە ئەنجام بەخش دەبیٚ، ئەمە
هەموو كەنیسەكانی كاثولیكی تایبەت‌و كەنیسەكانی ئا ثو ری تایبەت
دەتوانێت دان بە یەكتری دابنێن هەر وەك كەنیسەی دەستە خوشك. بۆ
ئەوەی یەكێتییە كە تەواو بێت وا پێویست دەكات كۆ دەنگ بێت
لەسەر ناوەڕۆكی باوەڕداری‌و نهێنییەكان‌و دەستوری كەنەسی، لەبەر
ئەوەی ئەو كۆ دەنگیە تا ئێستا ڕووی نەداوە، لەبەر ئەوە بە داخەوە
ناتوانین بە یەكەوە ئاهەنگ بە قوربانی بگێڕین، لەبەر ئەوەی نیشانەی
یەكێتی كەنیسەییە كە بە تەواوەتی نویٚ كراوەتەوە . لەگەڵ ئەوەشدا
یەكێتی ڕوحی بە باوەڕداریەوەیە، بە (متمانە ) ثیقە گۆڕینەوە كە

لەنێوان کەنیسەکانماندا هەیە، لە ئێستاو بەدواوە بە ئامادەباشیمان دەکات،کە خۆمان دابنێن بەیەکەوە گەواهی بۆ پەیامی ئینجیل کار دەکەین لە وەزعەکانی شوانکارەیی تایبەتدا، کە شوێنەواری تایبەتی ئاینی دەگرێتەوە، پەروەردەی قەشەکانی دوا ڕۆژ. لێرەدا سوپاسی خودا دەکەین ئەوە دەدۆزینەوە کە بەیەکەوەمان دەبەستێتەوە لە باوەڕداریو نهێنیدا، پەیمان دەدەین کار بکەین ئەوەی لە تواناماندا هەبێت بۆ لابرد نی کۆسپو تەگەرەکانی ڕابردوو کە تاوەکو ئێستا ڕێگرە لەبەردەم گەیشتن بۆ هاوبەشی تەواو لەنێوان کەنیسەکانماندا، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی باشتر بگونجێنو وەڵام بدەینەوە بۆ بانگەوازی خودا بۆ یەکگرتنەوە، ئەو یەکێتییەی کە بێگومان پێویستە بینراوبێت.

بۆ ئەوەی بەسەر ئەو کۆسپانە زاڵ بین، لێژنەیەکی هاوبەش پێك دەهێنین بۆ گفتوگۆکردن ی لاهوتی لەنێوان کەنیسەی کا ثو لیکیو کەنیسە ڕۆژهەڵاتی ئاثوری.

بەخشراوە لە مار بەتروس ڕۆژی 11 تشرینی دووەم 1994.

وەرگێڕان لە گۆڤاری (نجم المشرق، ژمارەی یەکەم ساڵی 1955 لاپەڕ ە (44-45)

# هاوپێچ 2

## زنجیرەی بەتریرکەکانی کەنیسەی ڕۆژهەڵات

## بارەگا: مەدائن (سالیق- قەتیسفون)

| | | |
|---|---|---|
| | مارماری | |
| 137 -121 | ابریس | |
| 171 -159 | ئیبراهیمی یەکەم | |
| 190 -000 | یەعقوبی یەکەم | |
| 220 -204 | ئەحادابووی | |
| 240 -220 | شەحلوفا | |
| 327 -310 | فافای یەکەم | |
| 341 -329 | مارشەمعونی یەکەم برصبعای | |
| 343 -341 | مار شاهدوست | |
| 346 -343 | بربەعشمین | |
| 393 -383 | تومەرصا (تەموزا) | |
| 399 -395 | قیوما | |
| 410 -399 | ئیسحاقی یەکەم | |
| 420 -410 | ئەحی یەکەم | |
| 420 -415 | یەهبار لاهای یەکەم | |
| 420 - | مەعنا | |
| 421 - | فرابەخت | |

| | | |
|---|---|---|
| | داديشۆ | 456 -421 |
| | بابويه | 484 -457 |
| | ئاقاق | 496 -485 |
| | باباى | 503 -496 |
| | شيلا | 523 -505 |
| | نرساى وه ئەليشاع | 537 -524 |
| | پولس | 239 -538 |
| | مار ئاباى يەكەمى گەوره | 552 -540 |
| | يوسفى يەكەم | 567 -552 |
| | حزقيال | 581 -570 |
| | ئيشوعيابى يەكەم ئەرزنى | 595 -582 |
| | سەبريه شوعى يەكەم | 604 -596 |
| | گريگۆرى يەكەم | 609 -605 |
| | كورسى بەتالّ (شاغر) | 628 -609 |
| | ئيشوعيابى دووەم جدالى | 646 -628 |
| | مارامه | 649 -646 |
| | ئيشوعيابى سێيەم جدالى | 659 -649 |
| | كورگيسى يەكەم | 681 -661 |
| | يوحەنا برمەرتا | 683 -681 |
| | حەننا نيشوعى يەكەم (شەله) | 700 -685 |

| | | |
|---|---|---|
| | .................. | 714 –700 |
| | صليبازەخا | 728 –714 |
| | ............... | 731 –728 |
| | فثيون | 740 –731 |
| | ئاباى دووەم | 751 –741 |
| | سورين | 754 – |
| | يەعوبى دووەم | 773 –754 |
| | حەننا نشيوعى دووەم | 779 –773 |
| | **بـــەغ ـــدا :** | |
| | تيمثاوسى يەكەمى گەورە | 823 –280 |
| | ئيشوبرنون | 828 –823 |
| | گورگيسى دووەم | 830 –828 |
| | سەبريشوعى دووەم | 835 –831 |
| | ئيبراهيمى دووەم مەرجى | 850 –838 |
| | تاودو سيوسى يەكەم | 858 –853 |
| | سەركيسى يەكەم | 872 –860 |
| | ئيسرائيلى كەشكەرى | 877 – |
| | ئەنوش | 884 –877 |
| | يوحەناى دووەم كوڕى نەرسى | 892 –884 |
| | يوحەنناى سێيەم | 899 –893 |

| | | |
|---|---|---|
| | یوحەننای چوارەم (کوڕی شەلە) | 905 –900 |
| | ئیبراهیمی سێیەم باجرمی | 937 –906 |
| | عەما نوئیلی یەکەم | 960 –937 |
| | ئیسرائیلی دووەم | 961 – |
| | عبدیە شوعی یەکەم | 986 –963 |
| | ماربن تۆبی | 999 –987 |
| | یوحەننای پێنجەم کوڕی عیسا | 1012 –1001 |
| | یوحەننای شەشەم رازۆك | 1020 –1012 |
| | ئیشوعیابی چوارەم کوڕی حزقیال | 1025 –1021 |
| | ئیلیای یەکەم | 1049 –1028 |
| | یوحەننای حەوتەم کوڕی تەرگال | 1057 –1049 |
| | سەبر یەشوعی دووەم زەنبور | 1072 –1061 |
| | عەبد یەشوعی دووەم کوڕی عارز | 1090 –1075 |
| | مەکیخای یەکەم | 1109 –1092 |
| | ئیلیای دووەم لوڕی مەقلی | 1131 –1111 |
| | عەبد یەشوعی سێیەم کوڕی مەقلی | 1147 –1138 |
| | ئیشوعیابی پێنجەم/ بەلەدی | 1175 –1149 |
| | ئیلیای سێیەم باوکم حەلیم | 1190 –1176 |
| | یەهبا لای دووەم کوڕی قەیوما | 1222 –1190 |
| | سەبر یەشوعی چوارەم کوڕی قەیوما | 1225 –1222 |

| | | |
|---|---|---|
| 1257 –1226 | سەبر یەشوعی پێنج ەم کوڕی مەسیحی | |
| 1265 –1257 | مەکیخای دووەم | |
| 1281 –1265 | دنحای یەکەم | |
| 1317 –1282 | یەهبالای سێیەم مەغۆلی (لە مەراغە) | |
| 1332 –1318 | تیمساوسی دووەم (لە هەولێر) | |
| 1365 –1332 | دنحای دووەم (لە کەرملیس) | |
| | **مـوسـڵ** | |
| 1392 –1365 | شەمعونی دووەم | |
| 1407 –1403 | شەمعونی سێیەم | |
| 1436 –1408 | ئیلیای چوارەم | |
| | **جـەزیرە** | |
| 1476 –1437 | شەمعونی چوارەم باصیدی | |
| 1496 –1477 | شەمعونی پێنجەم | |
| 1504 –1497 | ئیلیای پێنجەم | |
| | **دێری ڕەبەن هورمز** | |
| 1538 –1505 | شەمعونی شەشەم | |
| 1576 –1558 | شەمعونی هەشتەم دنحا | |
| 1591 –1576 | ئیلیای شەشەم برگورگیس | |
| 1617 –1591 | ئیلیای حەوتەم | |

| | | |
|---|---|---|
| 1660 –1617 | ئیلیای هەشتەم شەمعون | |
| 1700 –1660 | ئیلیای نۆیەم مەروگی | |
| 1722 –1700 | ئیلیای دەیەم مەرۆگی | |
| 1778 –1722 | ئیلیای یازدەهەم دنحا | |
| 1804 –1778 | ئیلیای دوازدەهەم ئیشوعیاب | |
| | **موسل** | |
| 1838 –1830 | یوحەنای هەشتەم هورمزد | |
| 1847 –1840 | نبیقولاوس زەیعا | |
| 1878 –1848 | یوسفی شەشەم ئۆدۆ | |
| 1894 –1879 | ئیلیای سینزهەم عبۆی یۆنان | |
| 1899 –1895 | عەبد یەشوعی پێنجەم خەیات | |
| 1947 –1900 | یوسف عەما نوئیلی دووەم | |
| | **بـەغـدا** | |
| 1958 –1947 | یوسفی حەوتەم غەنیمە | |
| 1989 –1958 | پولسی دووەم شێخۆ | |
| 2003 –1989 | روفائیلی یەکەم بێداوید | |
| –2003 | عما نوئیلی سێیەم دەلی | |

# زنجیرەی دووەم

| | | |
|---|---|---|
| 1. | شەمعونی هەشتەم (یوحنا ) سولاقا ئاماد | 1555 –1553 |
| 2. | عەبدیە شوعی چوارەم مارون (لە سعرت) | 1567 –1555 |
| 3. | یەهبا لاهای پێنجەم (سعرت) | 1580 –1578 |
| 4. | شەمعونی نۆیەم دنحا (سەلماس) (لە ڕۆما جێگیرکرا) | 1600 –1581 |
| 5. | شەمعونی دەیەم (سەلماس) | 1638 –1600 |
| 6. | شەمعونی یازدەهەم (ئورمیە) | 1656 –1638 |
| 7. | شەمعونی دوازدەهەم (ئورمیە) | 1662 –1656 |
| | **قوجانس** | |
| 8. | شەمعونی سێنزهەم دنحا | 1700 –1662 |
| 9. | شەمعونی چواردەهەم سلیمان | 1740 –1700 |

| | | |
|---|---|---|
| .0 | شەمعونی پانزەهەم میخائیل مەقدەسی | 1740– 1780 |
| .1 | شەمعونی شانزەهەم یوحنا | 1780– 1820 |
| .2 | شەمعونی حەڤدەهەم ئیبراهیم | 1820– 1861 |
| .3 | شەمعونی هەژدەهەم ڕۆبین | 1861– 1903 |
| .4 | شەمعونی نۆزدەهەم بنیامین | 1903– 1918 |
| .5 | شەمعونی بیستەم پولس | 1918– 1920 |
| .6 | شەمعونی بیستو یەکەم ئیشای (ئەمریکا) | 1920– 1975 |
| .7 | حەنانیا دنحای چوارەم (ئەمریکا) | 1976– |
| | **کەنیسەی جاثالیقی کۆن (بەغدا)** | |
| - | تۆما درمو | 1968– 1969 |
| - | ئەدی دووەم | 1972– |
| | **زنجیرە بەتریریکەکانی دیاربەکر کاثولیك** | |

| | | |
|---|---|---|
| 1695 –1981 | يوسفى يەکەم | 1. |
| 1695 –1681 | يوسفى دووەم ئال معروف | 2. |
| 1757 –1713 | يوسفى سێيەم | 3. |
| 1781 –1757 | يوسفى چوارەم | 4. |
| 1828 –1804 | ئوغستين هندى– يوسفى پێنجەم (جێگیر نییە) | 5. |

ئەم ليستانە وەرگيراون لە كتێبى بومو فينكلر كە زۆر ووردترە لە ليستەكانى پێشوو بە تايبەتى كە هەندێكيان دوو ناويان بەكارهێناوە وەك شەمعونو ئيليا.

Bavm & Dietmar W. Winkler, Die A postolische kirche des Osten Klagenfyrt 2000, P . 151- 152.

## هاوپێچی3


## وێنەو دیکومێنەکان

## بە کامیرای شەماس نوری یەشوع مەندۆ 2006


مەترانەکانی کلدان ـ دیاربەکلر

دەروازەی مەترانیەی کلدان دیاربەکر





کاتدرائیەی مار بثیۆن کلدانی– دیاربەکر



عين صليب ناو گەڕەكی كلدانی لەسەعرەت



له پێش کاتدارئیەی مار یەعقوبی نەصیبنی– نصیین




پێش مزگەوتی پێغەمبەر لە سعرت کە بروا وایە ئەوە
شوێنی کاتدارئیەی خێزانی پیرۆزی کلدانیە لە (سعرت)



**کاتدرائیەی ڕەبەن هرمزد کلدانی لە ماردین**



ناو کاتدرائیەی مار بیشونی کلدانی – دیاربەکر

# سەرچاوەكان


a. ابلحد ئەفرام- تاريخ الكلدان جزء اول دهوك 2004.

b. الاب اغناطيوس ديك- الشرق المسيحي، لبنان 1975.

c. الاب البيرابون، تاريخ الكنيسة السريانية الشرقية 3 اجزاء ط 3، دار المشرق بيروت 1992.

d. للمؤلف نفسه، ادب اللغة الارامية ط2، دار المشرق ببيروت 1996.

e. لمؤلف نفسه، ديارات العراق، بغداد 2006.

f. الفوئس جميل شوريز، الكنيسة الكلدانية في التاريخ ، الموصل 1930.

g. اوجين، الكاردينال تيسر ان، خلاصة تاريخية لكنيسة السريانية، تعريب القس (المطران) سليمان الصائغ، الموصل 1939.

h. الاب بطرس حداد، مختصر اخبار البيعية، بغداد- 2000.

i. المؤلف نفسه، مار يوسف الاول بطريريك الكلدان بغداد 2004.

j. المؤلف نفسه، رِسائل البطريريك مار يوسف اودو بغداد، 2005.

k. بهنام سليم حبابه، الاباء الدومنيكان في الموصل، اخبارهم وخدماتهم 1750- 2005 اربيل 2005.

l. الاب جان كمبي، دليل الى قراءة تاريخ الكنيسة، دار المشرق بيروت 1994.

m.الاب جان في ى، الاثار للمسيحية في الموصل ترجمة نجيب قاقو بغداد 2004.

n. الاب جان كوربون، كنيسة المشرق العربي ط2، بيروت 1996.

o. الاب جورج شحاتة، قنواتين المسيحية والحضارة العربية ط 2 بغداد 1984.

p. جون لوريمر، تاريخ الكنيسة 5 اجزاء دار الثقافة 1982.

q. د. عزت زكي، كنائس الشرق دار الثقافة القاهرة 1999.

r. السريان، نشأتهم، انتشارهم، تراثهم، مركز الدراسات والابحاث الرعوية بيروت 1995.

s. د. القس صموئيل حبيب، الادارة الكنيسة دار الثقافة 1988.

t. د. ليون ديربد رِوسيان– العلاقات الارامية– السريانية حلب، 1997.

u. محمد عبدالحميد حمد، دور السريان في العلوم العربية حلب، 2002.

v. المؤلف نفسه، اسهام السريان في الحضارة العربية حلب، 2002.

w. الاب منصور فان فوسيل المخلص ى، الكنيسة عبر التاريخ، بغداد 1997.

x. المؤلف نفسه، الرهبان، بغداد 2005.

y. المؤلف نفسه، النوافير بغداد، 2005.

z. مقدمات في طقوس الكنيسة، الكنائس الشرقية واوطانها، لراهب قبطي غير مذكور اسمه 4 اجزاء مكتبة المنار القاهرة، 1999.

aa. نقو لازيادة، المسيحية والعرب ط 2 دار قدموس للنشر دمشق، 2000.
bb. نورى يشوع مندو، نصيبين في تاريخ كنيسة المشرق قديماً و حديثاً القامشلي 2001.
cc. الاب (المطران) لويس ساكو، ابلؤنا السريان، بغداد 1998.
dd. المؤلف نفسه مقاولات عديدة في مجلات عربية و اجنبية.
ee. الاب يوسف حبى، مجامع كنيسة المشرق، الكسليك 1991.
ff. المؤلف نفسه، كنيسة المشرق الكلدانية الاثورية، الكسليك 2001.
gg. المؤلف نفسه، كنيسة المشرق بغداد، 1989.

# Bibliography:

ALBERT MICHELINE et. al., *Christianisme Orientaux. Introduction à l'étude des langues et des littératures*, Paris 1993.

ASSEMANI JOSEPHUS ALOISIUS, *De Catholicis seu Patriarchis Chaldeorum et Nestorianorum commentaries historico-chronologicus*. Roma 1775.

BAUM WILHELM, WINKLER DIETMAR W., *Die Apostolische Kirche des Ostens* (= Einführungen in das Orientalische Christentum 1) Klagenfurt 2000. engl. Trans.: *The Church of the East: A Concise History*. London-New York 2003.

BELLO STEPHANE, *La Congrégation de S. Hormisdas et l'Eglise Chaldéenne dans la première moitié du XIXe siècle*, Rome 1939

BLLO,STEPHANE, L'Eglise chaldeenne du VI- XII siecle,Alep 1977

BELTRAMI GIUSEPPE, *La Chiesa Caldea nel secolo dell'Union(* Orientalia Christiana vol. 29 n. 83). Roma 1933.

BROCK SEBASTIAN, *A Brief Outline of Syriac Literature* (= Moran Etho 9), Kottayam 1997.

BRIGHTMAN, M.A., Liturgies, Eastern and Western, Oxford 1967

COAKLEY J.F., *Mar Elia Aboona and the history of the East Syrian Patriarchate*, in: Oriens Christianus 85 (2001) 119-138.

COAKLEY J.F., *The Church of the East and the Church of England*. Oxford 1992.

COAKLEY J.F., *The Patriarchal List of the Church of the East*, in: Reinink Gerrit, Klugkist Alexander C. (eds.), *After Bardaisan. Studies on continuity and change in Syriac Christianity in honour of Professor Han J.W. Drijvers* (= Orientalia Lovaniensia Analecta 89) Leuven 1999, 65-83.

DAUVILLIER JEAN, *Les Provinces Chaldéennes 'de l'exterieur' au Moyen Age*, in: Melanges F. Cavallera, Toulouse 1948, 260-313.

FIEY JEAN-MAURICE, *Assyrie chrétienne*, 3 vols. Beirut 1965-68.

FIEY JEAN-MAURICE, *Pour un Oriens Christianus novus: répertoire des diocèses syriaques Orienteaux et Occidenteaux*, Beirut 1993.

GIAMIL SAMUEL, *Genuinae Relationes inter Sedem Apostolicam et Assyriorum Orientalium seu Chaldeorum Ecclesiam nunc majori ex parte primum editae historicisque adnotationibus illustrate*. Rome 1902.

GILLMAN IAN, Klimkeit Hans-Joachim, *Christians in Asia before 1500*, Ann Arbor 1999.

GUTAS DIMITRI, *Greek Thought, Arabic Cukture. The Graeco-Arabic Translation Movement in Baghdad and Early Abbasid Society*. London-New York 1998.

HABBI JOSEPH, *Signification de l'union chaldéenne de Mar Sulaqa avec Rome en 1553*, in: L'Orient Syrien 11 (1966) 99-132.199-230.

HABBI JOSEPH, *L'Unification de la hiérarchie chaldéenne dans la première moitié du XIXe siècle*, in: Parole de l'Orient 2 (1971) 121-143.305-327.

HAGE WOLFGANG, *Nestorianische Kirche*: Theologische Realenzyklopädie 24 (1994) 264-76.

HAGE WOLFGANG, *Syriac Christianity in the East* (= Moran Etho 1) Kottayam 1997.

JOSEPH JOHN, *The Modern Assyrians of the Middle East. Encounters with Western Christian Missions, Archeologists and colonial powers*. Leiden-Boston-Köln 2000.

KAWERAU PETER, *Die Nestorianischen Patriarchate in der neueren Zet*, in:Zeitschrift für Kirchengeschichte 67 (1955/56) 119-131.

KLEIN Wassilios, *Das Nestorianische Christentum an den Handelswegen durch Kyrgyzstan bis zum 14. Jh.* Turnhout 2000.

KLEIN Wassilios (ed.), Syrische Kirchenväter. Stuttgart 2004.

LAMPART ALBERT, *Ein Märtyrer der Union mit Rom. Joseph I., 1681-1696, Partriarch der Chaldäer*, Einsiedeln 1966.

LE COZ RAYMOND, *Histoire de l'Eglise d'Orient: Chrétiens d'Irak, d'Iran et de Turquie*, Paris 1995

LEMMENS LEONARDUS, *Natae criticae ad initia unionis Chaldeorum* (a. 1551-1629), in: Antonianum 1 (1926) 205-218.

MOFFETT SAMUEL H., *Christianity in Asia, vol. I: Beginnings to 1500*, New York 1998.

MOUSSES CYRIAQUE, *Les livres liturgiques de l'Eglise Chaldéenne*, Beirut 1955.

MURRE-VAN DEN BERG HELEEN, *The Patriarchs of the Church of the East from the fifteenth to Eighteenth Centuries*, in: Hugoye 2 (1999) N.2, http://syrcom.cua.edu/Hugoye/Vol2No2.

O'MAHONY ANTHONY, "The Chaldean Catholic Church: The Politics of Church-State Relations in Modern Iraq", in: *The Heythrop Journal* 45 (2004) 435-450.

PADALINO,Michele, La Chiesa Caldea, Torremaggiore 2004

RASSAM,SUHA, CHRISTIANITY IN IRAQ, GRACEWING, 2005

SAKO LOUIS, *Le rôle de la hiérarchie syriaque orientale dans les rapports diplomatiques entre la Perse et Byzance aux Ve-Vie siecles*, Paris 1986.

SAKO LOUIS, *Lettre Christologique du Patriarche Ishoyahb II de Gdala(628-64)*. Rome 1983

SINISCALO,PAOLO, LE ANTICHE CHIESE ORIENTALI: STORIA E LETTERATURQ, CONTRIBUITO DI MICHEL VAN ESBROECK,ROMA CITTA NUOVA,2005

SPULER BERTHOLD, *Die nestorianische Kirche* (= Handbuch der Orientalistik vol. 8/2), Leiden-Köln 1964.

TAMCKE MARTIN, *Der Katholikos-Patriarch Sabrisho (596-604) und das Mönchtum*. Frankfurt/Main 1988.

TFINKDJI J., *L'église Chaldéenne catholique autrefois et aujourd'hui*, in: Annuaire Pontifical Catholique 17 (1914) 449-525.

TISSERANT EUGENE, *L'Eglise nestorienne*, in: Dictionnaire de Théologie catholique XI,1 (1931) 158-323.

VAN GULIK W., *Die Konsistorialakten über die Begründung des uniert-chaldäischen Patriarchates von Mosul unter Papst Julius III.*, in: Oriens Christianus 4 (1904) 261-277.

DE VRIES WILHELM, *Elias XIV., letzter nestorianischer Patriarch von Alqosh?*, in: Orientalia Christiana Periodica 26 (1960) 141-148.

DE VRIES WILHELM, *Nel quarto centenario della Chiesa cattolica caldea*, in: Civiltà Cattolica 103 (952) 236-52.

DE VRIES WILHELM, *Rom und die Patriarchate des Ostens*. Freiburg-Münster 163, pp. 74-88 and 96-97.

WILMHURST DAVID, *The Ecclesiastical Organisation of the Church of the East 1318-1913* (CSCO 582, Subs. 104), Louvain 2000.

WINKLER DIETMAR W., *Ostsyrisches Christentum. Untersuchungen zu Christologie, Ekklesiologie und zu den ökumenischen Beyiehungen der Assyrischen Kirche des Ostens* (= Studien zur Orientalischen Kirchengeschichte 26), Münster 2003.

# سوپاس و پێزانین


- سوپاسی کاکە هاوژین صلیوە عیسی مامۆستای زانکۆی کۆیە دەکەم کە ئەرکی پێداچوونەوەو خاڵبەندی کتێبەکەو زمانەوانی خستە ئەستۆی خۆی.
- سوپاسی بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری سریانی بەڕێز دکتۆر سعدی صالح دەکەم کە هاوکارم بوو بۆ لە چاپدانی ئەم لکتێبە.

## ناوەڕۆک


| ز | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| | دەروازە | 9 |
| | پێشەکی | 13 |
| | دابەشکردنی کتێبەکە | 17 |
| 1. | ناونان | 19 |
| 2. | ماوەی دامەزراندنو بڵاوبوونەوەی تاوەکو هاتنی ئیسلام | 21 |
| | ئەو دەوڵەتانەی بڵاوبووەوە (بلدان الانتشار) | 33 |
| | حیرەو وڵاتانی عەرەبی | 33 |
| | هندستان | 34 |
| | چین | 36 |
| 3. | سەردەمی عەباسیو بزوتنەوەی پاچەڤەکردن (وەرگێڕان) | 41 |
| 4. | حوکمی مەغۆلیو پەیوەندی لەگەڵ رۆژئاوای مەسیحی | 47 |
| 5. | هێلی سولاقاو دامەزراندنی کەنیسەی کلدانی. | 51 |
| 6. | سێ زنجیرەی پەتریریکی (ثلاثة سلاسل بطريركية) | 57 |
| 7. | یوحەننا هرمزدو خەلافەتی بەتریریکی کلدانی | 61 |
| 8. | لە سەدەی هەژدەهەم تا ئەمڕۆ | 65 |
| 9. | مەڵبەندەکانی زانستیو باوکانو ئەدیبەکانی | 73 |

| | | |
|---|---|---|
| | کەنیسەی رۆژهەلات: | |
| | رەها | 73 |
| | نصێبین | 75 |
| | ناودارەکان (المشاهیر) | 76 |
| .10 | هێلی لاهوتیو روحانیەتی رۆژهەلاتی: | 77 |
| | خاسیەتەکانی | 79 |
| | مەریەمی پاکیزە (مریم العذراء) | 83 |
| | نهێنییەکان (الاسرار): | 85 |
| | ڕوحانیەتی ڕۆژهەلاتی | 87 |
| .11 | سالوەگەڕی سروتی (تەقس)ی لیترۆجیای ڕۆژهەلاتی | 91 |
| | ئاهەنگ گێران بە نهێنیەکان | 99 |
| .12 | دەزگاکانی ئێستا (المؤسسات الحالیة) | 101 |
| .13 | دوا ڕۆژو بەرهەڵستیکردن | 119 |
| | هاوپێچ 1 | 124 |
| | بەیانی هاوبەش لەنێوان کەنیسەی کاپولیکیو کەنیسەی ڕۆژهەلاتی ئاشوری. | 124 |
| | هاوپێچ 2 | 129 |
| | زنجیرەی بەتریرکەکانی کەنیسەی ڕۆژهەلات | 129 |
| | هاوپێچ 3 | 138 |
| | وێنەو دیکۆمێنتەکان | 138 |
| | سەرچاوەکان | 146 |

إصدارات المديرية العامة للثقافة والفنون السريانية

<u>سلسلة الثقافة السريانية</u>

قصاصون سريان في مسيرة القصة السريانية
هيثم بردي

2- الثقافة السريانية – متابعات نقدية ومقالات
د.سعدي المالح

3- ܫܠܡܐ ܠܡܘܬܒܐ ܕܐܠܗܘܬܟܘܢ
شعر: شاكر سيفو

4- مختصر تاريخ الكنيسة السريانية (بالكردية)
تأليف: المطران لويس ساكو
ترجمة: جميل عيسى

**بلاوكراوەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری وهونەری سریانی**

**<u>زنجیرەی رۆشنبیری سریانی</u>**

1. **چیرۆك نووسانی سریانی لە رێڕەوی چیرۆكی سریانی**

**هیپم بردی (عربی)**

2. **رۆشنبیری سریانی– بەداوداچوونی رەخنەیی وكۆمەڵە بابەت**

**د. سعدی المالح (عربی)**

3. **سلاو لە ئەستێرەی خوداكاختان/ شاكر سیفو (سریانی)**

4. **كورتەیەك لە مێژووی كەنیسەی سریانی**

**دانانی: مەتران لویس ساكو، وەرگێرانی: جمیل عیسی**



چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری - هەولێر